عەبدولواحید ساڵح تەها



# ونبوون

# ونبوون

نوسینی

عەبدولواحید ساڵح

٢٠١٢

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

ناوی کتێب: ونبوون

نووسەر: عەبدولواحید ساڵح تەها

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ: تەحسین تۆفیق

تیراژ: ٥٠٠

زنجیرە: ٥٧

چاپخانە: تەوار

چاپ: چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن: ١٣٠٧

پێشکەشە:

❀ بەگیانی پاکی هەموو شەهیدە ئەنفال کراوەکان و کەسوکاریان

❀ بەهەموو ونبووەکانی هێرشی ئەنفال و ونبووەکانی دونیا

❀ بەگیانی پاکی دایکم و باوکم

❀ بەگیانی پاکی دایکی منداڵەکانم (سهیلە یونس)

❀ بەخێزانەکەم (ناجیە ئیسماعیل)

❀ بەجگەر گۆشەکانم:

❀ کاردۆ و خێزانەکەی و تاڤگە گیانی کچیان

- دیارو خێزانەکەی

- کچی تاقانەم تابلۆ

## پەیڤێك بۆ «ونبوون»

بەلای منەوە رۆمانی ونبوون بەرهەمێکی بایەخدارە لەرۆمانی کوردیداو شاکارێکی ئەدەبی زۆر باشە لەرووی تێکستو میتۆدی نووسیندا، هەروەها هەڵبژاردنی کایەکانی تێکستەکە لەهەر شەش بەشەکەیداو بەستنەوەیان بەیەکەوە ئەندێشەی بەرزەفڕی تێدا بەکارهاتووە، وا لەخوێنەر دەکات هانی بدات بۆ بەردەوامبوونی لەخوێندنەوەی تاکۆتایی رۆمانەکە، هەروەها بەستنەوەی بەشێك لەو تراژیدیا ستەمکارەی لەپرۆسەی ئەنفالدا بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، کە نووسەر لەچاوی کامێرایەکی ونبوەوە تۆماری کردووە بە بەشەکانی تری رۆمانەکەوە، ئەمەیش دەستڕەنگینیو ژیریی‌و وریایی نووسەر دەردەخات لەوێنەگرتنداو هزری وردی بەکارهێناوە، هەروەك خۆی لەناو واقیعەکەدا ژیابێتو هەستی بەئازار و کەساسی ئەو خەڵکە داماوە کردبێت.

بەلای منەوە نووسەر زۆر سەرکەوتووە لەداهتێنانی ئەو نۆبەرەیە لەبواری ئەدەبی کوردیدا، هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازمو دەستخۆشی لێدەکەم.

د. ئەحمەد شەریف

پسپۆڕ لەبواری ئەدەبی رۆماندا

# ١

بەیانی زوو لەدەنگی سەموون فرۆشەکان راچڵەکیم، بۆئەوەی فریای کەوم، تاکێك لەنەعلەکەم لێ جێما، بەتاکێك نەعلەوە قەڵەمبازێکمدا بۆ بەردەرگا. منیش وەك کابرا بەهەموو هێزی خۆم بانگم ئەکرد«کاکەی سەموون»، ئەو لەبەر هاوار هاواری خۆی گوێی لەمن نەبوو، خۆی کرد بەکۆڵانەکەی ئەوبەردا.

گەڕامەوە ژوورەوە گوێیەکم لەبەردەرگا بەجێهێشت، سەموون فرۆشێکی دەنگ زل نەڕاندی بەو گوێیەما کە لەبەردەرگا جێم هێشتبوو، دیسانەوە بەهەڵەداوان رامکرد، باش بوو گەشتمە سەری.

- کاکەی سەموون: شەش سەموونم ئەدەیتێ؟

- بەڵێ فەرموو.

بەدەم پێدانی پارەی سەموونەکەوە بەهێواشی پێمووت: ئەرێ کاکە ناکرێت کەمێك بەهێواشی هاوار بکەیت؟ خۆ خەریك بوو کەڕم بکەیت، گەڕەکەکەشت بەخەبەر کردەوە.

- مامۆستا ئەگەر نەنەرێنم، ئەبێت خۆم هەمووی بخۆم.
- باشە کاکە، تۆش هەتا ماویت بنەرێنە.
هەروام پێووت ئەمجارە ئەوەندەی تر دەنگی دایە.
کە هاتمە ژوورەوە چایەکە لەسەر ئاگر ببوو بەخەنە، چایەکی ترم لێنایەوە.
جوڵە کەوتە ناوماڵەکەوە، منداڵ هەموو هەڵسان لەخەو، دەورم گیرا، ئەیانزانی بەتەمای سەفەرم بۆ بەغدا، مرخیان لەوە خۆش کردبوو لەگەڵما بێن، منیش بەوە خەڵەتانمن کە ئەمجارەنا جارێکی کە ئەوانیش دەبەم، بۆیە هێشتیان خۆم کۆبکەمەوە بچم بۆ نەقڵیات.
کە گەشتمە نەقڵیات، شۆفێرێك پاڵیدابوو بەماشێنەکەیەوە، هەر کە لێی نزیك بوومەوە، بەپەناگوێما هاواری کرد (بەغدا، یەك نەفەر) منیش رووم تێکردو پەنجەیەکم خستەسەر سنگم بەواتای ئەو نەفەرە منم.
سەرکەوتنم‌و دەرچوونی ماشێنەکە بەیەکەوە بوو، ئەتووت لەو رێگەیە رۆن رژاوە، میلی کیلۆمەتری ماشێنەکە لەسەر (سفر) وەستابوو، نەمدەزانی لەسەر چەند دەڕوات، گفەی دەهات منیش لەترسا کەوتمە شایەتمان هێنان‌و خوێندنی ئایەتەلکورسی.
لەدوای چەمچەماڵەوە دڵم گیرا، نەمدەویست ئەو رێگایە ببینم، گیانێکم بەوەبوو رۆژنامەیەکم کڕیبوو، خۆم بەخوێندنەوە خەریك کرد هەتا کەرکوك، وامدەزانی لەوێ ئاهێکم پیادێت، بەڵام لەوێ خراپتر بووم، چاوم لێکنا هەتا پێچاوپێچی شار تەواو بوو هەڵم نەبڕی.

کاتێك کەوتینە چۆڵایی، کەوتمەوە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، لەبەر خۆمەوە وتم: خۆزگە بەدەربەندیخاندا ئەڕۆشتین، ئەم ڕێگایە زۆر دڵتەنگ ئەکات.

گوێم لێبوو هەموویان وەك من بێزارییان دەردەبڕی، لەقسەکەی منەوە دەست کرا بەگێڕانەوەی ڕووداوو کارەساتو باسکردنی ڕەوشتو کولتووری ئەو ناوە، هەتا گەشتینە بەغدا مێژووییەکیان لەسەر ئەو شوێنە گێڕایەوە.

بەمەبەستی کارێکی یەك ڕۆژە هاتبووم بۆ بەغدا، بۆ عەسرەکەی گەشتمە ئوتێل، دوای حەسانەوە، بۆ بەسەربردنی کات بەپێ ڕۆشتم، کاتێك بەکەناری دیجلەدا ڕووەو خۆرئاوا هەنگاوم دەنا، کەوتمە بژاردنی هەنگاوەکانم...هەتا پەنجا...لەدوای پەنجاوە لەیەکەوە دەستم بەبژاردن دەکردەوە.

لەلای ئێمە خۆر بۆ چەند چرکەیەك لەسەر لوتکەی چیاکانی خۆرئاوا پشوویەك ئەدا ئینجا بەودیو چیاکەدا دائەبەزێتە خوارێو خۆیمان لێ ون ئەکات، کەچی لێرە بەو بیابانەدا ئەڕواو نیو چرکەش پشوو نادات، لەوە ئەچێ ئەم ناوەی زۆر بەدڵ نەبێ.

هێشتا لەکاتی ڕۆژئاوابووندا خۆرم نەدیبوو لەناو ئاودا، کاتێ بینیم لەدیجلەدا، وامئەزانی دوو خۆر هەیە، هەر شەپۆلێك خۆرێکی کەی بەدواوە بوو، ئەتووت پێڕێك کچی جوانن لەسەر شانۆ دەستیان گرتووەو سەما ئەکەن لەگەڵ نەغمەی تێکەڵاوی ئەو گۆرانیو ئاوازانەی لەگازینۆکانەوە ئەڕژانە ناو دیجلەوە. لەگەڵ هەموو دابەزینێکی خۆرا شەپۆلەکان زیاتر ئەبوون، بەلەمە بچکۆلانەکانی

دیجلە ئەکەوتنە جموجۆڵ، هەرهەموویان بەدوای جوانی خۆردا ئەگەڕان، بەڵام ئەو لەسەر کەس ناوەستێ، ئەڕوات هەموو بیابان ئەبڕێ، هەموو چیاو دەشتەکانی ئەپێوێ، خۆی لەهەموو دەریاو ئۆقیانووسەکان هەڵئەکێشێ.

تاریك داهات، بەلای راستدا وەرچەرخام، لەسەر مێزو کورسی گازینۆیەکی سەربەتاڵی لێواری دیجلە بۆی دانیشتم.

شوشەیەك بیبسیو پەرداخێکی گەورە لەبەردەمما قوت بوونەوە، ئەو ناوە جمەی ئەهات لەزەلامی ورگ زلو دەموچاوپان، هەرهەموویان بەیەکەوە بەدەنگی بەرز قسەیان ئەکرد، کەس لەکەس تێ نەئەگەشت، ئەوەندەی نەمابوو دەست بدەنە ئێخەی یەکترو بیقەومێنن.

لەنێوانی مێزەکاندا کابرایەکی لاوازی شرکەڵەم بەدی ئەکرد، لەم مێز ئەچوو بۆ ئەو مێز، لەهەر مێزێك بانگ بکرایە چۆکی دائەداو یەکە یەکە دەستی زەلامەکانی ئەخوێندەوە، هەریەکەی بڕێك پارەی ئەدایە، هەندێك لەو ورگ زلانە ئەکەوتنە گاڵتە پێکردنو جوێندانی، جاری واش هەبوو بۆی هەڵئەسان لێی بدەن.

لەمێزەکەی من نزیك بۆوە لێم هاتە پێش وتی: دەستت بۆ بگرمەوە؟ منیش هەرچەندە گاڵتەم بەدەست گرتنەوەو نوشتەو دوعا دێت، بەڵام تەنیا بۆ کات بەسەربردن وتم بادەستی منیش بگرێتەوە، پیاوەکانی دەوروپشتم بەدەنگە گڕەکەیانەوە، هاواریان ئەکرد، بادەستی تۆش بگرێتەوە ئەو هیچو پووچە.

بانگم کردو دەستی چەپم بۆ راگرت، دوای چەند چرکەیەك سەری هەڵبڕیو چاوە زەقو سوور هەڵگەڕاوەکانی بڕییە چاوم، نەختێك

کەوتە لێو کرۆشتن، بەپەشۆکاویەکی سەیرەوە کەوتە قسەکردنو پێیووتم:

★ تۆ ئەمرۆ هاتویت بۆ ئێرە، دووسبەی ئەگەڕێیتەوە
★ سبەینێ کارەکەت جێبەجێ دەبێت
★ برایەکت لەشەڕدا کوژراوە
★ ئاگات لەمنداڵەکانت بێ

دوای ئەو قسانە بەبۆڵەبۆڵ شتێکی وت لێی تێنەگەیشتم، بەدەستی خۆی لەپی دەستمی داخستەوە، وەك نامەیەکی نهێنی بخاتە دەستمەوە، هەستایە سەرپێ، دەستی گرتەوە بۆ پارەکەی، بەترسەوە سەیری ئەملا وئەولای خۆشی ئەکرد، لەوەئەچوو لەدەست دوژمنێکی هەڵهاتبێت، منیش نەمزانی چەندی بدەمێ، بۆیە چنگێك پارەم بۆ راگرت، ئەویش تەنیا بەشەکەی خۆی لێ هەڵگرتو تێی تەقاند، یەكو دوو لەچاوان ونبوو.

بۆ چەند چرکەیەك واقم وڕما وەك لەخەوێکی قووڵ خەبەرم بوبێتەوە چاوم رێشکەو پێشکەی ئەکرد، لەوە ئەچوو ئەو کابرایە بەسیحر منی نواندبێو لەناکاو خەبەری کردبێتمەوە.

لەناو چاوی ئەو پیاوەدا چیرۆکێکی ئاڵۆز خۆی حەشار دابوو، لەوە ئەچوو پاشماوەی کارەساتێکی گەورە بێت، ئێستا بۆتە گاڵتەجاڕی سەر زلەکان، هەرکەسێك چاوی پێی بکەوتایە وای بۆ ئەچوو ئەم پیاوە لەتاو بژێوی ژیان بۆ خۆیو کۆمەڵێك منداڵی بچکۆلەو ژنێکی داماو کەوتۆتە ئەم ناوە، بۆئەوەی پارەی خۆراکی رۆژێك بەرێتەوە بۆ خێزانەکەی، وادیار بوو بەرۆژ خۆی بشارێتەوە، شەوان دەربکەوێ.

ئەو چوار خاڵەی پێیوتم جێی سەرنجو تێرامان بوون، لەڕاست ئەچوون دەنا ئەو چوزانێ من ئەمرۆ هاتووم بۆ بەغداو بۆ کارێك سبەینێ جێبەجێ دەبێت؟ ئەو لەکوێوە زانی برایەکم کوژراوە؟ ئەی بۆ وتی ئاگات لەمنداڵەکانت بێ؟ تۆ بڵێی شتێکیان لێ روونەدا بێ، باشە ئەو چۆن زانی من منداڵم هەیە؟ ئەم شتانە منیان خستە گومانەوە بۆ بڕوابوون بەدەستگرتنەوەو قاوەگرتنەوەو ئەوانی تر، جاران گاڵتەم لەو شتانە ئەهات کەچی ئێستا خەریکە تەسلیمیان ئەبم.

شاگردی گازینۆکەم بانگ کردو پارەکەم دایەو کەوتمە گەڕان بەدوای (فاڵچیدا) زۆربەی خەڵك چینێك خەویان کردبوو من بەسەر جادەکانەوە بووم هەتا بەتەواوی شەکەت بووم هەر بۆم نەدۆزرایەوە ناچار بەرەو ئوتێلەکەم گەڕامەوە.

ناو جێگاکەشم لێ بووبوو بەدڕك هەر گینگڵم ئەدا وەك کەباب لەسەر ئاگر ئەمدیو ئەودیوم ئەکرد، هەزارو یەك دەورم بۆ دانابوو، هەردەمەی ناوێکم لێ ئەنا، دەمێك فاڵچی، دەمێك نەگبەت، دەمێکی تر بەساختەچی، نازانم چۆن چاوم چووە خەو بەیانی چووم بەپیر کارەکەمەوە.

بڕیارمدا ئەو رۆژەش بمێنمەوە ئێوارەکەی بچمەوە بۆ هەمان شوێن، بەڵکو ئەو فاڵچیە بدۆزمەوە چەند پرسیارێکی لێ بکەم، کە بۆتە مەراقێکی گەورە لەسەر دڵم، هەر ئێوارە زوو چوومەوە سەر هەمان کورسیو مێز داوای قاوەیەکم کرد، ئەمجارەیان خۆر چەقی بەستبوو هەر ئاوا نەئەبوو، ئەمڕۆ لەڕۆژەکانی تر درێژتر

بوو، هەر شەو نەئەهاتو کاتی دەستگرتنەوەکەی کابرا بێت، وردە وردە سەرمێزەکان پڕبوونەوەو دەنگەدەنگی دەنگ زلەکان دەستی پێکرد، هەرهەموویان خەریکی تاوڵەو دۆمینەو یاریەکانی ناو چایخانە بوون، کردبوویان بەدەنگە دەنگ، کەس قسەی کەسی وەرنەئەگرت، نازانم چۆن ئەو چا گەرمەیان بەقومێك قووت ئەدا، هەریەکەیان نزیکەی هەشت چای ئەخواردەوە، منیش بەقاوەیەکەوە خۆم خەریك کردبوو، هەرباش بوو دەریان نەکردم مێزو کورسیەکم داگیر کردبوو بۆ قاوەیەك، هەر سەیری ئەملاو ئەولام ئەکرد ئەتوت بۆ کەفیل ئەگەڕێم.

شاگردەکان کەوتنە پێچانەوەی کورسیەکانو پاککردنەوەی شوێنی پیس خۆرەکان، لەهەموو گازینۆکانی دەورو پشتیش تەقو تۆقی کورسی دەستی پێکرد، منیش ناچاربووم هەستمو ئەو ناوە بەجێبهێڵم، پێش ئەوەی بڕۆم لەشاگردەکانم پرسی: ئەرێ دوێنێ شەو کابرایەکی فاڵچی لەم ناوە بوو نەتان دیوە؟ وتیان: دەستی تۆشی نەبریبێ؟ وتم نەخێر تەنها ئەمەوێت دەستم بۆ بگرێتەوە.

وتیان دوێنی شەو لەو گازینۆیانەی خوارەوە پۆلیس راویناوە بیانگرتایە ئەیان برد بۆ بەندیخانە چونکە دەستی خەڵك ئەبڕێت.

منیش ساردبوومەوە لەگەڕان بەدوای کابرایەکی لەوجۆرە، لەبەرئەوە بۆ بەیانی گەڕامەوە بۆ لای ماڵو منداڵی خۆم.

هەر کاتێك رێم بکەوتایە بەغدا وەك بابەتێکی لاوەکی سەرێکم لەو شوێنە ئەداو بەکەناری دیجلەدا تا دواهەمین گازینۆی ئەو ناوە

ئەڕۆیشتمو ئەگەڕامەوە.

لەپاش نزیکەی دووساڵ و نیو دوای دەستگرتنەوەکە ڕێم کەوتەوە شاری بەغدا، عەسرێك لەسەر یەکێك لەشەقامەکانی پیاسەم ئەکرد لەبەر دەمی ریزێك بۆیاخچی پێڵاودا راوەستامو قاچی چەپم خستە سەر یەکێك لەسندوقی بۆیاخچیەکان بەمەبەستی بۆیاخکردنی پێڵاوەکەم، لەکاتی بۆیاخکردندا بۆیاخچیەکە لەپی دەستی کێشا بەپشتی پێما ویستم پێی راستم بخەمە جێی پێی چەپم بۆیاخچیەکە سەری هەڵبڕیو چاوی بڕیە چاوم بەعەرەبی پێی وتم: (بۆچی ئەگەڕێبت بەدواما)؟ هەر کە سەیری چاوە زەقو سوورباوەکەیم کرد ناسیمەوە، بەڵام هیچم بۆ نەوتراو لەبەردەمیدا گیانم سڕبوو، بەپەلە پارەکەم فرێدایە کۆشیەوەو خێرا ئەو ناوەم بەجێهێشت، دوای نزیکەی چل مەتر دوور کەوتنەوە ئاوڕێکم لەبۆیاخچیەکان دایەوە روانیم شوێنی ئەو کابرایە بۆشە، کەسێك جێگاکەی پڕ نەکردۆتەوە وردە وردە گەڕامەوە دواوە بۆئەوەی دڵنیابم لەوەی رۆشتووە یان جێگۆڕکێی کردووە، دوورو نزیك سەیر ئەکەم نە خۆیو نە سندوقەکەی هیچ کامیان لەوێ نەماون، لەیەکێك لەهاوڕێکانیم پرسی کوا هاوڕێکەتان؟ زۆر بەئاسای وتی رۆشتەوە.

ئەم دیمەنە سەیرە جارێکی تر منی خستەوە ناو ئەندێشەی بیرکردنەوە لەم کابرایەو نهێنیەکانی، لەبەر ئەوە ئێوارە چووم بۆ سەر کەناری دیجلە بەهیوای ئەوەی لەو ناوە بیبینم، دوای ماندووبونێکی زۆر لەگازینۆیەك دانیشتم بەقاوەیەکەوە خۆم خلافاند، دوای لێبوونەوە لەقاوەکە فنجانەکەم سەرونوخون کردەوە،

وە چەند دوعایەکم بەسەردا خوێند (وەك قاوەگرەوەکان) کەوتمە خوێندنەوەی فنجانەکە، هەرچەندە هیچم لێ نەئەزانی، بەڵام هەندێك وێنەم لەفنجانەکەدا بەدی ئەکرد، نەك من هەر کەسێکی تر سەیری بکردایە قسەیەکی تێدا هەڵئەکران، لەفنجانەکەدا دوو زەلام بەدی ئەکرا بەرامبەر یەك وەستابوون، یەکێکیان لەوی تریان گەورەتر بوو، گەورەکەیان دەستی دوعاو پاڕانەوەی هەڵبڕیبوو بەرەو ئاسمانی فنجانەکە، ئەویتریان سەری دانەواندبووە کۆشیەوە.
هەر کە شاگرد گازینۆکە هات بۆ کۆکردنەوەی فنجان‌و پیاڵەی سەرمێزەکان، منیش خێرا فنجانەکەم خستەسەر ژێرەکەی، شاگردەکە سەیرێکی کردم‌و زەردەخەنەیەك کەوتە سەرلێوی، نەخێتێك بۆم نووشتایەوە، بەهێواشی پێیووتم: قاوە گرەوەیت؟
وتم نەخێر، بەڵام ویستم بەختی خۆم تاقیبکەمەوە.
سەیرێکی ئەملاو ئەولای کردو وتی: ماوەیەك لەمەوبەر کابرایەکی دەستگرەوە دەستی خەڵکی ئەگرتەوە، هەرچیەك لەدڵتا بوایە پێی ئەوتیت بەڵام وابزانم گیراوە یان ڕۆشتووە، چونکە دەمێکە نایبینم، لەقسەی ئەو شاگردەوە زانیم گەڕان بەدوایدا بێ سوودە، بۆیە وازم لەمەسەلەکە هێناو بەڕووداوێکی ئاسایم لەقەڵەمداو لەمێشکی خۆمم دەرکرد.

لەبەهاری ئەوساڵەدا، پاش سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دەستگرتنەوەکەی ناو گازینۆکە، لەکاتی تێپەڕبوونم بە بەردەمی چێشتخانەیەکی بەردەرکی سەرادا لەکاتژمێر یەکی نیوەڕۆ سێ کەس

لەو چێشتخانەیە ئەهاتنە دەرەوە، یەکێکیان لەکابرا فالچیەکەی بەغدا ئەچوو.
کاتێك لێیان نزیك بوومەوە بەمەبەستی دلنیابوونم لەناسینەوەی ئەو کەسە، زانیم خۆیەتی، چونکە گوێم لێیان بوو بەعەرەبی قسەیان ئەکرد، منیش مەبەستمە ئەو کابرایە ببینم بۆیە چوومە بەردەمیان مەرحەبایەکم لێکردن، یەکێکیان بەکوردی وەلامی دامەوەو وتی: سەرچاو، دوانەکەی تر بەعەرەبی وتیان هەلە عێنی.
هەر کە چاوە زەقەکانی کابرام بینی یەکسەر وتم خۆیەتی، کورە کوردەکە وتی: فەرموو گیانە، ئەمرکە، منیش سوپاسم کردو پێمووت: ئەوەی راستی بێت من ئەو برادەرەیان ئەناسم، لەبەغدا چاوم پێی کەوتووە، ئەمەوێت قسەی لەگەل بکەم، یەکسەر وتی: فەرموو قوربان.
کەوتمە قسەکردن لەگەل کابرای فالچیو پێمووت: من تۆ ئەناسم.
ئەویش ئەیووت: زۆر کەس من ئەناسێت، بەلام من هەموو کەسەکان ناناسمەوە، لەبەر ئەوە داوای لێبووردن ئەکەم، پێمووت حەز ئەکەم میوانی من بنو هەرچیەکتان ویست یارمەتیتان بدەم، برادەرە کوردەکە بەپێکەنینەوە، بۆئەوەی ئەوانیش تێبگەن بەعەرەبی وتی: حەیدەر خوا ناردی، ئەم پیاوە لەوە ئەچێت ئەو کەسایەتیە بێت کە ئەتویست بیبینیت، ئینجا رووی کردە منو وتی: مامۆستا ئەمە دوو سێ رۆژە ئەلێت: خۆزگە کەسێکی وام دەست دەکەوت لەنزیکەوە قسەی بۆ بکەم پێش ئەوەی سەفەر بکەم، لەبەر ئەوە ئێمە لەو ئوتێلەی بەرامبەرمان دابەزیوین، فەرموون بابڕۆین لەوێ بەئازادی

قسەی خۆتان بکەن، منیش پێمووتن: ئێستا نەختێك ئیشم هەیە، ئێوە کەی لەوێ ئەبن من بێم بۆ لاتان؟
رێککەوتین لەسەر کاتژمێر سێی ئەو عەسرەو خوا حافیزیمان لەیەك کرد: لەدوورەوە خۆم خلافان بۆئەوەی دڵنیابم ئایا ئەچنە ئەو ئوتێلە؟ قسەی برادەرەکە راستبوو خۆیانکرد بەئوتێلەکەدا.
لەکاتی دیاریکراودا گەشتمە ئوتێلەکەو ناردیانم بۆ ژووری ژمارە حەوت، کاتێك چوومە ژوورەوە، هەرسێکیان لەوێ بوون، بەخێرهاتنیان کردمو لەسەر یەکێك لەقەرەوێڵەکان دانیشتم. دوای چۆنیو چاکی، خۆمان بەیەکتر ناساند، زانیم کوردەکە ناوی (هەڵۆیە)، برادەرە عەرەبەکە ناوی (حەسەن)ەو فاڵچیەکەش ناوی (حەیدەر)ە، لەهەڵۆم پرسی بەچیەوە سەرقاڵیتو پیشەت چییە؟ لەوەڵامدا وتی: پیشەم نییە، دەرچووی پێنجی سانەویم بەشی زانست، چەندجارێك داواکاریم داوە بۆ دامەزراندن، بەلام هێشتا وەلامیان نەداومەتەوە، لەوانەیە هەر وەلامیشم نەدەنەوە، منیش لەبەر بژێوی ژیان ناچارم هەوڵبدەم خۆم بژیەنم بۆیە دەستم داوەتە کاری بازرگانی، ناردنە دەرەوەی خەڵك بۆ هەندەران، خوایاربێت سبەی دووسبەی ئەم دووانە ئەودیو ئەکەم.
نەختێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی: دوو سێ نەفەرم ماوە، وانەبووایە ئەمرۆ ئەرۆشتین، مامۆستا ئەم کارەی من ئەیکەم زۆر قورسە، بەهەموو کەس ناکرێ، بروا بکە ئێمە سێ چوار کەسین نان لەسەر ئەمە ئەخۆین، ئەگەر وەجبەیەك بگات، هەریەك لەئێمە نزیکەی بیست گەلای بۆ ئەمێنێتەوە، ئەگەر نەگات بەدەستی

بەتاڵ ئەمێنینەوە هەتا وەجبەیەکی داهاتوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارێکی خراپ نییەو لەبێ ئیشی باشترە، بەپێکەنینەوە وتی:
ماموستا بۆ نایەیت لەگەڵ ئەم دووانەدا ئەودیوت کەم، چیت داوە لەم شارە نەگریسە؟

- هەڵۆ گیان، من هەر خۆم نیم، سێ چوارێکم بەدواوەیە، پارەی ئەو هەمووەم لەکوێ بوو خۆ ئێوەش بەقیست ئیش ناکەن، ئەگەر ژن‌و منداڵم نەئەبوو.. یەك‌و دووم لێ نەئەکرد.

دوای ئەم قسانە هەڵۆ داوای روخسەتی لەمن کرد برۆن بەلای ئیش‌و کاریانەوە. ئەوان رۆشتن‌و من‌و حەیدەر ماینەوە، داوام لێکرد بچینە دەرەوە لەشوێنێکی کراوە دابنیشین، بەڵام ئەو ناو ژوورەکەی لەلاپەسەند بوو. هەندێك پرسیاری ئاسایم لێکرد لەبارەی ئیشوکارو گوزەرانی.

کاتێك دەستیکرد بەقسەکردن، لەوە ئەچوو کۆمەڵێك ژانی ئاڵۆز سەری قورس کردبێ، یان خەمێکی دڵتەزێنی لەدەروونندا قەتیس بووبێ‌و بیەوێ بۆ منی هەڵرێژێت، نەیئەزانی لەچ سوچێکی باسەکەوە خۆی بکات بەناو ئەو نهێنییەی ئەیویست بۆ منی بکات بەچیرۆکێك.

نەختێك سەری بۆ دانەواند، دووکەڵی جگەرە لەکونە لووتیەوە وەك لوولە سۆپا دەرئەچوو، بەگوێچکەیا ئەگەڕایەوە ناومێشکی، سەری هەڵبڕی‌و چاوە زەقەکانی تێبڕیم‌و لێی پرسیم:

- تۆ چۆن من ئەناسیت؟

- لەو شەوەوە کە لەگازینۆکەی سەر دیجلە دەستت بۆ گرتمەوە،

دوای ساڵێکیش تاکێك لەپێڵاوەکانت بۆ بۆیاخ کردمو پێتووتم (بۆ ئەگەڕێیت بەدواما)، ئێستا بێئەوەی بەدواتا بگەڕێم هاتوویتە بەردەستم، ئەمەوێ لێت تێبگەم، جادوگەری؟ شێخیت؟ فاڵچیت؟ دەمێکی بۆ پانکردمەوە، وتی بەئەرك نەبێ ناوەکەتم بیرچۆوە؟

- یەکسەر وتم: مامۆستا کاوە.

- مامۆستا، راستە دەموچاوم هەموو شتێکی تیا دەخوێندرێتەوە، لەهەموو شتێك ئەچم لەبەشەر نەبێ، ئەوەش یەکێکە لەبەدبەختی خۆم، ئەوەیان بەدەست خوایە، ئێستا منیش شێوەی تۆم هاتەوە بەرچاو، بەڵام هیچ شتێکم بیرناکەوێتەوە پێمووتبیت، چونکە وەك جاران نەماوم. من لەوەتەی هاتووم بۆ سلێمانی داوا لەهەڵۆ ئەکەم بەکەسێکم بناسێنێ تا بتوانم وەسێتێکی بۆ بکەم ئینجا سەفەر بکەم، بەڵام ئەو لەبەر سەرقاڵی خۆی نایپەرژێتە سەر من، نامەوێ لای ئەو قسەی دڵم هەڵبڕژم، ئەو چوزانێ من چیم لەدڵدایە، هەر لەبەرئەوەیە فەرامۆشی کردوومو قسەکەم بەبێ بایەخ وەرئەگرێ، دیارە تۆ ئەو کەسەیت کە من ئەتوانم پشتی پێ ببەستمو ناخی خۆمی بۆ بکەمەوە. ئەو شتانەی تۆ پێشبینی ئەکەیت من هیچیان نیم، راستە جاران دەست گرەوە بووم، بەڵام ئێستا مرۆڤێکی ئاسایم وەك هەموو کەسێکی تر، ئەم بەیەکگەشتنو دانیشتنەی منو تۆ بەدەست خۆمان نەبووە، ئەمە خوای گەورە رێکی خستووە، خوای گەورە دوعاکەی منی قبوڵکردووە کە بتوانم ئەو ئەمانەتەی لەناخما پەنگی خواردۆتەوە بیدەمە دەست کەسێکی وەك جەنابت، نەوەك من نەگەمە شوێنی خۆم یان لەگەڵ خۆما بیخەمە ژێر گڵەوە.

شاگردی ئوتێلەکە دۆلکەیەك ئاوی ساردو دوو پەرداخی هێنایە ژوورەوە، ئەمیش دەمی خۆی تەڕ کردو هەردووکمان لەسەر قەرەوێڵەکان دابەزینە خوارەوە، لەسەر کومباری ژوورەکە بەچوارمەشقی دانیشتین، سەرو جگەرەمان پێکردو وتی: حەق وایە خەڵکی ئەم وڵاتە جیابکرێنەوە، خەڵکە باشەکەی بگوێزرێنەوە بۆ دورگەیەك لەدورگەکانی بەهەشت، خراپەکەشی بخرێتە ناو دەریای مردووەوە (بحر الميت).

هەرچەندە من هیچ لەمێژوو نازانم، بەڵام هەموو کەسێك ئەتوانێت سەرو پۆتەڵاکمان بخوێنێتەوە، بزانێت رابردوومان چۆن بووە، داهاتووشمان چۆن ئەبێ، هەموو نەگبەتیەك کە بەسەر میللەتێکدا دێت لەئەنجامی شەڕی نێوان دوو وڵاتدا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاوچنۆکیو خۆ بەزل زانینی سەرکردەکان، ئەوان خەمی کەسیان نییە، گرنگ سەروماڵی خۆیانە. تۆ بڕوانە جەنگی نێوان عێراقو ئێران چ ئەنجامێکی خراپی هەبوو بۆ میللەتی هەردوو لا.

ئێمە پاشماوەی ئەو جەنگە بێ مانایەین، بۆیە وامان لێ بەسەر هاتووە.

مامۆستای بەڕێز لەگێڕانەوەی چیرۆکەکەمدا زۆر لەو راستیانەت بۆ دەرئەکەوێ کە سیاسەتی چەوتی ئەم وڵاتە چی لەخەڵکەکەی کردووە، با لەخۆمەوە دەست پێ بکەم.

بەچاوە زەقەکانی سەیرێکی کردم ولێی پرسیم گوایە ئەتوانم گوێ لەقسەکانی بگرم، منیش سەری خۆمم بۆ لەقاندو پێمووت: هیچ کارێکم نییە لەبەرئەوە بەئارەزووی خۆت قسە بکە.

دەستیکرد بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی:
- ماوەی چوار ساڵ تووشی گرفتێکی دەروونی سەیربووم، لەنەخۆشی ئەچوو، بەڵام هیچیشم نەبوو، ناچار رۆژێك سەردانی پزیشکم کرد تابزانم بۆ ئەوەندە نائارامم، بۆچی مێشکم جەنجاڵیەکی سەیری تیایە، نەمئەزانی چی بەپزیشکەکە بڵێم. لەسەرەی خۆما چوومە ژوورەوە، لێی پرسیم: چیتە؟ پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، سەیری چاویم کرد، یەکسەر چاویم خوێندەوە، وتم جەنابی پزیشك هەر ئێستا ئەبێ ژنەکەت بەریت بۆ نەخۆشخانە، لەسەر منداڵ بوونە!!
هەر کە ئەو قسەیەم پێووت، زەردەخەنەیەك لەروخساریا بەدیکرا، بەسەرسامیەوە وتی: ئەوە ئەڵێی چی؟ تۆ نەخۆشیت یان فاڵچی؟ وتم هیچیان.
لەوکاتەدا زەنگی تەلەفوونەکەی دووجار لێیدا، سکرتێرەکەی درزێکی کردە دەرگاکەوە وتی: ماڵەوەتان لەسەر خەتە، دکتۆرەکەش بەدەستێکی تەلەفونەکەی نابەگوێیەوە، بەدەستەکەی تری جەرەسێکی بۆ سکرتێرەکە لێدا، ئەمجارەش درزێك کەوتە دەرگای ژوورەکەو لووتی سکرتێرەکە دەرکەوت، دەمی دکتۆرەکە بوو بەدوو بەشەوە، بەلای چەپدا بەتەلەفون ئەیوت (ئەوە هاتم)، بەلای راستدا بەسکرتێرەکەی ئەوت (نەخۆشەکان ئیزن بدەو عیادەکە دابخە).
خەرکبوو بە صدریەکەیەوە بڕوات، باش بوو بیری کەوتەوە لەبەردەمی دەرگاکەدا خەریکی داکەندنی صدریەکەی بوو بەچاوێکیش مۆرەی لەمن ئەکرد، لەوە ئەچوو پێم بڵێ (بۆم راوەستە بابێمەوە بزانە چیت لێ ئەکەم)، صدریەکەی توورڕدایە سەر

مێزەکەی‌و رایکرد. سکرتێرەکەش داوای لێبووردنی لەنەخۆشەکان کرد، وتی: لەبەرئەوەی خێزانی دکتۆر لەسەر منداڵبوونە بۆیە ناتوانێ نەخۆش ببینێت.

لەو رۆژەوە بۆم دەرکەوت، من نەخۆش نیم، بەڵکو (فاڵچیم)، هەرچەندە کەوتمە ناو گازینۆو شوێنە گشتیەکانەوە، بەبیانووی دەستگرتنەوە، بەڵام لەراستیدا چاوم ئەخوێندەوە نەك دەست، لەو کارە پارەیەکی چاکم دەست ئەکەوت، بەڵام ئەگەر ئەتزانی لەچ گرفتێکی دەروونی‌و نائارامی رۆحییدا ئەژیام بەزەییت بەحاڵما دەهاتەوە، چاوی زۆر کەسم بۆ ئەخوێندرایەوە، جگە لەچاوی کوێرو منداڵ‌و پیاوی پیرو ژنی سکپڕ، هەروەها چاوی خۆمم بۆ نەئەخوێندرایەوە، چاوی هەر کەسێکم ئەخوێندەوە، یەکسەر پێم ئەوت، بەڵام دواجار بیرم نەئەما چیم بەخاوەنەکەی وتووە، نەشم ئەتوانی ئەوەی پێموتووە دووبارەی بکەمەوە، لەبەرئەوە وەڵامی هیچ پرسیارێکم نەئەدایەوە، حەزیشم نەئەکرد ئەو کەسە ببینمەوە کە چاویم بۆ خوێندۆتەوە، چونکە ئازاری رۆحی ئەدام.

خوێندنەوەی چاو هەر وائاسان نییە، ئەبێ بەهۆی چاوەوە بچومایە ناو مێشکی ئەوکەسەوە، بەمەرجێك دەستیشم لەناو دەستیا بوایە، هەتا دەستیم دانەختسایە نەمئەتوانی لەناو مێشکی بێمە دەرەوە، بۆیە هەموو چاو خوێندنەوەیەك دەماغی منی ئازار ئەدا.

مامۆستا کاوە، تۆ لەمن زیاتر لەمێشکی مرۆڤ شارەزایت، بەڵام لەبەرئەوەی لەسندوقێکی داخراودایەو بەچاو نابینرێت بۆیە کەس نازانێت ناوەخنەکەی چی تیادایە.

لەهەموو قسەیەکیدا من ئەبوایە سەرێکم بۆ بلەقانایە.
بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی، چاوێکی بۆ زەفکردەوە، وتی:
- بەڵام ئەوکاتە من ئەمزانی مێشکی خەڵك چی تیادایە، بەهۆی چاوی هەندێ کەسەوە ئەچوومە ناو مێشکیەوە، ئەمزانی خاوەنەکەی چی لەمێشکیایەو بیر لەچی ئەکاتەوە، بەڵام جاری واش هەبوو لێم تێك ئەچوو بەهەڵەدا ئەچووم، زۆربەی جار سەیری چاوی هەر کەسێکم بکردایە ئەمزانی چەند ئاقڵە یان بێ ئەقڵە، چونکە مێشکی هەندێ کەس کارەبای تیادا نییە یان لەسویچەوە کوژاوەتەوە، لەبەرئەوە مێشکی ئەوجۆرە کەسانە نەك من خۆشی بۆی ناخوێنرێتەوە.
هەندێ کەسیش مێشکیان پڕ بوو لەنهێنی، ئەوکەسانە بیانزانیایە من ئەتوانم مێشکیان بخوێنمەوە، خۆیان نەئەدایە دەستم نەك ئاشکرابن تووشی کێشە ببن، لەسەرێکەوە حەزم نەئەکرد خەڵك بزانێت توانای زانیاریم چەندە بۆیە زۆرجار خەڵك بڕوایان پێ نەئەکردم، جاری واهەبوو مێشکی کەسێکم لەبەرچاو بوو ئەمزانی چی تیایە، بەڵام راستیەکەیم پێ نەئەوت، چونکە راستیم پێ بوتایە بەلەقەوە ئەهاتە سەر ورگم یان هەرهیچی نەکردایە جوێنێکی پێ ئەدام و ئەیووت ئەمەیە دەستگرتنەوەکەت؟ چونکە ئەو کەسە خۆی بەوەتەنی ئەزانی، خەڵکەکەش هەر وایان لەقەڵەم دابوو، کەچی بەگوێرەی مێشکی فڕی بەسەر وەتەنیەتەوە نەبوو، حەقیقەتی ئەو کەسە تەنیا لای من بوو.
خۆم خستە ناو باسەکەیەوە وتم:
کاکە حەیدەر ئەو شتانەی تۆ باسی ئەکەیت من بەڕاستیان نازانم،

چونکە ئەگەر کەسێك نیشتمان پەروەر نەبێت هەر بۆ ماوەیەك ئەتوانێ خۆی وادەربخات کە وەتەنیە، هەر رۆژێك ئەبێ دەستی کەشف بێت، ئەی ئەوکاتە چی بەخۆی‌و خەڵکیش ئەڵێت؟

ئەویش بەپێکەنینەوە ئەیووت: ئەی ئەوە نییە بەم رۆژگارە ئەو کەسانە کەشف ئەبن‌و لەپڕ یەکێکی تر قوت ئەبێتەوە.

هەردووکمان بێدەنگیمان لێ کرد، چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نییەو ناتوانین لەو مەیدانەدا بمێنینەوە، لەبەر ئەوە چووینەوە سەر باسەکەی خۆمان، حەیدەریش زۆر مەبەستی نەبوو درێژەی پێبدا لەبەر ئەوە لەو خەتە لاماندراو کەوتەوە قسەکردن وتی: مامۆستا خەمێکی گەورە سواری ملم بووە، کەسێکم دەست نەئەکەوت سکاڵای خۆمی پێ بڵێم‌و ئەو چیرۆکە پڕ لەگریانەی بۆ بخوێنمەوە ناچار هەموو شەوێك ئەمکرد بەلای لایە، خۆمم پێوە رائەژەند، ئەمکرد بەگۆرانی، بەمۆسیقا، بۆ منداڵێکی ئەم وڵاتەم ئەخوێندەوە. بەشەو هەتا رۆژ ئەبۆوە تلم ئەدا ئازاری رۆحمی ئەدا، کەسێك نەبوو لێم بپرسێ بڵێت حەیدەر بەدەست چیەوە ئەناڵێنی؟

- مامۆستا داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، لەوانەیە ئازاری رۆحی تۆش بدەم بەڵام چی بکەم ناچارم، من بەپەلەم، لەسەر سەفەرم، بۆیە پەنام هێناوەتە بەر تۆ، تۆش وەك مرۆڤێکی بەویژدان دەستم بگرەو لەم دنیا جەنجاڵە دەرم بێنە.

جگەرەیەکی بۆ داگیرسان‌و بەیەك نەفەس ئاگرەکەی گەشتە ناوقەدی جگەرەکە، دووکەڵ فیشکەی کردە دەرێ ئەتوت دووکەڵی ڤیتارێکی سووتاوەو خەڵکەکەی ناوی بوون بەقەرە برووت.

سەری نایە ناو کۆشیەوە متقی لەخۆی بڕی، لەوە ئەچوو بیەوێ خۆی بخنکێنێ منیش لەماوەی بێدەنگی ئەودا بەدوای دووکەڵی جگەرەکەیدا فڕیمو لەپەنجەرەکەوە چوومە دەرەوە، ئەگەڕام بەدوای ناونیشانێکی جواندا چیرۆکەکەی حەیدەری پێ ناوبنێم، بەو پەلە پەلە هیچ ناوێکم بۆ نەدۆزرایەوە.

دەستێکی خستە سەر شانمو هەردوو چاوی سوورهەڵگەڕا، فرمێسکەکانی هێندە خەستبوون لەناو چاویدا وەك کەتیرە قەتیس مابوو، بەدەم گریانێکی قووڵەوە کە نەیدەویست بیدرکێنێ ئەیووت مامۆستا گیان، ئەگەر پەلەم نەبووایە بۆ رۆشتن هەر رۆژەی نەختێکم بۆ ئەگێڕایتەوە.

ئینجا خۆی کۆکردەوە وەك تازە دەست بکات بەقسەکردن بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکەی، لەناکاو هەڵسایە سەر چۆك وەك ئەوکاتەی لەگازینۆکە دەستی بۆ گرتمەوە چاوە زەقە سوورەکانی بڕییە ناو چاوانم وەك چۆن تۆمەتبارێك بەرامبەر شکاتکەرەکەی لەبەردەمی دادگادا بیەوێ تۆمەتەکە لەخۆی دابماڵا وتی: خەونەکانم پڕن لەو رووداوانەی بە بەردەمما تێپەڕئەبوون، خەونەکانم پڕن لەکوشتنو ئازارو ئەشکەنجەدانی مرۆڤی بێدەسەلات، زیندە بەچاڵکردنی ژنو منداڵی رۆح سووك، لەو خەونەمدا منیش خەریکی ناشتنی مردووەکانم، چاڵەکانی ئەوانی تیادا کوژرا بوو من بەشۆفڵ پڕم ئەکردەوە، هەرچی لمو خۆڵی ئەو بیابانەیە کردوومە بەسەریانا، لەخەوەکانمدا کەوتبوومە ناو تەپوتۆزی ئەو بیابانە، وەك گەردەلول هەموو شەوێکیش هەڵم ئەکێشت بۆ ئاسمانو لەوێوە بەرم ئەداتە

خوارەوە، هەموو شەوێك لەسەر قەرەوێڵەکەم ئەکەومە خوارەوە.
هەردوو لەپی دەستی خستە سەر چاوە زەقەکانیو هەڵی ئەگلۆفتن، کاتێك دەستی لابرد ئەتووت کاری نەشتەرگەری لەچاویاکراوە، بەدەنگە لەرزۆکەکەیەوە ئەیوت: داخی ئەم چاوە زەقانەشم، خەریکم دەریان ئەهێنم، قەترەو مەرهەم نەما بەکاریان نەهێنم، کەڵکم لێ وەرنەگرتوون، بەردەوام ئەڵێی خۆڵیان تێکراوە، بابچم بۆ هەندەران شەرتبێ لەوێ چاریان بکەم یان دەریان ئەهێنم، کوێری لەم ئازارە خۆشترە.
بۆئەوەی هەندێك ورەی بەرز بکەمەوە پێمووت: هەرگیز ئاوات بۆ کوێری مەخوازە، تۆ ئەزانی کوێری چەند ناخۆشە؟ چونکە هیچ شتێك وەك خۆی نابینی، گەورەترینو گرنگترین هەستی مرۆڤ بینینە، لەبەرئەوە هەردەم سوپاسی خوای گەورە بکەو ناشکور مەبە. بەقسەکەی من هێور بۆوەو چوارمشقی دانیشتو جارێکی تر دەستی کردەوە بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەیو وتی:
- لەوکاتەوەی منداڵە چوار ساڵانەکە چاوی بڕییە چاوەکانم بۆ ماوەی دوو مانگ چاووم سوور ئەبۆوەو ئاوی ئەکرد، پزیشك نەما نەچم بۆ لای چاری نەبوو، لیژنەی پزیشکی سەربازی لەخزمەت دەریان کردم، لەسایەی خواوەوە لەسەربازی رزگارم بوو، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە هەستم ئەکرد بەرەو باشبوون ئەچووم. لەوکاتەوە تەماشای چاوی هەر کەسێکم بکردایە ئەمتوانی بیخوێنمەوە، چۆن بۆ یەکەمجار چاوی پزیشکەکەم خوێندەوە، یەکسەر زانیم ژنەکەی کاتی منداڵبوونێتی، چونکە ئەو پزیشکە لەبەیانیەوە چاوەڕوانی

منداڵبوونی ژنەکەی ئەکرد، بەڵام وەك پێمووتیت چاوی خۆمم بۆنە ئەخوێندرایەوە، توخوا ئەوە نەگبەتی نییە؟ خۆزگە پێش ئەوەی منداڵەکەم لێ ون ببێ بمتوانیایە چاو بخوێنمەوە، هیچ نەبێ چاوی (ئەبو مەهدی)م ئەخوێندەوە شتێکم لێ هەڵئەکران. هەتا دوو مانگ بەر لەئێستا ئەمتوانی دەستی خەڵك بخوێنمەوە واتە چاوی خەڵك بخوێنمەوە، بەڵام کاتێك کە لێکەوتم، توانای ئەو کارەم نەما، هەرچیەکم بەخەڵك بوتایە بڕوایان پێ نەئەکردم، چونکە لەخۆمەوە شتم ئەوت، هیچم بۆ نەئەخوێندرایەوە، زۆربەی جار خەڵك لێم تورە ئەبوونو گاڵتەیان پێ ئەکردم. لەو کاتەوە ئیشم کز بوو بیرم لەوە ئەکردەوە سەری خۆم هەڵگرمو ئەم مەملەکەتە جێ بهێڵم، چونکە لەگەڕانیش بێزار بووبووم بەدوای کچەکەمدا، ئێستاو ئەوسا بۆم نەدۆزرایەوە، لەو باوەڕەدا نیم کەس بتوانێ بیدۆزێتەوە، چونکە ئەو لەناو شارێکی دیاریکراودا نییە بەهۆی ناونیشانێکەوە بتوانین بچینە ئەو شوێنەی ئەوی لێیە، ئەو کچەم لەناو بیاباندا ونبوە، بیابانیش وەك ئۆقیانووس گەورەیە.

لێم پرسی: منداڵی خۆتە؟

بەدەم گریانێکی بێ دەنگەوە دەستی نایە ژێر چەناگەی، ئەیڕوانیە بەردەمی خۆی، ئەتوت بۆ بەردێك ئەگەڕێت بیکێشێت بەسەری خۆیدا، دواجار دەستی دایە ئەو لەتە کومبارەی لەسەری دانیشتبووین، وەك پڵنگێکی بریندار خەریکبوو بەنینۆك لەتوپەتی بکات، وتی کردم بەمنداڵی خۆم.

لەکاتی قسەکردنا خەریك بوو گێچی تووڕەبوونی بەرز بێتەوە، بەڵام

دانی بەخۆیدا دەگرت، دواجار بەردەوام بوو لەسەر قسەکەی وتی:
- ئەوەی راستی بێت من منداڵم نییە، چونکە ژنم نەهێناوە، تازە تەمەنیشم سەرکەوتووە بۆیە ئەوەی چاوەڕێی ناکەم ژن هێنانە.
دەستێکی برد بۆ گیرفانی سەر مەمکی چەپی، ناسنامەکەی خۆی دەرهێناو بەرامبەرم رایگرت، نووسرا بوو (حیدەر عەلی) بەپێکەنینێکی لێوان لێو لەخەمەوە وتی: لەهەموو کەسەکانم هەر ئەم ناسنامەیەم بۆ ماوەتەوە، وەك نانەوا لەپی دەستی ئەکێشا بەیەکداو بەملاو بەولادا ملی خۆی با ئەدا. تێگەیشتم کە کەسوکاری تووشی کارەساتێك بوون کاریگەریەکی گەورەی کردۆتە سەر ژیانو گوزەرانی، ئەیویست خۆی لەو باسە دوور بخاتەوە کە پەیوەندی بەدایكو باوکیەوە هەبوو، بەڵام من زیاتر هانم ئەدا باسێکی خێزانەکەی بکات بۆئەوەی بتوانم کەسایەتی هەڵسەنگێنم.
هێنامەوە سەر خەتو لێم پرسی: کەسوکارت چیان لێ بەسەرهاتووە؟ لەنێوان تاڵە درێژەکانی برۆیەوە چاوە زەقەکانی ئەبریسکایەوە تەماشایەکی پڕ لەبەزەییانەی کردمو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وەختبوو بخنکێ، ناچار کەوتە گێڕانەوەی رووداوەکەیو وتی: مامۆستا هەرچەندە لەباسەکەی خۆمان دێینە دەرەوە، بەڵام هەندێ شت لەناخی مرۆڤدا تۆمار ئەبێت، هەتا مردن بۆی ناسڕێتەوە، ئەو رووداوە کتوپڕەی ئێمە دیمان ژیانمانی تواندەوە، هەر تەپوتۆزەکەی ماوە ئەویش بەرگەی شەماڵێکی دەمە دەمی پایزێك ناگرێ.
- باوکم پۆلیس بوو، دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان دایکی رەحمەتی من بوو، ئەویش تەنیا یەك سکی کردبوو «منی نا مووبارەك بووم» هێشتا

من شیرە خۆرە بووم بەنەخۆشیەکی کوشندە مردووە، جارجارێك لەدەمی باوکمەوە ئەمبیست گوایە بەرەچەڵەك دایکم کوردە، خەڵکی دەوروبەری دیالەیە، بەڵام خۆی لەبەغدا لەدایکبووە، لەبەرئەوە من هیچ کام لەو کەسوکارانەی ناناسم، ئەوانیش منیان نەدیوە، بەڵام باوکم خەڵکی بەغدایە. سەیر لەوەدا بوو دراوسێکانمان بەماڵی ئێمەیان ئەوت (ماڵە کوردەکە)، منیش هەر لەو بۆچوونەوە خۆم بەکورد ئەزانی، حەزیشم ئەکرد پێم بڵێن کورە کوردەکە، بەمنداڵی وام ئەزانی وشەی کورد بەمانای شێرو پڵنگ دێت، بۆیە کە ئەیانووت تۆ کوردیت منیش باڵی خۆمم فش ئەکردەوە، بەواتای کەسێکی ئازام. دوای مردنی دایکم، باوکم ژنێکی تری هێنا، ئەویش وەك دایکی خۆم خۆشی ئەویستم، لەو ژنە دوو کچی بووە، ماڵەکەمان لەنزیك بەشی ناوخۆیی قوتابی زانکۆوە بوو، لەکاتی مووشەك گرتنە بەغدا لەلایەن ئێرانەوە «کاتێك کە جەنگی ئێران- عێراق» دەستی پێکرد، لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا موشەکێکی ئەرز ئەرز کەوتە ناو ماڵەکەی ئێمەوە، باوکمو ژنەکەیو هەردوو خوشکەکەم بوون بەقیمە!
سەرێکی هەڵبڕیو چەند فرمێسکێکی درشت جۆگەلەیان بەست هەتا چەناگەیو لەوێوە بۆ ناوکۆشی ئەتکانە خواریو ئەیوت: مامۆستا، ناحەقم مەگرە ئەگەر نەختێك لەفرمێسکەکانم لێرە هەڵڕبژم، هەمیشە خەفەت بەوە ئەخۆم لەوکاتەدا لەماڵەوە نەبووم هەتا منیش وەك ئەوان ببم بەقیمەو ئەم رۆژە بەچاو نەبینم. مێژوو نووسەکان دەستیان هەڵگرت لەنووسینەوەی مێژوو، هەردەم بەدوای منەوە بوون بۆ تۆمارکردنی هەر بەسەرهاتێکی داهاتوو، ئەیانزانی

ئەو خەمانەی بۆ من سەرەیان گرتووە لەکەسێکی تردا نییە، ئەیانزانی ژیانی من وەك ژیانی سەگێکی خوێری لێهاتووە، هەتا ماوە بلورێنێ بەدوای نانداا، هەتا ماوە ئەبێ خۆی لەبەردی منداڵە هارەکان بەدوور بگرێ، ڤیروسیام کرد لەو هەموو خەمانەی وەك کۆڵێکی قورس لەژێریا پسابووم ئەمجارەیان خەمە گەورەکەی دەمێك بوو سەرەی بۆ گرتبووم لەبەر دەمما قوت بۆوە بوو بەسەرەتای هەموو خەمەکانم، ئەویش «ونبوونی کچەکەم بوو».

وەك بیەوێ پشوو بدات، یان بیەوێ یادگارییەکانی کۆبکاتەوە ماوەیەك مت بوو، وام ئەزانی سارد بۆتەوە، نەمزانی لەناخەوە دوو کەڵی ئاگری جگەر تێکەڵ بەدوو کەڵی جگەرەکەی ئەکاو لەو ژوورەدا هەڵی ئەرێژێ.

روویکردە منو لێی پرسیم: مامۆستا تۆ چەند منداڵت هەیە؟

وتم: سیانم هەیە دوو کورو کچێك.

بەو پرسیارەی ئەیویست منیش راکێشێتە ناو ئەو ئەندێشە قووڵەوەی، باوکێك یان دایکێك منداڵەکەی لێ ون ببێ ئەبێ چی لەناخیا جێ بهێڵا ؟ ئەبێ ئەو دایكو باوکە چۆن سەبووریی خۆیان بدەن؟ ئەبێ هەتاکەی چاوەروانی دۆزینەوەی منداڵەکەیان بن؟ ئەیویست منیش وەکو ئەو بکەومە ناو دەریای خەمی ونبوونی یەکێك لەمنداڵەکانم، بۆیە لەپرسیارەکەی دڵم تەکانێکیدا ویستی بێتە دەرەوە، بەپەلە دەستم خستە سەر سنگمو بەدڵم وت خەمت نەبێ، وەرەوە سەرخۆ، مەبەستی تەنیا من نییە، بەڵکو نموونەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆشەویستێکیان لێ ون ئەبێ.

سەیرێکی رەنگی هەڵبزرکاوی کردمو دەمێکی پان کردەوە، نە گریان بوو نە پێکەنین، بەمنجە منج لەبەرخۆیەوە قسەی ئەکرد، ئەوەندەی لێی تێگەیشتم ئەوەبوو ئەیووت: ئەمە حاڵی منە بۆ منداڵێکی ونبوو، ئەبێ حاڵی دایكو باوکی چۆن بێت؟ سەیرێکی کردمو بەگەروویەکی خنکاوەوە وتی: من بەچاوی خۆم دایکیم بینی بەکوژراوی لەناو ئەو چاڵانەی بیاباندا، بەڵام بۆ باوکی هیچ نازانم، لەوانەیە ئەویش یەکێك بێت لەکوژراوەکان، هەزار رەحمەت لەگیانی پاکی شەهیدەکانی بیابان.

ئەو منداڵەی باسی ئەکەم منداڵێکی کورد بوو، چاوشینێکی قژ زەرد، دەموچاوو خڕوگوپن، لوتێکی بچکۆلانە وەك لوتی کەروێشك، سێ چاڵ لەسەر رووی هەبوو، دوانیان بەکوڵە ئاڵەکەیەوە، سێهەمیان بەچەناگە کوڵەکەیەوە، خاڵێکی قاوەیی تۆخ لەژێر چەناگەیدا بەملیەوە بوو، خوای گەورە بەتایبەتی بۆ نموونەی جوانی دنیا خەلقی کردبوو.

ئەو منداڵە لەناو یەکێك لەو چاڵانەی ژنو پیاو، گەنجو، پیرو منداڵیان تیا ئەکوشتن، ئا لەو چاڵەدا دەرمهێناو لەمردنی مسۆگەر رزگارم کرد، بەڵا من ئەوکاتە شۆفێری شۆفڵی عەسکەری بووم، منو چەندەها کەسی تری وەك منیان تەرخان کردبوو بۆ هەڵکەندنی چاڵی گەورە، دواتریش داپۆشینەوەی ئەو چاڵانە بەسەر لاشەی ئەو کەسانەی ئەیانکوشتن، کاتێك چوومە سەر ئەو چاڵەی دەیان کوژراوی بێ تاوانی تیادا بوو، لایتی شۆفڵەکەم ئاراستەی ناو چاڵەکە کرد، ئەروانم منداڵێکی تەمەن چوار ساڵانە خڵتانی خوێنە، ئەگریو

ئەکرۆزێتەوە، دەستی کردبووە ملی دایکیو ماچی ناوچەوانی ئەکرد، هەر کە سەیری لایتی شۆفڵەکەی کرد چاوی بەر شەوارە کەوتو هیچی نەئەبینی، هەڵسا بەرەو رووناکیەکە هات، ئەیویست لەناو چاڵەکە بێتە دەرەوە هەر بەلێواری چاڵەکەدا هەڵئەزناو ئەخلیسکایە خوارەوە، منیش لەتاو ئەو منداڵە ئاگری قوورەت کەوتە گیانەمەوە زانیم سەربازەکان بەسواری ترێلە گەورەکان ئەو ناوەیان بەجێ هێشتو گەڕانەوە بۆ سەربازگە، زانیم کەسی لێ نەماوە، خۆم هەڵدایە ناو چاڵەکەوە باوەشم بەمنداڵەکەدا کردو سەرم خستە ناو شۆفڵەکەوەو لەباوەشی خۆما دامنا، بەپەلە چاڵەکەم پڕکردەوە، لەکاتی پڕکردنەوەی چاڵەکەدا منداڵەکە دەستی بۆ دایکی رائەکێشاو هاواری ئەکرد (نا... نا... نا...) چنگێکیشی گیرکردبوو لەڕانی راستم ئەیویست گۆشتو ئێسقانی بهاڕێ، هەر نەمزانی چۆن ئەو چاڵەم پڕکردەوەو چۆن ئەو منداڵەم لەباوەش گرتبوو.

بەتەنیا منو منداڵەکە لەو بیابانە تاریكو ترسناکەدا مابووینەوە، من ئەبوایە هەتا پڕکردنەوەی دواهەمین چاڵ لەوناوەدا کار بکەم، ئینجا ئەمتوانی بگەڕێمەوە وەحدەکەم. بەخەیاڵما هات پێویست ئەکات ئەو منداڵە بگەیەنمە شوێنێکی دوورە دەستو ئەمین بۆ ئەوەی لەمردن بەدووری کەم، بۆیە بەپەلە رێی بیابانم گرتەبەر.

دوای نیو کاتژمێر رێ لایتی شۆفڵەکە دای لەدەوارێکی رەش لەو بیابانە پانو بەرینەدا تەنیا دەوار بوو. کاتێك نزیك کەوتینەوە گەلەسەگ بۆمان هاتن کچە بچکۆلەکە لەترسا باوەشی پیاکردم، هەرچی نیشتەجێی ناو دەوارەکەبوو هەموو بەخۆیانو تێلاّیەکەوە

دەرپەرینە دەرەوە وایان ئەزانی چەتە چۆتە سەریان، کاتێك زیاتر لەیەك نزیك بوینەوە شۆفلەکەم کوژاندەوە، زانییان لێمان قەوماوە کتوپڕ هاتن منداڵەکەیان لێ وەرگرتمو هەموویان بەسەرسامیەوە سەیریان ئەکردین تا چووینە ناوەوەو بەشێوەیەکی بازنەیی دانیشتین. ئافرەتەکان جلوبەرگی منداڵەکەیان داکەندو جلی منداڵێکی خۆیان لەبەرکرد کە زۆر لەم گەورە تر نەبوو. دوای حەسانەوەیەکی کەمو نانخواردن، زۆر بەکورتی باسەکەم بۆ گێڕانەوەو منداڵەکەش هەر خۆی ئەکوتا بۆ لای من، کاتێك ئەمگرتە باوەشم بەهەموو هێزو توانا لاوازەکەیەوە باوەشی پیا ئەکردمو هەڵی ئەگوشیم. ئەوانیش بەژنو پیاویانەوە لەجوانی ئەو منداڵە سەرسام بوو بوون، چونکە نە منو نە ئەوان هەتا ئێستا جوانی وامان نەدیبوو، ئەو دەوارە شەش کەسی تێدا ئەژیا ژنو مێردێك، دوو کوڕی گەورەو دوو کچی گەورەو بچوك.

لەسەرێکەوە ئەترسان لەوەی ئاشکرا بن حکومەت پێیان بزانێتو سزا بدرێن لەسەرێکیشەوە حەزیان ئەکرد ئەو چاکەیە بکەنو هەرچۆنێك بێ کچە بچکۆلەکە بگرنە خۆیان، منداڵەکە لەناوەڕاستی هەمووماندا وەك پەپولە بەهەرچواردەوری خۆیدا ئەخولایەوە، هەر کە چاوی ئەکەوتە سەر من زەردەخەنە ئەکەوتە سەر لێوە ئاڵەکانیو دەستی بۆ ڕائەکێشام قسەی ئەکرد، بەڵام کەسمان لێی تێ نەئەگەیشتین، من هەستم ئەکرد ئەو ئەیەوێت ئەو کارەساتە ترسناکە بگێڕێتەوە کە بەسەر دایكو خوشكو منداڵەکانی تردا هاتووە، هەر هەموویان کران بەژێر خاكو لمی ئەو بیابانەوە، هەر بەسەیرکردنی ڕەنگو رووی

پەشۆکاویا ئەتزانی چی روویداوە. کاتێك منیش ئەو کارەساتەم بۆ دەوارنشینەکان گێڕایەوە هەر هەموویان چاویان پڕ بوو لەئاو، خەفەت باڵی کێشا بەسەریاناو کەوتنە دووعاکردنو پاڕانەوە لەخوای گەورە ئەو شەهیدانە بەبەهەشت شادکات، دایكو کچە گەورەکە بەدەستووری عەرەبی کەوتنە لاوانەوەو فاتیحە ناردن بۆ هەموو شەهیدانی ئەو بیابانە وتیان ئاخۆ ئەم منداڵە کچی کێ بێتو ناوی چی بێت؟ ئاخۆ خەڵکی کام شارە بێت؟

مادام لەمردن رزگاری بووە با ناوی بنێین (حەیات) هەموومان لەسەر ئەم ناوە رازی بووین.

لەو قسانەدا بوو جارێکی تر حەیدەر سەری هەڵبڕیو رووی تێکردم کەوتە پرسیار وتی: مامۆستا کاوە حەیات بەکوردی مانای چییە؟ منیش بایەخم نەدا بەپرسیارەکەی چووبوومە ناو قوڵایی چیرۆکەکەیەوە بوو بووم بەکەسێکی ناو دەوارە رەشەکە بەدیار منداڵێکی چوار ساڵانەوە دانیشتووم بەدەیان خەیاڵی جوارو جۆر بەمێشکما دەهاتو دەچوو، وائەزانم یەکێك لەمنداڵەکانی خۆمەو نامناسێتەوە، لەخەیاڵما وام دانابوو گوایە نەختێکی تر دایكو باوکی دێن بۆ لای من داوای منداڵەکەیان لەمن دەکەنەوە. بیرم لەوە ئەکردەوە بۆ مەسەلەی رزگاربوونمان لەو کێشەیە چ رێگایەك بگرینەبەر، چۆن منداڵێك لەمردن رزگار کراوە، لەژێر چنگی گورگە چاوچنۆکەکان دوور خراوەتەوەو نازانین لەکوێ بیشارینەوە، ئەمووت وابەباشی ئەزانم هەتا زووە دەوارەکە بپێچینەوە، لەوناوەدا نەمێنینو بەرەو شوێنێکی دوورتر بڕۆین، ئەوەی خراپە بەو شەوە

باشورو باكور لەيەك جياناكرێتەوە، ئەم دەوارنشينانەش هەر بەرۆژ هاتووچۆ ئەكەن، ئەگەر لەخۆمانەوە برۆين‌و خۆمان بدەينە دەست قەدەر (كە ناوچەوانمان نايكات)، لەسەدا سەد ئەكەوينە ناو مەفرەزەيەكەوە يان ئەكەوينە ناو يەكێك لەو چاڵانەی پڕە لەمرۆڤی كوژراو.

خەياڵەكانم بەكەڵكی يەك فلس نەئەهات، كەس بە بەلاشيش نەيئەويست، خۆم خەريكبوو پاشگەز ببمەوە لەخەياڵكردنەوەی بێ ئەنجام، بەڵام باشبوو حەيدەر دەستی گرتم‌و بەهۆش خۆی هێنامەوە، وتی مامۆستا لەگەڵ تۆم بوو: حەيات بەكوردی مانای چييە؟

لەدەوارە رەشەكە هێناميە دەرەوەو لەژووری ژمارە حەوتی ئوتێلەكە خۆم بينيەوە، ها...چی؟ حەيات مانای (ژيانە) ئەويش هەتا فێری ئەوە بوو بڵاّ ژيان زۆری پێچوو. دەستی برد بۆ دۆلكە ئاوەكەو سەرو پەرداخمان خواردەوە لەبەرخۆيەوە هەر ئەيووت ژيان، بەدەستی راستيشی دەموسمێڵی ماڵی بەرەو چەناگەی‌و لەبەرخۆيەوە ئەيوت داخی گرانم بۆ ئەو منداڵە ونبووە، خۆزگە نەئەمردم بەو ئاواتە گەورەيەی خۆم ئەگەيشتم هەر هيچ نەبێ شتێكم لەبارەيەوە بزانيايە، مامۆستا بۆيە ئەم باسە بۆ تۆ ئەگێڕمەوە بۆئەوەی ئەو ئەمانەتەی خوای گەورە دابووی بەمن منيش بيدەم بە تۆ، ئەگەر شتێكت لەوبارەيەوە بەرگوێ كەوت بەمنی رابگەيەنيت، بەڵێن بێ هەر كە گەيشتمە ئەوروپا ناونيشان‌و ژمارەی تەلەفونی خۆمت بۆ بنێرم‌و بەنامە پەيوەنديت پێوە بكەم، من هيچ كەسێكم نييە، لەئێستاوە تۆ نزيكترين كەسی منيت، ئەگەر ئەتوانيت بەڵكو

ناونیشانی خۆتم بدەیتێ.
داواکەیم پەسەند کردو ئەوەی ویستی بۆم خستە سەر کاغەزێك، ئەویش خستیە ناو جزدانی پارەکەیەوە، بەو بۆنەیەوە وێنەیەکی خۆی دامێ.
گەڕاینەوە ناو دەوارەکە، ئەو دەوارە ڕەشە ئەوەندە گەورە بوو جێی دە دوانزە کەس ئەبۆوە تیایدا بنوێت، بەشێکی لێ جیا کرابۆوە گوایە ئەمەیان ژووری حەرەمە بۆ ژنو مێردەکە، لەدەرەوەی دەوارەکەش پاشماوەی دەوارێکی شڕیان بەچوار تێڵای درێژدا هەڵواسیبوو بۆ تەوالێتو حەمام، مندالەکەیان لەو حەمامەدا شتبوو.
حەیدەر بەردەوامبوو لەگێڕانەوەی باسو بەسەرهاتەکەو وتی: خۆمان بەیەکتر ناساند زانیم بەسەرۆکی خێزانەکە ئەڵێن (ئەبو مەهدی) و ژنەکەشی (ئوم مەهدی)، لەمکاتەدا هەرئەوەندە بۆ من بەس بوو، بەلام خۆزگە ناوی ڕاستەقینەی ئەبو مەهدیم ئەپرسی بەداخەوە ئەوەیانم بیرچۆوە، دوای بێدەنگیەکی کورت بەپێکەنینەوە وتی: لەناو عەرەبدا هەر پیاوێك ژنی هێنا بەناوی کوڕە گەورەکەیەوە بانگی ئەکەن، ئیتر ناوی خۆی لەناو خەڵکا نامێنێ، مەگەر لەدائیرە ڕەسمیەکان بەناوی خۆیەوە بانگی بکەن، خۆ ئەگەر منداڵیشی نەبێ پێی ئەڵێن (ئەبو غائب).
لەبەرئەوەی من سەرباز بووم ئەبوایە بچومایەوە بۆ وەحدەکەم ئەویش یەك کاتژمێری ئەویست بەشۆفلێ ئینجا ئەگەشتمەوە ئەبوایە هەموو بەیانیەك هەتاوکەوتن خۆمانو شۆفلەکانمان ریزببەستین بۆ سەرژمێریو دڵنیابوون لەئامادەیمان بۆ کاری سەربازی، بەهیچ

جۆرێك نەئەبوو كارێك بكەین ببێتە مایەی ئاشكرابوونی منو منداڵەكەو دەوارنشینەكە، بۆیە بە ئەبو مەهدیو خێزانەكەیم وت ئەمانەتی ئێوەو ئەو منداڵە، من ناتوانم لەگەڵ خۆما بیبەم ناچارم لای ئێوە بەئەمانەت بەجێی بهێڵم، لەهەر دەرفەتێكدا بۆم رێكەوت سەردانتان ئەكەمو بەڵێنیش بێ پێداویستی منداڵەكەشو ئێوەش بخەمە ئەستۆی خۆمەوە هەتا خوای گەورە دەروویەكی رەحمەتمان لێ ئەكاتەوە.

دەستێكی خستە سەر كەڵكە ئەژنۆم، چیرۆكەكەی لەویادا قرتاند وتی: مامۆستا، خۆزگە ئەوكاتە تۆم ئەناسی بەگەورەیی خوا خۆمو منداڵەكە بەپێی پەتیش بوایە شار بەشارو دێ بەدێ خۆمان ئەگەیاندە لای تۆ، لەسەربازیش هەڵ ئەهاتم، دڵنیام تۆ فریامان ئەكەوتیت ئیتر لەشۆفێری شۆفڵیش رزگارم ئەبوو لێرە ئەبووم بەپێشمەرگە بەهۆی تۆوە وەریان ئەگرتم.

دیسانەوە گەڕایەوە ناو دەوارەكە:

كاتێك هەستامو ئەمانەتەكەم تەسلیم بەوان كرد منداڵەكە هەردوو دەستی بۆ درێژ كردم ئەیویست نەڕۆم بەجێی نەهێڵم، كاتێك هەڵگرتو گرتمە باوەش هەردوو چاوی بڕییە چاوەكانم هەڵی نەگرت هەتا چاوم پڕبوو لەئاو، هەتا رۆحم لەچاومەوە هاتەدەرێ، ئەمویست چاو بتروكێنم بواری نەدام هەستم ئەكرد هەردوو چاوم واخەریكن دێنە دەرێو بیلبیلەكانی ئەكەونە خوارەوە چاوی منداڵەكەش فرمێسكێكی روونو پاكی لێ ئەهاتە سەر روومەتیو هەردەم وشەیەكی ئەوت تێ نەئەگەیشتم مانای چییە، هەرئەوەندە

ئەمزانی مانای وشەکەی ئەوەبوو کە لەلای بمێنمەوە. هەردوو دەستی خستە سەر روومەتم بەتوندی روومەتی ئەگوشیم ئەیویست پارچەیەکم لێبکاتەوە بۆ یادگاری لەلای بێت. ئەو بەکوردی ئەپاڕایەوە من بەعەرەبی وەڵامم ئەدایەوە لەوانەیە هەردووکمان لەیەکتری تێ گەیشتبین، چونکە رۆحیانەتمان لەناویەکدا توابۆوە. بۆچەند جارێك هەوڵم ئەدا چاو هەڵگرێ لەسەر چاوم کەڵکی نەبوو، لەوەئەچوو داوای گلێنەی چاوم بکات بۆی دەربێنم، دوای ئەوەی چەند وشەیەکی چرپاند بەگوێما منیش بۆی پێکەنیم ئینجا رازی بوو بڕۆم و بەجێی بهێڵم چووە باوەشی کچە گەورەکەی ئەبو مەهدی، منیش لەوە زیاتر کاتی مانەوەم نەمابوو، بەپیرە شۆفلۆ کۆمەڵێك ژانی ئاڵۆزەوە ملی رێم گرت بەرەو وەحدەکەم، لەگەڵ ئەوەی دەنگم ناخۆش بوو، بەڵام لەو بیابانەدا کەوتمە وتنەوەی گۆرانیە غەمگینەکانی (داخل حسن)و (حوزێری ئەبو عزیز)، بەهەموو هێزی خۆم دەنگم لێ هەڵبڕیبوو، وام ئەزانی هەرچی رۆحیانەتی ئەو ناوە هەیە چاویان لێمە، گوێیان لێمە، ئەزانن چۆن منداڵەکەیانم وەك رەمزێك بۆ مانەوەی مرۆڤی پاك رزگار کردووە. لەوکاتەدا لەگەڵ هەموو فرمێسکێکا شانازیم بەخۆمەوە ئەکرد، بەهەمان ئەو رێگایەدا گەڕامەوە کە منداڵەکەم لێوە گەیاندە دەوارە رەشەکە، هەتا گەیشتمەوە سەر ئەو چاڵەی خوشك و دایك و باوك و براو هەموو رۆحیانەتە پاکەکانی تیادایە، شۆفلەکەم کوژاندەوە، بەچوار مشقی لەبەردەمی چاڵەکەدا بۆی دانیشتم، فاتیحام ئەنارد بۆ سەرجەم شەهیدەکانی ئەو ناوە، ئەمووت خۆزگە منیش یەکێك

بومایە لەو شەهیدە پیرۆزانە.
بۆئەوەی باشتر تێم بگەیەنێت، هەڵسایە سەرپێ و بەهەردوو باڵی بازنەیەکی دروستکردو ئەیووت: ئەو بیابانە پانو بەرینە کرابوو بەگۆڕەپانی شانۆگەریەکی گەورە، لەوجۆرە فلیمانە ئەچوو کە بەهەزاران کەس بەشداری تیادا ئەکەن.
بەئەسپایی هەر لەجێی خۆی بەرامبەرم دانیشتەوەو جگەرەیەکی دەرهێناو دانەیەکیشی دا بەمن، کردمانەوە بەچەرە دووکەڵ، (لەژووری ژمارە حەوتی ئوتێلەکە شانۆگەری نمایش ئەکرا) وتی: ئەو شانۆگەرییە ئەنجام ئەدرا بێ پرۆڤەی پێشووەخت، چاوی کامێرەکان داخرابوون، کەس نەی ئەزانی کێ دەرهێنەرەو کێ ئەیبات بەرێوە، بەڵام هەموو ئەکتەرەکان دەوری خۆیان بەتەواوی ئەبینی، تەنانەت منیش کە یەکێك بووم لەو ئەکتەرە راپێچکراوانەی بۆ کاری هەڵکەندنی چاڵی گەورەو دواجار داپۆشینو تەختکردنی چاڵەکان دانرابووم.
دوای کۆتایی نمایشەکە ئەوەی ئەمایەوە تەنیا ئەکتەرە سەرەکییەکان بوون، ئەوانی تر لەو ناوەدا دیار نەئەمان ئەو بیابانە هەموویانی قووت ئەدا بەخۆیانو جلەکانیانەوە. لەوکاتەدا کە چوار مەشقی دانیشتبووم هەموو شانۆ گەرییەکەم ئەهاتەوە پێش چاو، هەموو گیانم ئەنیشتە سەر ئارەقێکی سارد، خەمی سبەینێ و دوو سبەی و رۆژانی داهاتوو بووم، بۆ نواندنی دەورەکەم. لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، سروەی نمە بەیایەکی فێنك بەلای گوێما تێ پەڕی، هەتا ئەهات هێزو توانای بەرەو زیاتر ئەچوو، تاوای لێهات بوو بەگەردەلولێکی

مەزن وەك زۆرانم لەگەڵ بگریٚ، هەرچی خۆڵو لمی ئەو بیابانە هەبوو هەمووی وەك لوولە سۆپا لوولی کردو بردی بەرەو ئاسمان، زۆری نەمابوو منیش بەخۆیەوە لووول بداتو بمفرێنێ، بەلای گوێما ئەیلووران‌و پێی ئەوتم:

تۆ بەتەنیا چیت لەدەست دێ؟ هەستە برۆ ئەم بیابانە بەجێ بهێڵە، ئەمانەوێت گسك بدەین، ئەم ناوەمان بۆ پیس مەکەن، ئەمانەوێ ئەم بیابانە پاك بکەینەوە بۆ رۆحیانەتە پاکەکان کە بەمیوانی هاتوون بۆ لامان، هەستە برۆ، پێیان بڵێ جێ نەماوە، ئیتر بەسە بیابان پڕ بووەو جێ نەماوە.

لوورەی ئەو بیابانە لەگریانی ئافرەتێك ئەچوو هەموو کەسەکانی لەدەست دابێ‌و خۆی بەتەنیا مابێتەوە. لەهاوارو شیوەنی بیابانەکە زۆری نەمابوو لەهۆش خۆم بچم، زۆری نەمابوو هەر لەوێدا گیانم دەربچێ، چنگم گیرکرد لەخاك‌و لمی ئەو ناوە وەکو شێتێك ئەمکرد بەسەر سەرو چاوی خۆماو هاوارم ئەکرد من لەوان نیم، من تاوانبار نیم، من کەسێکی بێ تاوانم لەمردن رزگار کردووە، من ئەو کەسەم کە رەمزی ئێوە ئەپارێزم، من لەوان نیم دواجار وەك ئاژەڵێکی دۆڕاو لەشەڕێکدا ملی خۆم شۆڕ کردو بەشۆفڵە پیرەکەوە بەرەو وەحدە نەگریسەکەم ملی رێم گرت، کاتێك گەیشتمەوە جێی خۆم شۆفڵەکەم لەشوێنێکدا نواندو خۆشم وەك حوشتێرکی ماندوو لەپاڵ دیواری قاوشەکە لێی کەوتم لەسەر زەویە چیمەنتۆ کراوەکە، هەر تلم ئەداو خەمی منداڵەکەم ئەهۆنیەوە ئەموت خۆزگە کەسێکی نزیکم ئەبوو ئەو منداڵەم لەلای جێ هێشتایەو دوای تەواوبوونی

خزمەتی سەربازی خێزانم پێکەوە ئەناو منداڵەکەشم ئەبرد بۆ لای خۆم. ئەو شەوە ئەوەندە چاوم هەڵگلۆفت بۆ بەیانی بۆم هەڵنەئەهات، ئاو بەچاوما ئەهاتە خوارەوە، تا رۆژ بۆوە خەو لەچاوم نەکەوتبوو عەریفەکەم نووکە شەقێکی تێهەڵدامو لێم تورە بوو بە (گوم گوم) هەڵیساندم، کاتێك زانی چاوم نابینێ بەسەربازێکدا ناردمی بۆ قاوشێك چاوەروانی پزیشکم کرد هەتا هاتو سەیری چاوی کردم، هەندێك قەترەی دامێ، لەبەرئەوەی هەتا ئەهات چاوم بەرەو خراپتر ئەرۆشت، بۆیە پشوویەکی دوو هەفتەییان دامێ، لەو ماوەیەدا چەند جارێك چووم بۆ لای پزیشك، هەستم ئەکرد چاوم بەرەو باشتر ئەچێت، ئەو ماوەیە نەمئەتوانی لەماڵەوە بێمە دەرێ دوای ئەوەی نەختێك باشبووم کەوتمە خۆم بۆ سەردانی منداڵەکە، هەندێ زەخیرەو پێداویستیم بۆ ماڵەکە کریو جلوبەرگو یاری منداڵانەو پسکیتو خواردنی جۆراو جۆرم کریو لەگەڵ شۆفێرێکی هاورێم، ناوی (مستەفا)یە بەتەکسیەکەی رۆیشتین بەرەو دەوارە رەشەکە، لەبەرئەوەی یەکەم زیارەتم بوو بەرۆژ بچم بۆ ئەو ناوە، زۆر بەدوای دەوارەکەدا گەراین هەتا دواجار دۆزیمانەوە. هێشتا مابوومان بگەینە لایان لەدوورەوە دەنگێك یاقووت ئەدرەوشایەوە لەو بیابانە پانو بەرینەدا بەقاچە بچکۆلانەکەیەوە رایئەکرد بەرەو پیرمان منیش خەریکبوو لەتەکسیەکە خۆم هەڵدەمە خوارەوە ئاگر لەدەروونم بەر بوو بوو، خۆم بۆ نەگیرا، بەشۆفێرەکەم وت ئا لێرەدا بوەستە بەراکردن زووتر ئەگەم دامبەزێنە ئارامم لێ هەڵگیراوە. نزیکەی هەشتا مەترمان مابوو من خۆم هەڵدایە خوارەوە بەرەو

رووی یەکتر رامان ئەکرد، کە گەیشتمە لای ئەوەندە توند خۆی کێشا بەسنگما خستمی بەپشتاو باوەشی پیاکردم، لەو لەدا یەکترمان تل ئەدا تەپوتۆزمان بەرەو ئاسمان بەرز ئەبۆوە، هەرچی لەوێ بوو بەدیارمانەوە حەپەسابوون هەر هەموویان بەکوڵ بۆمان ئەگریان.

بەوێنەی کۆتر دەمی ئەخستە ناو دەمم وای ئەزانی من لەلای خوشكو دایكو كەسوكاریەوە هاتووم، هەر هەموویان هێشتا زیندوون، ئەمووت خوایە نازانم بۆ باڵت بۆ بەشەر دروست نەکردووە خۆ ئەوەندەی تێنەئەچوو ئێستا منو منداڵەکەم ئەماندایە شەقەی باڵو بەرز ئەبوینەوە بۆ ئاسمان نەئەوەستاین. ئەم دنیایەمان جێ ئەهێشت بەدوای دنیایەکی ئارامدا ئەگەڕاین، ئەچووین بۆ شوێنێك پڕبێت لەمنداڵی خنجیلانە، ئەماینەوە لەئاسماندا وەك هەموو ئەو مەلانەی فڕین بۆتە پیشەی ڕۆژانەیان، نانیشینەوە مەگەر ساتێك بۆ پشوودان، ئەچوین بۆ لای مەملەکەتی فریشتەکان، بۆ هەر شوێنێك ئەوەندە دوور بێت لێرەوە ئەو خۆرەی بێرەدا تێئەپەڕێ نەگاتە ئەو شوێنەی ئێمەی لێین.

دوای ئەو هەموو خۆ گەوزانو تلدانە هەڵسانە سەرپێ خۆمان تەکاندو چوینە ناو دەوارەکەوە دیاریەکانم بۆ دەرهێنا دابەشم کرد بەسەریاندا، کابرای شۆفێرم ئیزنداو پێمووت ئێوارە بێتەوە بەدواما.

ئەگەر لێم بپرسن لەوەتەی هەیت کام ڕۆژەت خۆشترین ڕۆژ بووە لەژیانا؟ ئەڵێم ئەو ڕۆژەی لەگەڵ کچەکەمدا لەناو ئەو لەدا تلمان ئەدا دوای نانخواردنو پشوودان کەوتینە ڕاکە ڕاکە بەناو ئەو بیابانەداو مەلەکردن لەچاڵە ئاوێکی تەنکی نزیك دەوارەکە، کە

ئاوەکەی نەئەگەشتە ئەژنۆی منداڵەکە، هەموو ساتێك سەیرێکی خۆرەکەم ئەکرد خوا خوام بوو لەو شوێنەدا چەق ببەستێت‌و لەجووڵە بکەوێت، هەتا ماوە ئاوا نەبێت، چونکە هەر هەنگاوێك دابەزینی خۆر کیلۆمەترێك لەگەڕانەوەم نزیك ئەکاتەوە. هەتا ئەهات ڕەشماڵە گەورەکەی ئاسمان دای ئەپۆشین تا وای لێهات نەوت کرایە فانۆسەوە یەکە یەکە کۆبووینەوە لەبەردەمی دەوارەکە هەڵتوتاین چاوەڕوانی تەکسیەکە بووین دوای قەدەرێك تروسکایی بەدیکرا لەهەر نزیکبوونەوەیەکیا حەیاتی کچم هەنگاوێك لێم نزیك ئەبۆوە هەتا دەستی کردە ملم‌و گوێم لەترپەی دڵە بچکۆلانەکەی بوو، هەتا ئەهات ترپەکەی خێراتر لێی ئەدا چاوی بڕیبوە رووناکی لایتەکان نەیئەتروکان خوا خوای بوو ئەو تەکسیە نەگاتە لامان لەوناوەدا لەئیش بکەوێ، کەچی کاتێك کە ئەهاتین لەخۆشیدا بەرەو تەکسیەکە رای ئەکرد دڵی خۆشبوو وایئەزانی دایك‌و باوکی هاتوون بۆ لای خەندەو پێکەنینی لەئاسمانەوە بۆ دائەبەزی، کەچی لەگەڕانەوەماندا قوڵپی گریان هەمووومانی سەرسام ئەکرد، هەرکە تەکسیەکە گەیشتە لامان دەنگی قریشکەو گریانی حەیات لەقریشکەی بیابان ئەچوو کە پێیووتم: ئیتر بەسە هەموو جێگاکان گیراوە.

لەگەڵ هەموو هاوارێکیا بیابانەکەش بۆی ئەسەندەوە ئەو منداڵە بێ تاوانە بەهیچ شتێك ژیر نەئەبۆوە باوەشی کردبوو بەملما، هەموو ئەو ناوەم گێڕا، هەموو گیانم نیشتە سەر ئارەق، ئینجا لەشوێنێکی ئەو بیابانە بەجووتە دانیشتین‌و دوور لەهەموو کەسێك، چاو چاویشی

نەئەبینی کەوتمە گریانو واوەیلا کەوتمە لەخۆدانو هاوارکردنو پارانەوە لەخوای گەورە، ئەموت خوایە دیارە منیش تاوانبارێکی گەورەم، بۆیە کەوتومەتە ئەم گێژاوەوە، ئەی گاڵتەیە من ئەو هەموو بەشەرەم کردوە بەژێر لەوە؟ ئەی ئەوە تاوان نییە، هێشتا هەندێکیان گیانیان دەرنەچووە من بەشۆفڵ خۆڵم ئەکرد بەسەریانا؟ ئەی ئەوە تاوان نییە قومێك ئاو نەکراوە بەدەمەی کەسیانەوە؟ هیچ کامیان تەڵقین نەدراون؟ لەناو کفنا نەپێچراونەتەوە؟ ئەی ئەوە تاوان نییە رووی هیچ کامیان نەکراوەتە قیبلە؟

ئەگەر ئەوانە تاوان نەبن... ئەی کامەیە تاوان؟ بەڵام مامۆستا گیان بروام پێ بکە من هەڵنەستاوم بەو کارە، بەڵکو بەحوکمی شوێنەکەم پێمکراوە.

سەری خستە سەر کەڵکە ئەژنۆی خۆیو بەدەم قوڵپی گریانەوە بەرگری لەخۆی ئەکرد، وەك چۆن کەسێکی بێ تاوان تاوانێکی ئەسەپێنن بەسەرداو ئەیخەنە ژێر لێکۆڵینەوەی دەزگا یاساییەکانەوە بۆئەوەی دان بەتاوانێکدا بنێت کە ئەم نەیکردووە.

بەجۆرێك خۆی ئەهێناو ئەبرد، خەریکبووو جلەکانی بەری خۆی دادرێنێ، وەك پڵنگێکی توورە لەناو قەفەزێکی داخراودا گیری خواردبێ بەدەست منداڵێکی بزێوەوە. هەندێجار هێور ئەبۆوەو سەری خۆی بەرز ئەکردەوە، رووی ئەکردە ئاسمان، بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەم تاوانبار نییە، ئەیویست هەرچی خەمەکانی خۆی هەیە بەکۆنو تازەوە هەر هەمووی لەو ژوورەدا بۆ من هەڵبڕێژێت. ئەو هەناسانەی هەڵی ئەکێشا، لەهەناسەی کەسێکی خنکاو ئەچوو لەناو ئاوا رزگاری

بوبێت، دڵخۆشی خۆی بەوە ئەدایەوە کە منی دەستکەوتووە بۆ دواهەمینجار قسەی دڵی خۆی بۆ بکات. لەوە ئەچوو لەوەتەی هەیە ئەوەندە قسەی بۆ کەسێکی نزیکی خۆی نەکردبێ، بۆیە ناو بەناو ئەیووت: مامۆستا کاوە خۆشەویستی تۆ کەوتە دڵەوە، وا ئەزانم هەزار ساڵە یەکتر ئەناسین، وائەزانم لەتۆ بەو لاوە من کەسم نییە، هەر لەبەر ئەو هەستو شعورەیە ئەتوانم ئەوەی لەدڵمایە بیخەمە بەردەمت، تکات لێ ئەکەم تۆش لێم ببورە.
کاتێك شەو درەنگ بوو ماندوێتی رۆژ هەمووومانی شەکەت کردبوو بەباوەش منداڵەکەم هێنایەوە ناو خەڵکەکەو خۆمان کرد بەناو دەوارەکەدا، لەدوای ئەوەی منداڵەکە هێور بۆوە بەیەکەوە راکشاینو دەستمان کردە ملی یەکتر منیش، وەك ژنە عەرەب دەستم کرد بەلای لایەو بەگۆرانی هەتا پێڵوی چاوەکانی سەریەك نرانو بەو برژانگە درێژانە پەرژین کران، بەدیار هەناسەکانیەوە راکشابووم خەمی خەبەربوونەوەی سەر لەبەیانی بووم کاتێك چاو ئەکاتەوە بەتەمایە من ببینێ چۆن چاو ئەگێڕێ بەدواما، چۆن جارێکی تر ئەچێتەوە دونیای تەنیایو بێ کەسی.
لە (ئوم مەهدی)م پرسی: کە من لێرە نابم ئەم منداڵە خەریکی چییەو چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکەن، (ئوم مەهدی) پێیووتم: رەوتی ئەم منداڵە لەرەوتی منداڵانی ئێمە ناچێت، پێش نانخواردن دەستو دەموچاوی ئەشواتو ئەچێتە دەرەوەی دەوارەکە سەیری دوورترین شوێنی ئەو رێگایە دەکات کە هێناوتە دوو وشەی لێوە فێربووین (دایە، بابە) بەردەوام ئەم دوو وشەیە ئەڵێتەوە منداڵەکانی منیش

لەوەوە فێربوون ئەڵێن (دایە، بابە) هەر هەموومان تێگەیشتووین کە داوای دایك‌و باوکی دەکات، وەك نوێژی بەیانیان هەموو بەیانیەك ئەوە پیشەیەتی، دوای نانخواردنیش لەم ناوەدا هەزاران چاڵی بچوك بچوکی بەچنگەکانی هەڵکەندوە، هەر چاڵەی چنگێك پووشی تێکردووە، بەڵام هیچ لەو چاڵانەی دانەپۆشیوەتەوە، ئەگەر بەرۆژ سەیری ئەم دەوروپشتە بکەیت وا ئەزانی کەروێشکەکانی بیابان یاری لەناو ئەم چاڵانەدا ئەکەن.

هەر کە ئوم مەهدی لەقسەکەی بۆوە دامە پرمەی گریان‌و رامکردە دەرەوە جارێکی تر خۆم لەو خۆڵ‌و لمەدا گەوزاندەوە، هەرچی خۆڵی ئەو ناوەیە کردم بەسەری خۆمداو هاوارم ئەکرد ئەی لەوەدنیا چۆن بەرگری لەخۆمان بکەین ئەو منداڵە لەم دنیایە شایەتە بەسەرمانەوە ئەبێ ئەو کەسانەی شەهید بوون‌و لەناو چاڵەکاندان چۆن شایەتیمان لەسەر بدەن، نا نەخێر ئەم منداڵە یەکێك ئەبێ لەو فریشتانەی دەستم ئەگرێ بەرەو بەهەشت، ئەی چۆن خۆ ئەم خەڵکە لەوەدنیا رێی بەهەشت‌و جەهەنەم نازانن ئەبێ فریشتەکان بەهەشتییەکان بەرن بۆ بەهەشت، جەهەنەمییەکانیش بەرن بۆ جەهەنەم، هەموو شتێك بەحسابە هیچ شتێك لای خوا ون نابێ.

بەرزیان کردمەوەو بردمیان دەستودەموچاوم شت‌و تەکاندمیان‌و بەدەم هەنسکەوە خستمیانە ناو تەکسیەکەوەو ملی رێمان گرت بەرەو بەغدا، بەدرێژایی ئەو رێگایە هەردووکمان فیشکەمان ئەهات، شۆفێرەکەش لەمن پەرێشانتر بوو.

بۆماوەی دوو مانگ هەر بەدوو هەفتە جارێك لەگەڵ هەمان شۆفێردا

ئەچووم بۆ لای کچەکەم، بەڵا کچەکەم، بەشایەتی شۆفێرەکەو مەهدیو ئەبو مەهدی ئەو منداڵەم کرد بەکچی خۆم، ئیتر لەوە فەرمیتر ئەبێ؟ هەرکاتێك تەسکەرەیان بۆ دەرهێنا ناوی باوکی ئەو کچە (حەیدەر)ە کەواتە بانگی ئەکەن (حیات حەیدەر).

منیش وتم: کەواتە لەمەودوا بانگت ئەکەم (ئەبو حەیات) پێت خۆشە؟

هاواریکرد ئەڵا لەو ناوە خۆشە، زۆر سوپاست ئەکەم مامۆستا گیان بۆ یەکەمجارە ئەو ناوە لەیەکێکەوە ئەبیستم، لەئێستاوە من خاوەنی منداڵێکم، بەڵا من خاوەنی منداڵێکی ونبووم، منداڵێکی بێ تەسکەرە بێ دایك، ئەویش تەنیا هەر منی هەم، ئەوا منیش لەو ونبوومو هیچ کاممان ئەوی ترمان بۆ نادۆزرێتەوە، مەگەر لەودنیا بەیەك بگەینەوە.

ئەم پیاوە بێ کەسە بەدرێژایی گێڕانەوەی باسەکە هەنسکی ئەداو لێوی ئەلەرزی، بەفرمێسکی چاوەکانی چیرۆکەکەی دەنووسیەوە، ئەوەندە ماندوێتی بەڕوخساریەوە دیاربوو، وەك یاریزانێکی دواکەووتوو لەڕاکردنێکی دوورخایەندا بەدۆڕاوی گەشتبێتە دواهەمین خاڵی دیاریکراو.

گەرایەوە سەر لاپەڕەکانیو وتی: بۆ ماوەی چوار ساڵ من مرۆڤێکی ئاسایی نەبووم نازانم بەخۆم بڵێم چی بووم، فاڵچی؟ شێت؟ فێڵباز؟ ئاژەڵ؟ هەرناوێك لەم ناوانە بەخۆم بڵێم هەمووی راستە، من ئەوکاتە وەکو ئێستا نەبووم، بەدرێژایی ئەو چوار ساڵە لەگەڵ هیچ کەسێك تێکەڵاو نەبووم بۆ یەك چارەکە سەعات لەگەڵ کەسدا قسەم

نەکردووە. بەرۆژ بۆیاخچی پێڵاوبووم‌و هەر دەمەو لەشوێنێکا دائەنیشتم، بەشەو دەستم ئەگرتەوە، ئەو دەستگرتنەوەیە بۆ من بوو بوو بەکێشە، چونکە جگە لەوەی ئازاری رۆحی ئەدام پۆلیسیش بەردەوام راوی ئەنام، شاگردی گازینۆکانیش گاڵتەیان پێ ئەکردم‌و زۆرجار جوێنیان پێ ئەدام‌و ئەیانووت تۆ بۆ دزی ئەگەرێیت بڕوایان بەدەستگرتنەوە نەبوو. پۆلیسەکانیان تێگەیاندبوو گوایە من بۆ دزی لەو ناوە ئەسورێمەوە، لەبەرئەوە نەم ئەوێرا بەئاسانی ئیش لەو بوارەدا بکەم، زیاتر بۆیاخچێتیەکەم بەلاوە باشتر بوو، جاری واش هەبوو دەستم بۆ خەڵك ئەگرتەوە، چاویم بۆ نەئەخوێندرایەوە لەخۆمەوە شتم ئەوت، لەبەرئەوە هەندێجار قسەی ناشرینم پێ ئەوترا لەلایەن سەرخۆشەکانەوە، جارێکیان تێهەڵدانیشم خوارد، ئیتر نازانم چیم بەیەکێك لەسەرخۆشەکان وتبوو. شەوانە درەنگ ئەرۆشتمەوە بۆ ماڵەکەم چایەکم لێئەنا نەختێك بەناو رۆژەکانی رابردوودا ئەهاتم‌و ئەچووم لەو رۆژانە بەولاوە کە لەگەڵ کچەکەمدا بووم هیچ رۆژێك نەبوو لەژیانما کوێ کەمەوەو تەنیا دێرێکی تیا بنووسمەوە هەموو رۆژەکانم وەك یەك بوون وەك ئەوە وابوو من رۆژێك ژیابم بەڵام رۆژەکەم دوورو درێژ بێت. هەرچەندە گوێم لەرادیۆ نەئەگرت، بەڵام ئەمکردەوەو هەر نووزە نووزی بوو، بەیانی کە خەبەرم ئەبۆوە ئەمکوژانەوە، رادیۆم بۆ چیبوو؟ نە حەزم لەگۆرانی بوو، نە گوێم لەدەنگ‌و باسە دووبارەو دەبارەکان ئەگرت، هەر نووزەی بێت لەجیاتی پشیلە لەهیچ باشترە. وەك بیرم بێ چوار پێنج جار سەردانی کچەکەم کرد، بۆ دواهەمین جار کە چووم بۆ

لای، وەك دڵی خەبەری دابێ، چاوی ئەبریە چاوەکانم‌و لەباوەشم جیا نەئەبۆوە، وەك چۆن منداڵێك باڵندەیەك لەقولی مستیا ئەفلیقێنێتەوە بۆئەوەی لەدەستی هەڵنەفڕێت، ئەویش هەر هەڵی ئەگوشیم‌و باوەشی پیا ئەکردم. بەدرێژایی ئەو ماوەیە فێری چەند وشەیەکی عەرەبی بوو بوو، ئەو وشانەش بەکەڵکی من ئەهاتن هەتا لێی تێبگەم. بەزمانەکەی خۆی ئەکەوتە قسەکردن لەگەڵما، لەوە ئەچوو قسەکانی هەمووی پرسیار بووبێت، من هەر سەرم بۆ ئەلەقان، تەنیا لەپرسیارێکی تێ گەیشتم، ئەویش ئەوە بوو پەنجەکانی نزیك ئەخستەوە لەچاوم، دەموچاوی پڕ بوو لەپرسیار، وا دیاربوو ئەیووت ئەوە بۆچی چاوەکانت سووربوونەتەوەو هەڵتۆقیوون؟ منیش چاوی خۆمم بۆ کز ئەکرد بەهەڵسوکەوتی منداڵانە جووڵەیەکم ئەکرد لەوە ئەچوو لێم تێ بگات، ئێمە هەردووکمان بەڕۆح لەیەکتر نزیك بووین بەڵام بەزمان دوور. ئەو شەوە دواهەمین شەوم بوو بیبینم. هەتا نزیکەی نوێ شەو لەناو دەوارەکەدا یاریمان بەو شتانە ئەکرد کە بۆم کڕیبوو، ئینجا ئەیخستە ناو توورەکەیەکەوە، دایکی مەهدی بۆی دروربوو، لەژوورسەری خۆیەوە دایئەنا. لەتەنیشتیەوە پاڵکەوتم، بەهێواشی دەستم کێشا بەپشتیا، زۆری لەخۆی ئەکرد خەوی لێ نەکەوێ، بەڵام هەرچۆنێك بوو خەوم لێ خست، منیش هەرچەندم ئەکرد دڵم نەئەهات بەجێی بێڵم، بەڵام چی بکەم، نەئەبوو لەوێ بمێنمەوە. ئەو شەوەشمان بەڕێکردو گەڕاینەوە.

هەمووجارێك کە ئەڕۆشتم‌و بەجێم ئەهێشت، منیش وەك ئەو ئەکەوتمە ژیانی تەنیاییەوە، هەموو هۆش‌و خەیاڵم لای ئەو منداڵە

بوو. هەردەم خەمی ئەوەشم بوو رۆژێك لەرۆژان حوكمەت بگاتە ئەو شوێنەی ئەبو مەهدیو كورە فیرارەكەی (مەهدی) بگرنو بەهۆی ئەوەوە منداڵەكەش لەمن ونببێ، لەبەرئەوە بەردەوام دڵم لەقولی مستما بوو، هەر كە شەویشم لێ ئەهات ئەكەوتمە تەگبیركردن بۆئەوەی خۆمو كچەكەم سەری خۆمان هەڵبگرینو بەرەو شوێنێكی نادیار خۆمان ونبكەین، بەڵام من كابرایەكی بێدەسەڵات بووم هەموو سەرێكم لێك ئەدایەوە، تەنیا خەمی خۆشم نەبوو، بەڵكو خەمی حەیاتم بوو، چۆنی بشارمەوە، چۆن بەرۆژ بەتەنیا بەجێی بهێڵمو برۆم بۆ ئیشكردن. لەبەر ئەوەی باری ئابوریشم زۆر باش نەبوو هەتا بتوانم زوو زوو بچم بۆ لای، چونكە هاتووچۆكەش زۆری تێ ئەچوو بۆیە هەر بەدوو هەفتە جارێك ئەمتوانی سەری لێ بدەم. بۆ سەردانی داهاتوو نەختێك پارەم كۆكردەوە، كەوتمە كرینی یاری منداڵانەو جلوبەرگو خواردنو دیاری بۆ ماڵی ئەبو مەهدی. هەر بەیانی زوو كەوتینە رێ بەهەمان ئەو تەكسیەی هەموو جارێك سەفەرمان پێ ئەكرد. لەدوورەوە دڵم خورپەیەكی كرد، چاوم هیچی نەبینی، لە (مستەفا)ی شۆفێرم پرسی: تۆ هیچ ئەبینی؟

وتی: لەوانەیە دەوارەكەیان گواستبێتەوە شوێنێكی نزیك ئاو، چونكە ئاوی ئەم ناوە زۆر نامێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوانیش كۆچەرین لەكوێ ئاو نەما، ئەو شوێنە بەجێ ئەهێڵن، نەختێك ئاهێكم پیادا هاتەوە، هەتا گەشتینە جێی دەوارەكە، ئەروانم بووكە شوشەكەی حەیات لەو ناوەدا كەوتووە، قاچێكی لێ بۆتەوە، منیش هەڵم گرتەوەو خستمە گیرفانمەوە، هەندێك كەلوپەلی شەلوشكاو

لەوناوەدا کەوتبوونو تێکەڵاوی خۆڵو خاشاکی ماڵەکە بوو بوون، بەکەڵکی هەڵگرتن نەئەهاتن، ژیانی تیادا نەمابوو، چاڵە ئاوەکە وشك بوو بوو، تەنیا چاڵە بچکۆلانەکان مابوون کە حەیات بەچنگی خۆی هەڵی کەندبوون، هەندێکیان پووشەکانیشیان تیادا مابوو، هەرچەند سەیری شوێنەواری دەوارەکەم ئەکرد، لەوە ئەچوو چەند رۆژێك بێت ئەو ناوەیان جێ هێشتبێ، نزیکەی سێ کاتژمێر بەو تەکسیە ئەو بیابانەمان تەیکرد، خەریك بوو شێت بم، چاوم ئەرزی نەئەبینی شۆفێرەکەشم بەخۆمەوە شێت کردبوو. ئەویش لەمن بەپەرۆشتر بوو، چونکە هەموو شتێکی لەو بارەیەوە ئەزانیو ئەویش کابرایەکی بەرێز بوو، لەو بەولاوە نەم ئەوێرا لەگەڵ هیچ کەس برۆم بۆ ئەو شوێنە.

کەوتینەرێ هەتا گەشتینە شارۆچکەیەك، لەوێ نەختێك پشووماندا‌و بەنزینمان کردە ئوتومبیلەکە، کەوتینە پرسیارکردن بەتایبەتی لەپیاوە پیرەکان، ئەمانویست زانیاریەك ببیستین دەربارەی کۆچکردنی خاوەن دەوارەکانی بیابانو ئەو شوێنانەی بۆی ئەچن لەزۆر کەسمان پرسی هەریەکەو جۆرە وەڵامێکی ئەدایەنەوە، بۆ نەگبەتی ناوی ئەبو مەهدیم نەئەزانی کاتی خۆشی لێم نەپرسیبوو، هەرچەندە کەس ناوی فەرمی یەکتری نەئەزانی، نەم ئەزانی رووبکەمە کوێ؟

زیاد لەسێساڵ منو ئەو شۆفێرە بەردەوام ئەگەراین بەدوایدا، ئەو بیابانە شوێنی نەمابوو جێی پێی منی تیا نەبێ، هەرچی شارو شارۆچکەو گوندی ئەو ناوە هەیە هەمووی گەراین. هەتا

دوو هەفتە پێش هاتنم بۆ ئێرە من لەگەڕانو ئەمسەرو ئەوسەری ئەو بیابانە چۆڵەدا بووم، هەر لە بەغداوە هەتا فاو بۆ خواروی عێراق هەتا سنووری سوریاو ئەردەن لەڕۆژئاوا، هەتا سنووری ئێران لەڕۆژهەڵاتەوە شوێن نەما نەیپشکنم.

ماوەیەکی دوورودرێژە ئاواتە خواز بووم کەسێکی وەك جەنابت بدۆزمەوەو سکاڵای دڵی خۆمی بۆ بکەمو ئەو بارە قورسەی بەسەر شانمەوەیە دایگرمە خوارێ، با ئەم چیرۆکە لەگەڵ خۆما نەبەم بۆ مەملەکەتێکی دوورو هیچ کەسێکم دەست نەکەوێ داخی دڵی بۆ هەڵڕێژم، زۆر خەمم بوو ئەو رووداوەم لێ ون ببێ، وەك چۆن حەیاتم لێ ون بوو، زۆر خەمم بوو لەناو دەریای ئیجەدا لەگەڵ خۆما بیخنکێنم، سوپاس بۆ خوای گەورە کە تۆی بۆ رەخساندم ئەمانەتەکەی بدەمە دەست.

لەوانەیە سبەی دوو سبەی ئێمە بڕۆین، ئەگەر برادەرە کوردەکە بمانخاتە رێ، حەزم ئەکرد یادگارییەکت پێشکەش کەم ئەگەر لێم قبووڵ بکەیت بۆئەوەی هەردەم منو منداڵەکەو ئەم چیرۆکە لەبەر چاوت بێو لەیادت نەچنەوە.

بەدەم قسەوە سەری دانەواند بۆ ژێر قەرەوێڵەکەیو جانتایەکی بچووکی راکێشایە بەردەمی خۆی، زنجیرەکەی کردەوە لەناو توورەکەیەکی پەڕۆدا بووکەشوشە شەلەکەی دەرهێناو بەتوورەکەکەوە دایە دەستم وتی: ئەمە یادگاریەکەیە، ئەمە ئەو بووکەیە کچەکەم یاری پێ ئەکردو بەشەو ئەیخستە ژێر سەریەوە، ئەم بووکە شوشەیە نامەیەکە حەیات بۆی بەجێ هێشتووم بەهیوای

ئەوەی ببێت بەسەرەداوێك بۆ گەڕان بەدوایداو دۆزینەوەی لەشوێنێکی نادیاردا. ئەوە چەند ساڵە من پارێزگاری لەم بووکە ئەکەم، بۆنی ئەکەم چونکە بۆنی ئەوی لێ دێ، ئەگەر تۆش لای خۆت بیپارێزیت مانای وایە ئەو کچە ماوە هەر ئەبێ بدۆزرێتەوە.

تکات لێئەکەم ئەگەر دۆزیتانەوە ئەم بووکەی بەرە دەستو پێی بڵێ حەیدەری باوکت ئەم بووکەی داوەتە دەست من بیپارێزم هەتا ئەیگەیەنم بەتۆ لەوانەیە بەهۆی ئەم بووکەوە منی بیر بکەوێتەوە. تکا ئەکەم چیرۆکەکەشی وەك خۆی بۆ بگێڕەوەپێشی بڵێ چەند گەڕاوم بەدوایدا.

- منیش بووکەکەم لێ وەرگرت بەتوورەکەکەوە خستمە بەرباخەڵم وتم ئیتر خەمت نەبێ.

- هەناسەیەکی هەڵکێشا لەناو سنگیا قەتیسی کرد هەتا سوور هەڵگەڕاو چاوەکانی دوو ئەوەندە دەرپۆقین، یەك دووجار بانگم کرد بۆئەوەی هەناسەکەی ئاسایی بێتەوە، بۆ سێهەم جار بەئاخو ناڵەو حەسرەتێکەوە وەڵامیدامەوە وتی: توخوا من بەبێ حەیات بۆچی باشم؟ نیوەی دنیا لەو بیابانە کران بەژێر خۆڵەوە ئیتر من ئەبێ چیم لەوان زیاتر بێ؟ من تێناگەم خوای گەورە منی بۆ چ فیلمێکی تر داناوە؟

ویستم نەختێك دڵنەوایی بکەمو باسەکەی بگۆڕم بۆیە پێمووت:

- ئەبو حەیات ئەگەر کاتی خۆی ژنێکت بهێنایەو ژیانت بۆ خۆت دروست بکردایە، ئەوکاتە ئەو منداڵەش لای خۆت ئەبوو، لەگەڵ منداڵەکانی خۆتا گەورە ئەبوو، ئیتر تووشی ئەم بەزمە نەئەبوویت.

بەلایەکی چاو سەیرێکی کردم، وەك گاڵتەی لەقسەکەم بێت.
- مامۆستا پێشینان وتوویانە «هەموو شتێك قیسمەتو نسیبە»، لەبەرئەوەی من ناوم لەناو لیستی ژنهێنانا نەبوو، بۆیە قیسمەتیش شمولی نەکردم، من خۆمم پێ بەخێو نەئەکرا، ژنو منداڵم چی لێ بکردایە؟ بڕوا بکە لەو رۆژەوەی مووشەکەکە باوكو خوشکەکانمی کرد بەقیمە منی نەگبەت جێم نەمابوو تیایدا بسرەوم شەش ساڵی رەبەق من جادەو لاکۆڵانو بەردەمی چایخانەو لەدوکانی فیتەرەکاندا نووستووم، شەش ساڵ دۆشەكو لێفەو پشتیم نەدیوە، دۆشەکەکەم ئەرزی رەق بوو، لێفەکەم ئاسمان، سەرینەکەم پیلاوەکانم بوو، بەسەدان جار پۆلیس لەشیرینی خەودا بەشەق خەبەریان کردوومەتەوە، نەیانئەهێشت لەناو مزگەوتو باخچەو چێشتخانەکاندا بمێنمەوە. ئەوەندە کزە بای ساردی زستان چۆتە گیانمەوە، هەزارجار ئاواتم بەجەهەنەم خواستووە، شەشە ساڵ بەدەم خۆشە، دە تۆ وەرە بۆ یەك شەو خۆت تاقی بکەرەوە لەخۆشترین وەرزیشا لەسەر ئەو شۆستەی جادەیە بنوو بزانە هەتا بەیانی بەپێوە نابیت. هیچ شتێك نییە جێی نوستن بگرێتەوە، ئەتوانم سوێند بخۆم بڵێم من شەش ساڵ نەنوستووم. با وای دانێین نوستنیش پێویست نییە، ئەی کاتێك باران ئەبارێو تۆش نازانی لەکام شوێنی وشکایدا لێی بکەویت. کاتێك خەو زۆرت بۆ ئەهێنێ نەك لەژێر بارانا، بەڵکو لەناو قولایی دەریاشا هەر ئەبێ خەوی خۆت بکەیت، چونکە مێشکت ئەنوێ کە مێشکیش نووست ئەبیت بەلاشەیەکی بێ مەعنا عیچ شتێکت لەدەست نایە.

هەرچی نوکتە هەیە بۆ پێکەنینن، بەڵام ئەو نوکتانەی بەسەر من هاتوون پڕن لەفرمێسكو گریان. شەوێك پشتم دابوو بە موحاجەرەی شۆستەیەکەوە خەوم لێکەوتبوو، بەیانی کە خەبەرم بۆوە کۆمەڵێك منداڵی بزێو لەدەورم بوون وامزانی کەتنێکم کردوە، ویستم تین بدەمە خۆمو هەستم، ئەڕوانم بەگوریسێکی نایلۆن بەستراومەتەوە بە موحەجەرەکەوە، هەر تەکانم ئەدایە خۆمو نەمئەتوانی خۆم رزگار بکەم، منداڵە بزێوە (بێ باوکەکانیش) توێکڵە شووتیو توێکڵە مۆزیان تێ ئەگرتمو پێم پێئەکەنین، هەتا ماوەیەك بەوجۆرە مامەوە، دوایی پیاوێکی خۆت ئاسایی رزگاری کردم. جارێکی تر تووشی سکچوون بووبووم. بەیانی ئەو پیاوەی لەبەردەمی چایخانەکەیدا نوستبوم بەشەق هەڵی ساندم، کاتێك سەیری گەڵوشیپاڵی خۆم ئەکەم چیم خواردبوو هەر هەموویم هێنابۆوە ئەو ناوەیشم پیس کردبوو. زۆر شتی سەیرم بەسەرهاتووە، ئیچستا لەداخی حەیاتی کچم ناکەوێتەوە یادم گێڕانەوەیشیان بۆ تۆ هیچ ناگەیەنێت، لەکەڵەکەبوونی مەراقو خەفەت بەولاوە.

کاتێك سمێڵم بۆرکردو توانیم ئیش بکەم ژوورێکم گرت بەکرێ لەماڵێکدا خاوەنەکەی ژنومێردێکی پیربوون، دەرگای ژوورەکەش کەوتبووە سەر کۆڵانێکی باریکی داخراو، ئیتر لەدوای منەوە دەرگای هیچ ماڵێك لەسەر ئەو کۆڵانە نەبوو، هەرچی پارچە جەریدەی ئەو ناوە هەبوو کۆم ئەکردەوەو ئەمخوێندەوە ئینجا ئەم سووتان، هاوینانیش لەتاو گڕەو گەرماو مێشولە، خۆزگەم بەماسی دەریا خواستووە. لەوکاتەوە هەتا سێ رۆژ لەمەوپێش من لەو ژوورەدا

ئەژیام، لەبەرئەوەی کۆلانەکە دەرنەئەچوو کەسیشی پیادا نەئەڕۆشت تەنانەت چۆلەکەشم نەئەبینی، سەری مانگان کابرای خاوەن ماڵ بەگۆچانەکەی ئەیکێشا بەپەنجەرەی ژوورەکەمدا کە کەوتۆتە سەر حەوشەی ماڵەکە منیش هەر لەپەنجەرەکەوە کرێکەم ئەدایە ئیتر نەم ئەبینیەوە هەتا سەری مانگێکی تر، توخوا هیچ ژنێك لەو ژوورەدا ئەژی؟ نەشم ئەتوانی شوێنێکی تر بگرم بەکرێ، چونکە ئەوەی دەستمئەکەوت بەشی کرێ خانووی نەئەکرد. ئەوەی راستی بێ کەسیشم نەبوو مشورێکم بخوات منیش خۆم حەزم لەتەنیای بوو نەمئەویست تێکەلاوی خەڵك ببم بۆیە حەزیشم لەژن نەبوو.

هەرچی شڕوشیتاڵی ژوورەکەم بوو دام بەدراوسێیەکی لەخۆم داماوتر. هەندێك پارەم کۆکردەوە، لەجیاتی ئەوەی ژنی پێ بهێنم ئەیکەمە دەستی قاچاخچیەکەوە تا بمگەیەنێتە دەرەوە، یان بمخاتە ناو دەریای ئیجەوە لەوێدا بخنکێم باشترە لەوەی بەمجۆرە درێژە بەو ژیانە سەقەتە بدەم. منیش نەختێك دڵخۆشیم دایەوەو پێمووت: ئەوەندە رەشبین مەبە، هیوادارم بەمزوانە بگەیتە ئەوروپاو لەوێ ژیانێکی باشتر بەریتە سەر، ئیشەلا بەمزوانە ئەکەوینە گۆڕینەوەی نامەو وێنە ناردن بۆ یەکتر. ناونیشانی برازاکەمت ئەدەمێ لەسویدە بەهۆی ئەوەوە ئەتوانیت نامەم بۆ بنێریت ئەگەر کەست دەست نەکەوت.

گەلێك سوپاسی یەکتریمان کردو بووکەشوشەکەم لەگەڵ خۆم هێنایەوەو خستمە ناو جامخانەی کتێبخانەکەمەوە بۆئەوەی هەردەم لەبەرچاوم بێت.

# ٢

پێش بانگی بەیانی لەڕۆژێکی بەهاردا دەروێش عەلی چوو بەدوای باجی خورشیدی مامانا، کاتێك گەشتنەوە ماڵی پیرۆز لەحاڵی خۆیدا بوو، دەروێش عەلی لەهەیوانەکە هاتووچۆی بوو، وەك مەکۆی جولاوی لێ هاتبوو، ئاغزە جگەرە هەیوانەکەی پیس کردبوو، هەرچی سوورەتە کورتەکان هەبوو هەمووی خوێند، لەگەڵ مەلا بانگی فەرموو هاوار لەژوورەکەی دەروێش عەلی بەرز بۆوە، هەر لەیەکەم هاواری منداڵەکەوە دەروێش عەلی دەستیکرد بەهاوار هاوارو پاڕانەوە لەخوای گەورە، ئەیووت: خوایە گیان شوکورم بە بەشت، بیکە بۆ خاتری گەورەیی خۆت ئەم دانەیەمان بۆ بهێڵەوە.

باجی خورشیدو خاوەن ماڵەکەیان لەژوورەوە خەریکی پێچانەوەی منداڵەکە بوون، دەروێش عەلی لەودیو پەنجەرەکەوە هاواری ئەکرد: چیمان بوو؟

ژنی خاوەن ماڵەکەیان داوای مزگێنی لەدەروێش ئەکردو ئەیوت کتومت لەخۆت ئەچێ، دەروێش عەلی لەخۆشیدا جێی بەخۆی

نەئەگرت خێرا بەرماڵەکەی داخست دەستیکرد بەنوێژکردن‌و دوای نوێژ ئەوەندە پارایەوەو دوعای کرد کافر بەزەیی پیادا ئەهاتەوە، هەردوو دەستی بەرزئەکردەوە فرمێسکی خۆشی بەچاوە شینەکانیا دەهاتنە خوارێ‌و ئەیوت: منیش‌و پیرۆزیش هەردوکمان پیربووین، لەوانەیە ئەم منداڵە دواهەمین سکی پیرۆز بێت، ئەمە حەوتەمین منداڵمانە، شەشەکەی پێش ئەم هەر بەمردوویی ئەیبوو هیچ کامیان هاواریان لێ هەڵنەئەستا مادام ئەم هاوار دەکات پەنام بەخوای گەورە بۆمان ئەمێنێ.

کە رۆژ بۆوە دەروێش چوو بۆ دوکانەکانی نزیك ماڵی خۆیان نەختێك شیرینی کڕی‌و خۆی کرد بەژووراو خۆی گەیاندە منداڵەکەو بەدەم گریانی خۆشیەوە ئەیووت: هاوارگیان من باوکتم.

کاتێك تیشکی خۆر دای لەپەنجەرەی ژوورەکەیان مژدەی خۆشی خستە دڵی پیرۆزو مێردەکەیەوە دەوریان چۆڵ بوو، دەروێش دوو نانی تیری تەڕ کردو هێلکەورۆنێکی چەوری بۆ خۆی‌و پیرۆز کرد، هەتا خۆی پارویەکی ئەخوارد دوانی ئەکرد بەدەم پیرۆزەوە، بەدەم پێکەنینەوە ئەیووت: ئیتر باکم نییە مادام بووم بەخاوەنی کوڕێکی چاوشینی جوان، دەرگای رەحمەتمان لێ کرایەوە.

- پیرۆز من ئەمزانی کوڕمان ئەبێ، هەر لەهەشتەم مانگییەوە سکەکەت دیاربوو کوڕی تیایە، نەختێکیش قەڵەو بوو بوویت.

پاروویەکی تری کرد بەدەمی پیرۆزداو بەهێواشی وتی: ئەها شەوەکەی گوێم نا بەورگتەوە پێمووتیت (کورە، کوڕ)، تۆ ئەتووت چوزانیت؟ ئەو فریشتانەی ئەمدیو ئەودیوی ئەکەن نازانن، خۆم کە

لەسکمایە نازانم تۆ لەکوێوە زانیت کوڕە؟
دەروێش عەلی بەتووڕەییەوە ئەیووت: ها راستم نەکرد؟
وەك دوو کۆتری هاقو سەریان نابوو بەسەری یەکەوە شۆڕیان کردبوەوە بەسەر سەری کوڕەکەیاندا، هەناسەی خۆیان هێواش کردبۆوە تا گوێیان لەهەناسە کورتو خێراکانی منداڵەکە بێت، جارجارێکیش دەروێش عەلی بەتیلەی چاو لەژێرەوە سەیرێکی پیرۆزی ئەکردو بزەی لێوی هەردووکیان نوێ بوونەوەی خۆشەویستی لێ ئەتکا، وەك هەردووکیان چووبنە سەر وەیس بەیادی جارانی لاوێتیو جارێکی تر پەیمانی خۆشەویستی نوێ بکەنەوە.
تەگبیرو راو پلان دانان بۆ سبەینێ، بۆ مانگێکی تر، بۆساڵێکی تر تەنانەت بۆ ئەو کاتەی ژنیشی بۆ ئەهێنن، دەروێش ئەیویست رێنمایی بکاتو بیخاتە سەر رێی باو باپیرانی، پیرۆزیش خۆی بەناز ئەفرۆشتو ئەیووت: دە وازی لێ بێنە باخۆی چۆنی ویست ئاوا بکات، با ئێمە سەری لێ تێك نەدەین. دەورێش بەسووکە توڕەبونێکەوە ئەیووت چۆن ئەیدەمە دەست قەدەر، بەخوا بۆ یەك چرکەش دەست بەرداری نابم، حەی وا ئەزانێ دۆزیومەتەوە.
- پیزە گیان تۆ بنوو من بۆ خۆم بەدیارییەوە ئەبم، چونکە من خەوم نایەت، تۆ هیلاکیت سەر خەوێکی بۆ بشکێنە.
ئەو بەیانیە پەڵە هەورەکانی بەهار لەیەك دوور کەوتنەوە، دەروێش عەلی لەژوورەکەی هاتە دەرەوە سەرێکی بۆ ئاسمان هەڵبڕی چەند پەڵە هەورێکی دووری بینی بەدوای یەکدا باڵیان گرتبوو، ئەمیش بەدەم زەردەخەنەوە هاتە ژوورەوە بەپیرۆزی وت لەوە ناچێت

ئەمڕۆ بباریێت، جلە تازەکانمت خستۆتە کوێوە؟ پیرۆز بەپێکەنینەوە دەستی بۆ سندوقە بوراقەکە راکێشاو وتی جلەکان نەدەیت بەسەر یەکدا، لەژێرەوە دام ناوە. دەروێش عەلی لەسەرخۆ ئەڵقەڕێزی سندوقەکەی کردەوە بەتیلەی چاویش سەیری پیرۆزی ئەکرد ئەتوت دزی لێ دەکات.

جلەکانی جەژنی دەرهێناو نەختێك شڵپوهوڕ تەکاندی ئەیویست چرچو لۆچەکانی راست بنەوە، خۆی گۆڕیو پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە بەئەسپای لێوی نا بەڕوومەتی منداڵەکەوە سەرێکی بۆ پیرۆز هەڵبڕیو نەختێك ڕوومەتی ئەویشی گوشیو پێیووت قوربان ئەی جەنابت ئەمرت بەچییە بۆت بێنمەوە؟

- پیاوەکە کەیفی خۆتە بەس قوماشەکەی منداڵەکەت بیر نەچێت ئەوەی شەوێ پێمووتیت.

دەروێش لەخۆشیدا نەیئەزانی چی بکات، هەڵساو چووە ئەودیو دەرگاکەوەو ئاورێکی لەمنداڵەکەو دایکەکەی دایەوەو دەرچووە دەرەوە بەرەو بازاڕ، کەوتە کڕینی پێداویستی ماڵو چەند گەزێك قوماشی خەتداری ڕەنگاوڕەنگ، سێ ڕۆژ بوو دەروێش عەلی لەماڵەوە خزابوو بەدیار منداڵێکی ساواوە، مەگەر بۆ نوێژکردن یان بۆ پێداویستی تایبەت لێی دووربکەوتایەتەوە، بەردەوام بەژوور سەریەوە بوو. دوای کڕینی پێداویستیەکانی چوو بۆ دوکانی وەستا ساڵحی کەوش دروو داوای جوتێك کەوشی سووری لێکرد بۆی دروست بکات، ئەویش لێی پرسی: دەروێش عەلی ئەوە خێرە بەم بەیانی زووە داوای کەوشی سوور ئەکەیت ئەڵێی ژنیان بۆ هێناویت؟

- ئەی نەتزانیوە کوڕێکمان بووە؟ باجی فەیمی خێزانت پێی نەوتویت؟ دراوسێیەتی چۆن وا ئەبێت، ئەوە سێ چوار رۆژە من نەهاتوومەتە ناو بازاڕ نەتپرسیوە بۆ دەروێش عەلی دیار نییە.

- بمبورە بڕوا بکە کەس پێی نەوتووم، دەی خوالێتان نەستێنێ، کەواتە لەگەڵ کەوشەکانی خۆتا جووتێکی بچکۆلەش بۆ منداڵەکەتان ئەدوورم، بۆی هەڵگرە بەئیزنی خوا دوو ساڵی تر لەپێیان ئەکات، ئەوەیان دیاریی منە.

دەروێش عەلی زۆری پێ خۆش بوو لەئێستاوە کەسانێك هەن مشوری پێڵاوی کوڕەکەی ئەخۆن، سوپاس بۆ خوا.

باجی خورشیدی مامانو هەندێك لەدراوسێکانی هاتبوون بۆ پیرۆزبای منداڵەکەیان، یەکێکیان پرسی، ئەرێ ناوتان ناوە چی؟

- وەڵڵا بڵێم چی، هێشتا لەسکما بوو دەروێش عەلی ئەیووت کوڕو کچ لای من جیاوازی نییە، هەر هەمووی بەشی خوایە، هەر کامێکیان بێت من ناوی ئەنێم (هاوار).

دوێنێ شەویش لەگەڵ مەلا حەسەنی خۆمان کەوتبوونە مشتومڕ، مەلا ئەیویست ناوێکی خۆمانەی لێ بنێت، دەروێش ئینکار بوو هەر ئەیووت مەلا گیان تۆ بانگی بەگوێدا بدەو سێ جار بڵێ هاوار، ئیتر ئەوەی بۆچییە؟ مەلای داماویش ناچار رازی بوو، ناویان نا (هاوار) ئیتر ئەو ناوەی بەنسیب بوو. ژنەکانی گەڕەکیش گەلێك دووعای خێریان لەدەم هەڵوەری، هێندەی پێ نەچوو دەروێش عەلی بەخۆیو باوەشێك سڵقی کەرکووکەوە خۆی کرد بەژووراو سەلامێکی بۆ هەڵدان، هەر بەپێوە سەیرێکی هاواری کرد لەباوەشی دایکیا شیری

ئەخوارد، بەدەم زەردەخەنەوە بەپیرۆزی وت: ئەو شتانەم بۆ سبەینێ هێناوەتەوە، دوای نوێژی هەینی مەلا حەسەنم بانگ کردووە، حەزی لەیاپراخە.
پیرۆز سەرێکی بۆ لەقاندو ئیشەڵلایەکی کرد.
دەروێش عەلی کارێکی بەردەوامی نەبوو، هەر دەمەی کارێکی ئەکرد، هاوینان بەخۆی و دوو تەنەکە ئاوەوە خەریکی ئاوڕشێنی ناو بازاڕ بوو، دوو تەنەکەی هەڵواسیبوو بەدوو سەری دارێکی درێژەوە، لەمزگەوتی هەلاجەکان پڕی ئەکردن لەئاو، دارەکەی ئەخستە سەر پشتی ملی و ئەیبرد بۆ ئەو شوێنەی ئاوڕشێنی ئەکرد، ئەو دووکانانەی کەتبوونە سنوری ئاوەڕشێنی ئەوەوە، هەریەکەو بڕێك پارەیان ئەدایەو هەندێکیان یارمەتیشیان ئەدا، کاتێك لەئاوڕشێن ئەبۆوە حەماڵی ئەکرد، لەوەرزەکانی تردا دەمێك شاگردی مسگەرەکان بوو، دەمێك شتێکی ئەگرت بەدەستیەوەو ئەیفرۆشتەوە، زۆربەی جاریش دوکاندارەکان شتیان پیادا ئەناردەوە بۆماڵەوەیان، لەبەر ئەوە ماڵی هەموویان شارەزا بوو، تەنانەت خێزان و منداڵی هەموو ماڵێکی ئەناسی، ئەوانیش زۆریان خۆش ئەویست.
دوای دوو ڕۆژ کەوشەکانی خۆی و هاوار تەواو بوون، لەخۆشیدا ئەو ڕۆژە زوو دەستی لەئیش هەڵگرت و لەماڵەوە پیشانی پیرۆزی دا.
پایز دواکەوت، پەڵە هەورەکان بەرەو شوێنێکی تر چوون، دەروێش عەلی مەراقی بوو بۆ بارانێکی بەخووڕ، سەربانی ماڵەکان وشك و برنگن و هەتا ئێستا تنۆکێك باران نەباریوە، دەروێش عەلی چاوی لەچاوەڕوانیدا بوو بۆ بارانێك، چونکە بەپەلەبوو بۆ سەربان گێڕان،

هەر لەزووەوە پەتی باگردێنی دابوو بەکردن، جووتێك جزمەو کلێتەیەکی پۆلیسی بۆ زستان کڕیبوو، خوا خوای بوو زوو ببارێو سەربانەکان دڵۆپە بکەنو خەڵکەکە هاوار بەرن بۆ دەروێش عەلی فریایان بکەوێت، دڵۆپەکە بگرێتەوەو سەربانەکان بکوتێتەوە، ئیش کەمە، ئەمیش پێویستی بەپارە بوو بۆیە هەرچەند منداڵانی ئەبینی بووکە بەباران ئەکەن کەیفی پێ دەهات.
دوای چەند رۆژێك پەڵە هەروەکان گردبوونەوە نمەبارێنکی کەم باری بۆیە بەپەلە خەڵکی شار کەوتنە کۆکردنەوەی زەخیرەی زستان، گەنم هارینو حەماڵی کەوتە برەوەوە، دەروێش عەلی دڵی خۆش بوو ئەیزانی ئەمرۆ یان سبەی ئەیکا بە لێزمەو قوڕو لیتە.
پایز هاتو کاری خۆی کرد، ساردو سەرماو رەشەبای بەتین بازاری دەروێش عەلی گەرم کرد، جاری واهەبوو شەو درەنگ وەختێك ئەهاتن بەدوایا فریایان کەوێت، چونکە ژوورەکانیان دڵۆپەی ئەکرد، ئەو پایزو زستانە دەروێش عەلی لەبەر سەربان گێڕان ناو بازاڕی زۆر نەئەدی، مەگەر پیرۆز بیناردایە بۆ شت کڕین، هەزار جۆر ئیشی ئەزانی کەچی هیچی نەئەکرد بەهیچ، ئەم بەهارەش وەك هەموو ساڵانی پێشوو هەرچی بهاتەیە بەدەستیەوە ئەیکڕیو لەبەر حەوزە وشکەکەی ناو بازاڕ بەهاوار هاوار هەتا ئێوارە ساغی ئەکردەوە، ئەوەی ئەمایەوە بەکۆڵ ئەیبردەوە بۆ ماڵەوە بۆ سبەینێ ئەیهێنایەوە بۆ بازاڕ. هەموو دەستمایەیەکی ئەو کۆڵە بوو.
رۆژێك بەفەردەیەك رێواسەوە گیری خواردبوو، هەر لەبەیانیەوە هەتا ئێوارە بۆی ساغ نەبۆوە، هەرکەسێك گوێی لەدەنگی بوایە

کاتێك هاواری ئەکرد (کۆمەڵا رێواس بە عانەیەك) ئەو شەوە دەنگە غەمگینەکەی لەگوێی خەڵکا ئەزرنگایەوە، لەرەی دەنگی پڕ بوو لەمانای برسێتیو نەبوونی، پڕبوو لەناڵەو نرکەی کەسێکی ماندوو. ئێوارە درەنگ کاتێك بەتەنیا مایەوە، دەستمایە هەڵڕژاوەکەی کۆکردەوەو کردیەوە ناو فەردەکەو دای بەکۆڵیا بەرەو ماڵ، وەك ئاوارەبوویەکی ونبوو، سەری نزمو هەنگاو کورتو عارەق چاوی هەڵکەنیبوو، دنیا خەریك ئەبوو تاریك دابێت ئینجا بەخۆیو کۆڵەکەیەوە خۆی کرد بەماڵدا.

پیرۆز سەیرێکی مێردەکەی کرد وتی: وادیارە چیت کڕیبوو هەر هەموویت هێناوەتەوە، رەنگبێ چارەکێکیت نەفرۆشتبێ، دەروێش عەلی کۆڵەکەیدا بەئەرزا زرمەی هات، بەپشتێنەکەی پشتی ئارەقی نێو چەوانی سڕی، وتی: ئافرەت خۆ بەزۆر نافرۆشرێت، چیبکەم، دەنگم نووسا ئەوەندە هاوارمکرد، هاوار بەماڵم.

لەسەر فەردە رێواسەکە دانیشتو لەبەرخۆیەوە ئەیووت: ئەگەر رێواس بکرایە بەچێشت ئەمڕۆ هەموویم ئەفرۆشت، جارێکی تر ئەم چیلکەیە ناکڕم شتێك ئەکڕم زوو سەرف بێت.

هاواریکرد: پیرۆز چیت لێهات؟ سەتڵێك ئاو بێنە بیکە بەم فەردە رێواسەدا با نەبێ بەچیلکە، هیچ نەبێ با زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە. دەروێش عەلی بڕیاریدا کڕینو فرۆشتن بەشتەوە نەکاتو دەست باتەوە حەماڵییەکەی لەهەموو شت باشترە، بەس نییە دەستمایەی ناوێو زەرەریش ناکات، ئارەزووی لەحەماڵیەك نەبێ بێزی نایە هەر وەڵامی کەسەکەش بداتەوە، جارێکی تر هاواری لەپیرۆز کرد وتی:

ئەزانی چی؟ ئیتر هیچ نافرۆشم با لەوە زیاتر زەرەر نەکەم، پیرۆز قسەکەی بەدڵ نەبوو وتی نەگبەت تۆ کوا توانای حەماڵیت ماوە؟ بەخوا رۆژێك لەژێر فەردەیەك ئاردا ئەخنکێیت، تەمەنت پەنجا ساڵ زیاترە حەماڵی بەتۆ ناکرێ.

قسەکەی پیرۆزیش راست بوو ئەم کابرایە لەمنداڵیەوە کۆڵ ئەکێشێ جاری وابووە کۆڵەکەی دوو ئەوەندەی کێشی خۆی بووە، بەڵام ئیتر پیر بووەو ناتوانێت نیوەی کێشی خۆی هەڵگرێت، شت فرۆشتنەکەشی ئەوە بوو کە هەمیشە زەرەری ئەکرد.

ساڵ لەدوای ساڵ توانای دەروێش عەلی بەرەو لاوازی ئەچوو، کاتێك هاوار تەمەنی گەشتبووە شەش ساڵان دەروێش عەلی قەبارەی تەنەکە ئاوەکەی کردبوو بە نیو ئەوەندەی جاران، دوای ئاورشێنکردنی ناو بازاڕ بە زەمیلە حەماڵی ئەکردو میوەو زەخیرەی دوکاندارەکانی ئەبردەوە بۆ ماڵەکانیان، ئەگەر فەردەیەك باراش هەبووایە بە دووجار ئەیبرد بۆ ئاشەکە، ماوەی چەند مانگێك بوو لەئاشی گاورەکە کاری ئەکرد.

دەورێش عەلی شەوان ئەبوایە پیرۆز شانو ملی بشێلایە جارجارێکیش هاواری ئەخستە سەر پشتی، هەموو شەوێك دوای نان خواردنی ئێوارە هاواری لەتەنیشت خۆیەوە رائەگرت فێری نوێژی ئەکرد، ئەبوایە لەسەر بەرماڵەکە دەستیان بەرز بکەنەوە بڵێن (خوایە شوکرین بە بەشت).

ئینجا دای ئەنا بەدیار خۆیەوە ئەکەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو سەردەمەو جارجارێك بەسەرهاتەکانی خۆی تێکەڵ بەچیرۆکەکانی

ئەکرد لەکاتی پشوودا ئەیووت خوایە شوکورم بە بەشت، ئەبوایە هاواریش ئەم قسەیە بڵێتەوە. بەهاواری ئەوت کوڕم هەرچی شوکور نەبێ نان بڕاو ئەبێ، جاری وا هەبوو هاوار بەدیار چیرۆکەکانی باوکیەوە وەنەوز ئەیبردەوە باوکیشی تینی ئەدایە نەئەوەستایەوە هەتا پیرۆز فریای کوڕەکەی ئەکەوتو ئەیخستە سەر جێگاکەی.

دەروێش عەلی مەبەستی ئەوە نەبوو کوڕەکەی لەچیرۆکەکەی تێبگات بەڵکو بێتاقەتی خۆی پێ ئەڕەوانەوە، دوای نووستنی هاوار خەیاڵی ئەدایە پیرۆز، باس باسی کوڕەکەیان بوو، هەر کە پیرۆز باسی قوتابخانەی ئەهێنایە پێشەوە دەروێش عەلی ئەچوو بەئاسماناو لەقەی لەئەستێرە ئەدا بەجۆرێك توڕە ئەبوو خەریك بوو مقەڵیە ئاگرەکە بکاتە کۆشی پیرۆزەوە، ئەینەڕانو هاواری ئەکرد من چۆن کوڕی خۆم ئەنێرم بۆ شوێنێك دەرسی شەیتانی دابدەن؟ ئەگەر ئەتەوێ ئەینێرم بۆ حوجرەکەی مەلا عبدولاّ لەوێ بەولاوە نایخەمە هیچ شوێنێکەوە.

پیرۆزیش ئەوەندەی تر تووڕەی ئەکردو ئەیووت حەیف نییە کوڕە حەماڵ وەك باوکی نەبێت بەحەماڵ؟

دەروێش عەلی هەموو شەوێکی لەیەك ئەچوو، بەچیرۆكو سەرگوزشتەوە دەقی گرتبوو وەك ئەو مامۆستا حیکایەت بێژانەی لەچایخانە میللیەکانی شاری سلێمانی کە حیکایەتی (شیرینو فەرهاد، ئەمیر ئەرسەلان، خورشیدو خاوەر، ڕۆستەمو زۆرابو...) بەشێوەی هۆنراوە بۆ خەڵکی ناو چایخانەکانیان ئەخوێندەوە، دەروێش عەلی لەماڵەوە لاسایی ئەو مامۆستا حیکایەت بێژانەی بۆ هاواری کوڕی

ئەکردەوە.
ئێوارەیەکی هاوین دەروێش عەلی بەشەلەشەل هاتەوە پیرۆز رەنگی هەڵبزرکا دەستی گرتو لەهەیوانەکە دانیشتن پێیووت ئەوە بۆچی ئەشەلیت؟ کۆڵی قورست هەڵگرتووە؟ یان کەوتوویت؟
- کۆڵی قورسی چی، ئەمرۆ خەریك بوو ملم بشکێ، تەنەکە ئاوەکان بەسەر شانمەوە بوون لەپڕێکا سێ چوار کۆمەڵ گەنجی ئەم شارە لەبەر حەوزە وشکەکە هەڵقوڵانو گردبوونەوە هاواریان ئەکرد (بڕوخێ نوری سەعید، بڕوخێ وەصی، بژی گەلو نیشتمان)، ئەوەندەی پێ نەچوو پۆلیس بەدارەوە بۆیان هاتن بوو بەڕاکە ڕاکەیەك هەر مەپرسە، هەر زەلام بوو بەلایەکا فڕکەی ئەکرد، دووان لەوانە بەملاو بەولاما دەرفرتان تەنەکە ئاویان لەشانم خستە خوارەوە خۆشم کەوتم بەدەما، پۆلیسەکان منیشیان دایە بەر شەقو زللە وایان ئەزانی من موزاهەرەکەم ڕێکخستووە، حاجی عارفو ئەوان نەبوونایە ئەیانبردم. بەخوا ئەم کوڕە گەنجانە ئازان، ئەگەر منیش گەنج ئەبووم لەوان خراپترم ئەکرد، ناحەقیان نییە، لەوەتەی خوا ئەم میللەتەی خەلق کردووە یەکێك ئاوڕی لێ نەداوەتەوەو کەسیش بەهیچمان نازانێ وەك ئەوەی بەشەر نەبین، داخی هیچیش نامکوژێ داخی ئەو پۆلیسانە نەبێ، نازانم چۆن دڵیان ئەهات ئەو تێلایە بکێشن بەسەرو پشتی ئەو گەنجانەدا، وەڵڵا من جەرگم ژانی ئەکرد بۆیان، لەوانەیە ئەوان رەحمو بەزەییان گۆڕیبێتەوە بەچوار عانە معاش. کێ ئەڵا منداڵی خۆشیانی تیا نەبووە، پیرۆز بەس نییە شوکور کوڕەکەمان لەتەمەنی ئەو گەنجانەدا نییە ئەگینا بەخوا خۆی تێ

هەڵئەقورتان، ئەوە کوڕی باوکی خۆیەتی کە ویستی شتێك بکات دێو نایگێڕێتەوە، کوڕی خۆمەو خۆم ئەیناسم (دەروێش عەلی ئەیویست بەهۆی کوڕەکەیەوە خۆی هەڵکێشێت)

پیرۆزیش زەردەخەنەیەك گرتیو لەبەرخۆیەوە ئەیوت خۆت جوان هاتوویتەوە.

هەموو ساڵێك لەکۆتایی وەرزی هاویندا دەرگای قوتابخانە ئەکرێتەوە. ئەو دوارۆژەی پیرۆز نەخشەی بۆ کوڕەکەی کێشابوو زۆر جیاواز بوو لەو نەخشەیەی دەروێش عەلی، پیرۆز ئەیزانی ئەگەر کوڕەکەی نەخوێنێ دوارۆژی لەباوکی باشتر نابێ، بۆیە ئاگر بەرببوە گیانی ئەیویست ئەمیش وەك هەموو دایکێك پەلی کوڕەکەی بگرێو بیبات بۆ قوتابخانە، کەللەرەقی دەروێش عەلی وای لێ ئەکات پەنا بەرێتەبەر دراوسێیەکیان کە مامۆستایە، ئەویش دڵنیای ئەکات کە مێردەکەی رازی بکات هاوار بخاتە قوتابخانە.

مامۆستا شێخ سەعید لەدوای نوێژی ئێوارە شان بەشانی دەروێش عەلی ئەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، لەرێگا پێی ئەڵا بۆچی کوڕەکەتان ناهێنن بۆ مەکتەبەکەی ئێمە لەوێ داغڵی بکەن من مامۆستای ئاینم لەو مەکتەبە؟ دەروێش کە گوێی لەوشەی ئاین ئەبێ ئەڵێ بۆ لەمەکتەب دەرسی ئاین هەیە؟ مامۆستا شێخ سەعید پیاوێکی موسڵمانی خواناس بوو گەلێك قسە بۆ دەروێش عەلی ئەکات، ئەویش لەقسەی دەرناچێت. هەر کە دەرگای حەوشەی کردەوە نەگەیشبووە هەیوانەکە هاواری کرد پیرۆز لەکوێیت؟ دەوەرە خەبەرێکی خۆشم پێیە، پیرۆز بەپەلە هاتە دەرەوەو چاوەڕوانی خەبەرەکە بوو، ئەم

ئێوارەیە لەگەڵ شێخ سەعیدی دراوسێمان لەمزگەوتەوە هەتاماڵەوە پێکەوە بووین، بەخوا پیاوێکی موسڵمانە، دەرسی ئایین ئەڵێتەوە، پیزە لەبەیانی زووتر نییە هاوار بەرە داغڵی کە لەو مەکتەبەی مامۆستا شێخ سەعید، باشە؟

پیرۆزیش بەدڵێکی خۆشو بەڕوویەکی گەشەوە دەستی کرد بەصلاوات دانو سوپاسکردنی خوای گەورە کە دەروێش عەلی نەرم بووە. بەیانی پیرۆز خۆیو منداڵەکەی شتو سەری بۆ داهێناو پەلی گرت بەرەو قوتابخانە، وای ئەزانی هەموو دنیا موڵکی ئەوە. هەر ئەو رۆژە هاوار چووە بواری خوێندنەوە.

شەوێك دەروێش عەلی ئەوەندە باسی شوکورو ناشکوری کرد شانازی بەنەبوونیەکەی خۆیەوە ئەکرد هەتا هاوار کەوتە قسەو بۆڵە بۆڵی ژێراو ژێر، بەهێواشی سەری هەڵبڕی بەباوکی وت: باوکە ئەی بۆ بەختیاری دراوسێمان هەر ئەخواتو هەڵئەتیزێنێت هێشتا ناشکورەو نانبڕاویش نەبوون؟ ئەو چی لەئێمە زیاترە؟

دەروێش عەلی ئەم مەسەلەی شوکرو ناشکورە هەمووی داخی نەبوونیەتی لەدڵیا، بەڵام هەرچی قینو تووڕەیی خۆی هەبوو لەکورەکەیدا بەتاڵی کردەوە، نەڕاندی بەسەریا (ئینجا تۆ تێئەگەی هەی بێ ئەقڵ؟) ئێمە شوکورین بە بەشی خوا با ئەو هەر هەڵتیزێنێت.

هاوار لەترسی باوکی ئەوەندی چنگێکی مابۆوە نەی ئەوێرا سەر هەڵبڕێ لەئاستی باوکی نەشی ئەزانی چۆن پەشیمانی خۆی نیشان بداتو داوای لێبووردن بکات، باش بوو دایکی فریای کەوت، بەسەر

دەروێش عەلی دا هەڵسایەوە: ئەو نەرە نەرە نەڕەت لەچییە بەسەر ئەو منداڵەدا ئەیکەیت؟ ئەو چووزانێ شوکورو ناشکور چییە دە وازی لێ بێنە بابڕواتە جێگاکەیەوە چاوی کوێر بوو بەدیارتەوە، ئەوەندە باوێشکیدا دەمی گەیشتە چەناگەی، تۆ ئاخرییەکەی کوڕەکە تێکئەدەی، ئەمەچی بوو نەبڕایەوە؟

هاوار لەو دەنگە دەنگە ترسەکەی بوو بەدوو ئەوەندە، ترسا لەوەی هەڵسێ پەلاماری دایکی بدات بۆیە بەخشکەیی لەدایکی نزیك بۆوەو سەری خستە سەر رانی، دایکشی کردیە باوەش‌و بردیە ناو جێگاکەیەوە لەتەنیشتیەوە راکشاو بەنەرمی لەپی دەستی کێشا بەپشتیا هەتا بەترسەوە خەوی لێکەوت.

دەروێش عەلی هەر پیشی ئەخواردەوە خەریك بوو دڵی بتەقێ، لەبەر خۆیەوەو ئەیووت: ئەی چی بکەم نازانم چۆن هەستی هەژاریی‌و نەبوونی‌و بێ توانایی خۆم بۆ کوڕەکەم دەربڕم، بۆیە باسی ناشکوری بۆ ئەکەم بۆئەوەی پەڵپی شتم پێ نەگرێ، چونکە گیرفانم هیچی تیا نییە هەفتەیەکیش ئەبێ لەپارەی نانە وشکەکە بولاوە عانەیەکم دەست نەکەوتووە، بەگەورەیی خوا دوێنێ هەرچەندم کرد نیو فەردە ئاردم بۆ بەرز نەکرایەوە، خاوەن ئاردەکە حەماڵێکی تری بانگ کرد منیش وەك داشی دامە خورام، هێزو توانام نەماوە لەوەتەی هەم نەمتوانیوە چوار عانە پاشەکەوت بکەم بۆ رۆژێکی وەك ئەمڕۆ.

پیرۆز لەناو جێگاکەیەوە سەرێکی هەڵبڕی‌و قسەکانی بەدەروێش عەلی بڕی پێیوت: ئەی ئەم شوکورو ناشکورەت لەچییە؟ پێم ناڵێیت بەچی شوکریت؟ بڕایەوە ئەگەر شوکر خواردن بوایە بەرئێمە

نەئەکەوت.

- ئێ ژنەکە من لەدینەکە بەولاوە هیچ دەستمایەیەکم نییە، ئەگەر ناشکوربم ئەویشم نامێنێ.

- ئەی ئەو منداڵە تاوانی چییە؟ ئەویش حەزی ئەکرد کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بوایە نەك لاتێکی وەك تۆ.

- ئەوە چییە پیرۆز تۆ بیست ساڵ زیاترە خێزانی منیت قسەیەکی لەم جۆرەت بەمن نەوتووە، دە توخوا وەرە شەق مەبە، ئای... دەروێش عەلی چۆن بویت بەمەخسەرە بەدەست ژنو منداڵەوە.

پیرۆز بەئەسپایی خۆی کردەوە بەژێر جێگاکەیداو لەپاڵ هاوارا لێی نووست.

دەروێش عەلی هەتا بەیانی دوو قوتو جگەرەی زەلی کێشا، مەلا بانگدان خۆی کۆکردەوە، پێش ئەوەی بڕوات بۆ مزگەوت نووکە شەقێکی بەهێواشی گەیاندە لا قەپرغەی پیرۆز بەمانای خەبەرکردنەوەی (لەکاتی زویربوونیان لەیەکتر بەنووکە پێ خەبەری ئەکردەوە)، پیرۆز کەوتە سەرپشتو چاوی کردەوە بەبێ ئەوەی هیچ کامیان دەنگیان لێوە بێت، ئەم لێفەکەی لەسەر خۆی لابرد، ئەویش بەدەرگا نزمەکەی ژوورەکەدا سەری دانەواندو لێیدا ڕۆی.

هاوار بەهێواشی چمکی لێفەکەی لاداو سەیری جێگاکەی باوکی کرد، لەدایکی پرسی ئەوە کوا باوکم؟

- کورم چووە بۆ بازاڕ، بابڕوات دوو عانە پەیدا بکات چی ئەکات لەماڵەوە پان بۆتەوە.

هاوار دوای نانخواردنی بەیانی بەدایکی وت: ئەوە کێ ناوی ناوم.

- کورم هێشتا لەدایك نەبووبوویت باوکت هاوار هاواری بوو، ئەمانووت ئەو هاوار هاوارەت لەچییە؟ ئەیووت هاوار بۆ خوای گەورە ئەکەم دووعاکەم قبوڵ بێتو خوا ئەم دانەیەمان بۆ بهێڵا شەرتبێ ناوی بنێم هاوار، ئیتر ناوی هاوار بوو بەنسیبت.

- ئاخر دایکە گیان منداڵانی کۆڵان ناوەکەمیان کردووە بەگۆرانی بەپێکەنینەوە بانگم ئەکەن (ئەی هاوار).

دایکی نەختێك بۆی پێکەنیو پێیووت ئینجا توخوا لەوە خۆشتر هەیە ناوەکەت بکرێ بەگۆرانی؟ ئەی توخوا ناوی باوکتو مام رەسوڵی دراوسێمان ئەخرێتە ناو گۆرانیەوە؟

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین، ئەو رۆژە هەر ناوی خەڵکیان کۆئەکردەوەو بۆیان نەئەخرایە گۆرانییەوە.

بۆ ئێوارە دەروێش عەلی گەرایەوە تەنیا هاواری بەرچاو کەوت، کە لێی پرسی ئەی کوا دایکت وتی ئەو ماڵە هاتن بەدوایدا بردیان بۆ نانکردن.

دەروێش عەلی ئەیویست پاساو بۆ کورەکەی بێنێتەوە لەتوورەبوونەکەی دوێنێ شەوی، بۆیە دەستی کردە ملیەوە چەند جارێك ماچی کوڵە سوورەکانی کردو خۆی بۆ نەگیرا دەستی کرد بەگریانو وتی: کورە شیرینەکەم لەماڵی دونیا هەموو دەستمایەکەم سێ شتە (ئاینەکەم، ژنەکەم، کورەکەم) کاتێك هاوار ئەکەم ئەڵێم خوایە شوکرم بە بەشت تەنیا شوکرم بەوسێ دەستمایەیەی کەپێی داوم، خۆ ئەگەر ناشکوریش بم هەر هیچم ناداتێ نەوەڵڵا شوکرەکە لەهەمووی باشترە. بۆ ئێوە وائەزانن ئەقڵم پێ ناشکێ

خەڵك چۆن ئەژیو ئێمەش چۆن ئەژین؟ بۆ نازانم هەزار ئەملاو ئەولای ناشەرعی هەیە بۆ پارە پەیداکردن، بۆ نازانم هەندێ کەس لەسەر حسابی ئەمو ئەو بەخیانەت لەنیشتمان هەڵتۆقیون؟ بۆ من نازانم زۆربەی کەلوپەلی ناو بازاڕ دەستی قاچاغو پارەی حەرامی تێدایە؟ کوڕە جوانەکەم من هەموو ئەو شتانە ئەزانم (کە هیچی بەمن ناکرێ).

لەم قسانەدا بوون پیرۆز خۆی کرد بەژووردا، هەندێك کولێرە بەڕۆنو پەنجەکێشی هێنابۆوە، دەروێش عەلی بەتیلەی چاوە شینەکانی سەیرێکی پیرۆزی کردو زەردەخەنەیەکی پێشکەش کرد، پیرۆزیش ملێکی بۆ لار کردەوە لەباتی دەروێش کوڕەکەی ماچ کرد، دەروێش عەلی کەوتە قسەو بەپیرۆزی وت؟ من ئەزانم تۆ ژنی تەنگانەیت، هەتا تۆمان هەبێت پەکمان ناکەوێت، هەرسێکیان کەوتنە چاو کولێرە بەڕۆن خواردن ئەتوت هەموو دونیا هی ئەوانە.

دوای نانخواردن پیرۆز و هاواری کوڕی کەوتنە قسەکردن، کاتێك ئاوڕیان دایەوە دەروێش دەمێك بوو پرخەی دەست پێکردبوو، لەو رۆژەوە پیرۆز دەستی کردبوو بەنانکردن، دەروێش عەلی لەسویچەوە کوژابۆوە، حیکایەتی پێ نەمابوو، گەورەیی سەرۆك خێزانی لاواز بوو بوو، جارجارێك هاوار ئەیویست بیجوڵێنێ، ئەویش ئەیووت: دنیای من تەواو نۆرەی دنیای ئێوەیە.

سەرەتای نەخۆشیەکی لێ دەرکەوتبوو، هێزی ئەژنۆی بڕیبوو، چەند جارێك سەردانی پزیشکی کرد چاری نەبوو، ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر جێگا کەوت، هەتا وای لێهات نانیان ئەکرد بەدەمیەوە.

ڕۆژێك لەڕۆژە ساردەكانی زستان، نیو مەتر بەفر باریبوو، چلورەی گوێسەبانەكان وەكو شمشێر شۆڕ ببونەوە، تك تك ئاویان لێ ئەتكا، كۆڵانە تەسكەكانی ناو شار پڕبوون لەو بەفرانەی لەسەر بانەكانەوە ماڵرابوونە خوارەوە، هەر ماڵەی بەردەمی دەرگای حەوشەی هەڵدڕیبوو بۆ هاتوچۆكردن، وەك خەندەقی سەربازخانەی لێهاتبوو.
دەروێش عەلی لەژێر لێفەكەیدا لەحەوت ساڵان ڕاست ببۆوە، نە ئاگای لەبەفر مابوو نە دڵۆپەی ماڵەكان، ئەگەر ئاگای لەدنیا ئەبوو چۆن ئەیهێشت سەربانەكان دڵۆپە بكەن. ئەو نەگبەتە مردنەكەشی لەڕۆژێكی خۆشدا نەبوو بۆئەوەی هاوڕێكانی لەناو بازاڕ كۆبنەوەو تەعزیەكەی بۆ گەرم بكەن.
ئەو ساڵەی دەورێش عەلی مردو ئەمانی بەجێهێشت هاوار لەپۆلی سێی سانەوی بوو، گیانێكی بەدایكی بوو جلە كۆنی ماڵانی بۆ كۆكردبۆوە ئەو زستانەی پێ بردەسەر، لێفەكەی باوكیشی فریای كەوت، هەر كە خۆی ئەكرد بەژێر لێفەكەدا هەتا بەیانی جوڵەی بۆ نەئەكرد، ئەوەی لەژێریا بنوستایە وەكو لەناو گۆمێك قوڕی خەستا گیری خواردبێ، لەجووڵە ئەكەوت، هەر لەسەرەتای پایزەوە ئەم پیرە لێفەیە دائەخرا هەتا بەهارێكی درەنگ هەڵ نەئەگیرا لەبەر قورسی.
بەهاریش مژدەی خۆشیو سەرفرازو حەساندنەوەی بەگوڵاڵە سوورەو نێرگزا نارد، جموجۆڵی عاشقانو سەرەتاتكێی كیژۆڵەكان لەدزێكی شەرمن ئەچوو، سەر گوێسوانەی ماڵەكان بەكچی جوان ئەمبەرو ئەوبەر ریزیان ئەگرت بەدەنگێكی ناسكو خۆش گۆرانیان بۆ یەك ئەوت، ئەوەی ئەوبەر دێڕێك بەستەی ئەوت ئەمبەر بۆیان

ئەسەندەوە، نێرگزو گوڵاڵەیان ئەگرتە یەك، هەریەك لەو كیژۆڵانە شۆرە سوارێكی لەمێشكدا بوو، هەتا ئێوارە دوای بانگ دائەنیشتن ئینجا بەڵێنیان بەیەكتری ئەدا دوای نانخواردن بێنەوەو كۆڕێكی تازە بگرن. هەندێك ماڵیش ئاهەنگیان ساز ئەكرد یان بەبۆنەی ژن هێنانەوە یان منداڵبوون یان خەتەنەكردن، ئەبوو بەگۆرانیو قسەی خۆشو یاری ئەو سەردەمە.

ئەم كوڕو دایكەش شەو بەدیار چرایەكی كزەوە دائەنیشتن كارەبا لەو ماڵەدا نەبوو، لەوەئەچوو خاوەن ماڵ لەرەزیلیدا كارەبای رانەكێشا بێ، هەر زوو خۆیان ئەخزانە ژێر جێگاوە، كاتێك چراكەیان كز ئەكرد ئارەزووی هۆنراوەو ئاوازت بۆ ئەهات.

وەك هەموو ساڵێك لەسەرەتای هاویندا تاقیكردنەوەی كۆتایی دەستی پێكرد، قوتابی سەرقاڵی سەعیكردن بوو هەموو شڵەژاو پەشۆكاو، هەندێكیان لایەك لەكراسەكەیان لەپانتۆڵەكەیان هاتبووە دەرەوە نەئەپەرژان بیخەنە ناوەوە، جاری واهەبوو تۆپەڵێك قوتابی لەباخی گشتی قسەیان ئەكرد لەپڕ یەكێكیان خۆی ئەدزیەوە ئەچوو بەلای سەعیەكەیەوە.

هاواریش لەبەرئەوەی ماڵەكەیان بریتی بوو لەتەنیا ژوورێكو هەیوانێكو حەوشەیەكی بارێك، ناچار زۆرجار ئەچوو بۆ باخی گشتی یان بۆ ئەو دەشتو دەرەی دەوروپشتی شار، ئێوارەیەك لەگەڵ دایكیا لەبەردەمی تەباخە یەك چاوەكەدا دانیشتیبوون دەفتەری بیركاری دەرهێناو دوای نانخواردن سەعی تیادا بكات، بۆ بەیانی تاقیكردنەوەی ئەو دەرسەی بوو، چاوەڕوانی دەمكێشانی چایەكە

بوون بەکولێرە بەرۆنەوە بیخۆن، منداڵێکی زیتەڵە لەدەرگایدا هاواریش چوو لێی کردەوە وتی فەرمووە، منداڵەکە وتی خوشکەکەم سەلامت لێ ئەکات ئەیووت ئەگەر زەحمەت نییە بەڵکو دەفتەری بیرکارییەکەی خۆیم بۆ بنێرێت شەوێ بۆی ئەنێرمەوە، ئەویش ویستی بزانێ خوشکەکەی کێیەو کامە ماڵیانە، منداڵەکە دەستی راکێشا بۆ دەرگا زەردەکەی ئەوبەر کە نزیکەی پەنجا مەتر لەمانەوە دوور بوو، وتی بۆ فریشتەی خوشکم.

هاوار جارجارێك کچێکی جوانی ئەبینی لەو ماڵە دێتە دەرەوە بەرەو قوتابخانە ئەچێ، کە زانی ئەم منداڵە خوشکی ئەوە دەمی کەوتە تەتەڵەو دڵی پەلە پەلی پێ کەوت، رایکرد ئەو دەفتەرەی نیازی بوو شەوێ سەعی تیادا بکات هێنای‌و پێیووت خۆم شەوێ بۆی دێمەوە تۆ عەزێت مەکێشە، منداڵەکە رۆشت‌و ئەمیش چاوی لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەودا رۆشت، منداڵەکە گەیشتە ماڵەوە هەتا شەقەی دەرگا زەردەکەی گوێ لێ نەبوو نەهاتە ژوورەوە، روانی پیرۆزی دایکی بەدیار قۆری‌و پیاڵەکانەوە خەوی لێکەوتووە بەئەسپایی کەوتە چاو کولێرە خواردن، سەیری دایکی ئەکردو ئەیووت دایکە گیان ئەزانم چەند ماندوویت نان پێوەدان بەتەنوردا کارێکی گرانە، ئەزانم هەرچی گری دنیا هەیە ئەچێتە ناو دەروونی تۆوە بەڵام چیبکەم دایکە داماوەکەم؟ باوکە نەگبەتەکەشم شتێکی بۆ جێ نەهێشتووین پێی بژین، ئەویش ماڵی ئاوا بێ هەتا مرد باسی شوکرو ناشکوری بۆ ئەکردم، ئەمە میراتییە جوانەکەی بوو، خۆشی بەداخی نەبوونیەوە سەری نایەوە.

شتەکانی کۆکردەوەو جێی بۆ خۆی‌و دایکی راخست‌و دەستی خستە ژێر باڵی بەهێواشی خستییە سەر جێگاکەی وەك منداڵێکی ساوا بلاوێنێ بەژوور سەری دایکیەوە دانیشت هەتا خەوی لێکەوت.

بەسەر پشتا پاڵکەوت‌و چاوی بڕیە سەقفی هەیوانەکەو کەوتە ناو دنیای خەیاڵەوە، ئیتر نە دەفتەری بەدەستەوە مایەوە سەعی تیادا بکات نە دایکیشی بەخەبەر بوو قسەی لەگەڵ بکات، لەبەرئەوە ناو دەریاکە لەهەموو شوێنێك ئارامترە، ئەم کوڕە لەهەموو ژیانیا دووجار چوو بوو بۆ سینەما، جارێکیان بۆ فیلمێکی هیندی کە باسی لەخۆشەویستی ئەکردو پاڵەوانی فیلمەکەی تیا مرد. جارێکشیان بۆ فیلمێکی عەسابەو شەڕە تەقەو پیاو کوشتن.

لەخەیاڵەکانیدا ئەمیش خۆی کردبوو بەکوڕە ئازاکەو فریشتەی دراوسێی کردبوو بەدەزگیران‌و دایکیشی بەپاشاو چەند هاوڕێیەکی بەخزمەتکارو پیاوی بەردەست.

لەبەرئەوەی بەیانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری هەبوو لەبیرکاریاو دەفتەرەکەی لا نەبوو فیلمەکەی پچڕاندنی تێ ئەکەوت‌و بیری لەوەش ئەکردەوە چۆن بچێت داوای دەفتەرەکەی بکاتەوە؟ تۆ بڵێی خۆی بێتە دەرەوە؟ لەوانەیە بەیەکێکا بینێرێتە دەرەوە، گرنگ ئەوە نییە گرنگ ئەوەیە چۆن‌و کەی ئەو دەفتەرەی ئەداتەوە؟ کاتژمێر وا بوو بەدەی شەو هێشتا دەفتەرەکە لەوێیە، لەپڕ هەڵسایە سەرپێ‌و کەوتە هاتووچۆ بەحەوشەو هەیوانەکەدا جار جار دەرگای حەوشەی ئەکردەوەو سەیرێکی ئەو ناوەی ئەکردو ئەهاتەوە ژوورەوە، دواجار خۆی بۆ نەگیرا هەنگاوی نا بەرەوماڵی کچەکە، هەر نەختێك

ئەرۆشتو ئەگەڕایەوە دواوە، بۆ دواهەمین جار تینی دایە خۆیو هەتا بەردەرگا زەردەکە رۆشتو دەستی برد بۆ چەکوشی سەر دەرگاکە، دەستی گێڕایەوە دواوەو جارێکی تر ویستی بەپەلە لەدەرگاکە بداو مەترێك بکشێتەوە دواوە، ئەوەشی بۆ نەکرا، شڵەژا بوو ئەترسا لەوەی نەتوانێت بەرامبەری رابوەستێو قسە بکات، بۆیە پاشەکشێی کردو گەڕایەوە بەر ماڵی خۆیان، هەتا نزیکەی کاتژمێر یازدە، ئەمجارەیان لەجیاتی ئەوەی بچێتەوە بۆ دەفتەرەکەی هاتە ژوورەوە دەرگای حەوشەی داخستو هاتەوە ناو جێگاکەی، کەوتەوە بژاردنی دارەڕای سەقفی هەیوانەکە، پیرۆزی دایکیشی لەتاو ماندوێتیو ئازاری گیانی هەر ناڵەو نرکەی بوو، گڕی تەنوور لەهەناسەیەوە ئەهاتە دەرەوە، کاتی بانگی بەیانی هەستا بۆ نوێژکردن، روانیێ هاواری کوڕی لەناو جێگاکەیدا نەماوە، نەختێك چاوەڕێی کرد وای ئەزانی لەکاری پێویستە، بەڵام قەدەرێکی پێچوو کەوتە گەڕان بەدوایدا، خورپە کەوتە دڵییەوە بەپەلە دەرگای حەوشەی کردەوە روانی کوڕەکەی پاڵیدابوو بەدیواری ماڵەکەی خۆیانەوە ملی کەوتبووە سەر ئەژنۆی خەوی لێ کەوتبوو، لەهاواری دایکی راچڵەکیو هەستایە سەرپێ، دایکی پێیووت ئەوە چیتە بۆ لەکۆڵان دانیشتووی؟ خۆ نەخۆش نیت؟

- دایە گیان هیچم نییە تەنیا ئەوە نەبێ خەمی تاقیکردنەوەکەی ئەمڕۆمە چونکە دەرسەکەم زۆر قورسە، ئەترسم.

- کوڕم وەرە ژوورەوە تۆ کەی ئەوەندە لەتاقیکردنەوە ترساویت؟ بێ چاوێنی بێت هەموو ساڵێك بەیەکەمو دووهەم دەرچوویت ئیتر

لەچی ئەترسیت؟

- دایە گیان تۆ نازانیت ئەم دەرسە چەند قورسە ئەمە وەك ئەوانی تر نییە.

هەرچەندە هاتە ژوورەوە، بەلام نەیئەوێرا بچێتەوە ناو جێگاکەی نەوەك خەبەری نەبێتەوە بۆ مەکتەب، هەر بەیانی زوو نانو چا خوراو پیرۆز رۆشت بۆ نانکردن، هاوار هەر خۆی مایەوە، خۆی کۆکردەوە بۆ رۆشتن، سەرێکی لەکۆلان بوو سەرێکی لەماڵەوە، کاتێك دەرگا زەردەکە کرایەوە ئەم لەبەر دەرگای خۆیان راوەستابوو، باوکی فریشتە هاتە دەرەوە بە بەردەمی هاوارا رۆشت سەلامێکی کردو چاوەرێی وەلامەکەی نەکردەوە، ملی نا بۆ بازار، هێندەی پێ نەچوو فریشتەش بەخۆیو دەفتەرێکەوە هاتە دەرەوە بەرەو ماڵی هاوار ئەهات، هاوار دڵی کەوتە پەلەپەل هەموو گیانی نیشتە سەر ئارەق، نەیئەزانی سەیری کام لایە بکات، بەلای ئەمەوە ماوەی نێوان دەرگاکردنەوەو گەیشتنی فریشتە بۆ بەردەمی هاوار یەك چرکەی نەخایاندوە بۆیە ئەوەندەی تر شڵەژا بوو.

- بەیانیت باش کاك هاوار.

- ها...ژ ژ ژیانت باش.

- کاکە هاوار داوای لێبوردنت لێ ئەکەم بەو خوایە شەوێ ماڵەوەمان هەر زوو نووستن منیش لەکاتژمێر یازدەی شەوەوە ئەمویست بۆت بهێنمەوە سێ چوار جار هەتا لای دەرگای حەوشە هاتووم‌و گەڕاومەتەوە، نەمئەوێرا دەرگا بکەمەوەو بێم بۆ لای ماڵی ئێوەوە، ئەترسم تۆش هەر بەتەمای دەفتەرەکەت بوو‌بیت‌و لەوانەیە

موراجەعەت نەکردبێتەوە، زۆر خەجاڵەتی لای تۆم‌و نازانم پاساوی چیت بۆ بێنمەوە.

- قەیناکە ئینجا چییە... هیچ نەبووە... دەفتەر چییە...قەیچێکە... من سەعیم تەواو کردبوو، پێویستم بەدەفتەرکە نەمابوو، بۆ هێناتەوە؟

ئەوەندە شڵەژابوو خۆشی لەخۆی تی نەئەگەیشت، لەگەڵ قسەکردندا هەموو گیانیشی ئەجولا وەك كۆتری باڵ شکاوی لێ هاتبوو.

فریشتە بەهەردوو لەپی دەستی ئەیکێشا بەڕوومەتی خۆیدا لەخەجاڵەتیدا ئەیووت ئەی تۆ بۆ نەهاتیت بۆ دەفتەرەکەت؟ بەو خوایە بمزانیایە وای لێدێت داوای دەفتەرم لێ نەئەکردیت، توخوا چۆن لەڕووم بێت لەئاستی تۆ سەرهەڵبڕم، زۆر بەداخەوە کاکە هاوار گیان، شەرمەزاری لای تۆم، ئەی خوایە گیان چیبکەم؟

- فریشتەخان خەمت نەبێ هیچ نەبووە، دەفتەر چییە گوێ مەدەرێ من سەعی خۆمم کردووە، بەڵکو ئیشەڵلا کەڵکت لێ وەرگرتبێ، دەی خوا گەورەیە بەئیزنی خوا باش ئەبێت.

ئەم قسانەی بەشڵەژاوی ئەکردو خواحافیزیان لەیەك کرد، فریشتە ڕۆشت، هەرچەندە ئەبوایە ئەمیش بەهەمان کۆڵاندا بڕوات بۆ قوتابخانە، بەڵام بەپێچەوانەی فریشتەوە بەکۆڵانێکی دوورترا ڕۆشت، جارجار دەستێکی ئەخستە سەر نێوچەوانی خۆی ئارەقێکی ساردی ئەسڕی، لەڕۆشتنیشا قاچی تێکەڵ ئەبوو، چونکە لەژیانیا شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

دوای تاقیکردنەوە بەپەلە گەڕایەوە بەردەمی ماڵی خۆیان بۆئەوەی

فریشته ببینیّ، هەتا درەنگ چاوەڕێی کرد نەیدی بگەڕێتەوە، هاتە ژوورەوە لەبەرخۆیەوە ئەیوت لەوانەیە ئەو لەپێش مندا گەڕابێتەوە. فریشتەش لەلایەن خۆیەوە خەمی بوو بزانێت هاوار چۆن بووە لەتاقیکردنەوەی ئەمڕۆدا، لەبەرئەوە هاتو لەدەرگای ماڵەکەیدا، کاتێك هاوار دەرگاکەی کردەوە سەیری لیّ هات خێرا لەدڵی خۆیدا وتی فریشتەو لەدەرگای ئێمە بدات؟

- ها کاك هاوار چۆن بویت لەبیرکاریدا؟ هەر دڵم لەلات بوو وتم ئەترسم بەهۆی دەفتەرەکەوە تووشی کێشەی وەڵام دانەوە بووبێت؟

- لەسایەی خواوە زۆرباش بووم، ئەی تۆ؟

- منیش باش بووم.

- دەی لەسەرخوا ئیشەڵا دەرئەچین.

فریشتەش ئیشەڵڵا یەکی کردو خواحافیزی لەهاوار کرد، ئەمیش درزێکی خستە دەرگاکەوە لەوێوە سەیری هەنگاوەکانی فریشتەی ئەکرد هەتا لەچاوی ونبوو.

دوای تەواو بوونی تاقیکردنەوەکان هاوار کەوتە بازارەوە بۆ کرێکاریو کارکردن لەپێناوی حەساندنەوەی دایکیو پاشەکەوتکردنی برێك پارە بۆ کڕینی پێداویستی ساڵی داهاتوو، هەندێجار کە لەئیش ئەگەڕایەوە دایکی پێیئەوت رۆڵە نەختێك لەڕۆنی ئەو کولێرە چەورە بدە لەکوڵەکانت ئەها چۆن قڵیشاوە.

- ئیّ دایە گیان تۆ بیستوتە حەماڵیو کرێکاری لەبەر سێبەر بکرێت؟

رۆژان دێتو دەڕوات ساڵ دێتو وتێدەپەڕێت، هەر کەسەی

جۆرێك ژیانی بۆ دەرەخسێت، بوونو نەبوونی کاردەکەنە سەر دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی هەندێك کەس، هاواریش لەبەر باری نائاسای ژیانیانو کەمدەرامەتی ناتوانێت زۆر درێژە بەخوێندن بدات، لەبەرئەوە خۆی لەخانەی مامۆستایان ئەبینێتەوە، بەڵام فریشتەی دراوسێی بەردەوام ئەبێت لەخوێندنی قۆناغەکانی داهاتووی بۆئەوەی ئەو هیوایەی بۆ خۆی دایناوە بۆی بێتە دی بگاتە خوێندنی باڵا.

زستانی ئەو ساڵەش وەك ساڵانی پێشوو بەفر بارین دایگرتبۆوە، ڕەشەباکەش لەچیاکانی گۆیژەوە خۆی ئەکرد بەناو شارا، ئەتوت بۆ شەڕ هاتووە کڵاوو جامانە بەسەری خەڵکەوە ناهێڵێ، ئەگەر جلوبەرگی ئەو خەڵکە دشداشە بوایە لەنووکی پێیانەوە هەتا تەوقی سەریان بەدەرەوە ئەبوو.

ماڵی باجی پیرۆزیش تەنیا مقەڵیەکیان هەبوو، لەهەیوانەکە خەڵووزیان تێ ئەکردو ئاگریان ئەکردەوە، ئینجا ئەیانبردە ژوورەوە، هەرچەندە پیرۆز زۆر پێویستی بەئاگر نەبوو چونکە بەڕۆژ داغ ئەبوو لەبەر ئاگری تەنوور بەشەویش سارد نەئەبۆوە، بەڵام هاوار لەسەرما خۆی ئەکرد بەژێر لێفە حەیاتەکەی باوکیا.

لەقۆناغی خوێندنی خانەی مامۆستایاندا گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر خۆیو هەڵسوکەوتوو جۆری سەعی کردنیدا هاتبوو، زۆربەی خەیاڵو بیرکردنەوەکانی دابوو بەفریشتە بەبێ ئەوەی فریشتە ئاگای لەدڵی ئەم بێت. لەهەموو چوونە دەرەوەیەکیدا چاوی بۆ ئەو ئەگێڕا لەهەموو سەعیکردنێکدا سێبەری وێنەی فریشتە ئەهاتە سەر

رووی پەڕەكانی، ئەو فیلمانەی بەرهەمی ئەهێنان هەر هەموویان سڕینەوەی نائومێدیو روخاندنی جیاوازی چینایەتی پێوە دیار بوو، چارەسەری خەمەكانیو هەموو گرفتەكانی ژیان ئەخرایەڕوو، بەڵام كۆتایی هەموو فیلمێكی بەمردنی پاڵەوانی فیلمەكە تەواو ئەبوو. هەردەم بەدوای فرسەتێكا ئەگەڕا لەفریشتەی نزیك بخاتەوە، هەندێجار بەدایكی ئەوت دایكە ماڵی كاك جەمالی باوكی فریشتە خۆشە؟ خانووەكەیان لەناوەوە گەورەیە؟ فریشتە ئەزانێت نانتان لەگەڵ بكاتەوە؟ ئەیویست هەموو شتێك لەبارەی فریشتەوە بزانێت، كاتێك بەهار گوڵو نێرگسی رژان بەناو دەشتو دەری دەوری شاردا، ئیتر خەڵك رۆژانی هەینی ئەڕژانە ئەو دەشتەوە وەك مرواری بەو ناوەدا بڵاو ئەبوونەوە، بەمەنجەڵە یاپراخو سەماوەرو تروتفاقی گۆشت برژاندنەوە، لەهەر لایەكەوە كۆمەڵێك كوڕو كچی جوان دەستیان ئەگرت بۆ هەڵپەڕین، ریزەكەیان لەدوورەوە لەملەوانكەی ملی بووكی لادێ ئەچوو، بەڵام هاوار لەهەموو ژیانیا سەیرانێكی بەخۆیەوە نەدیبوو، نەشیئەزانی ئەو دەشتودەرە چی تیادا ئەگوزەرێ، هێشتا هەڵپەڕكێی ناو ئەو دەشتەی نەبینیبوو، ئەگینا وەك تابلۆیەكی جوان ئەیخستە ناو فیلمەكانیەوە.

رۆژێكی هەینی بەیانی زووو لەدەنگی ژنو منداڵی گەڕەك هاتە دەرەوە سەیری كرد دەرگا زەردەكە خراوەتە سەر پشتو هەر كەلوپەلە ئەیهێننە دەرەوە، وایزانی ماڵی فریشتە ئەگوێزنەوە، خۆی بۆ نەگیرا لێیان نزیك بۆوە بەدایكی فریشتەی وت ئەوە خێرە ئەو شتانەتان هێناوەتە دەرەوە ئەویش وتی: براكەی جەمال لۆرێكەی

نایەتە ئەم كۆڵانەوە لەودیو رایگرتووە ئەبێ ئەم شتانەش بەرین بۆ ئەو دیو بەتەمای سەیرانین. هاوار خێرا پەلاماری شتێكیدا وتی: من یارمەتیتان ئەدەم دەی باشتەكان بەرین بۆ ئەو دیو، خۆ نزیكە، چەند هەوڵیاندا ئەو خۆی هیلاك نەكات بەڵام ئەم خوا خوای بوو هەمووی هەر خۆی بیانباتە لای لۆریكە، هەتا هاوار شتەكانی برد دایكیشیان رازی كرد لەگەڵیان بچن بۆ سەیران، هاواریش بەپەلە خۆی گۆڕیو لەگەڵ هەموو خێزانا چوونە پشتی لۆرییەكەوە لەكۆتەڵ بەخۆیانو كەلوپەلی سەیرانەوە هەڵرژانە خوارەوە.

تێكەڵبوونی هاوار لەگەڵ ئەو خێزانانەدا دەرگایەكی پۆڵایی بوو لێی كرایەوە، ئەم شتانەی ئەم بەخەویش نەیدیبوو بینی ئەو درزەی ئەم سەیری لێوە ئەكرد بۆ بەدنیایەكی كراوە، هیوای بەدنیا گەورە تر بوو ژیانی بەلاوە مانایەكی جیاوازی هەبوو لەوەی ئەو تیایدا بوو.

عەشق زیاتر تەنگی پێ هەڵچنی، تۆوی خۆشەویستی لەوێدا چاند، نێرگس گوڵاڵەسوورە لەبەر شنەبای ئەو دەشتە زەماوەندیان بۆ ساز ئەكرد. خۆزگەو حەزو ئارەزووەكان یەكیان گرتو هەر هەموویان لەجامێكا كۆبوونەوە بەیەك كەرەت نای بەسەریەوە، بۆ یەكەمجار بەرامبەری كەسێك دانیشتووە نانیان لەگەڵدا دەخوات قسە دەكەنو پێدەكەنن، جاروبار كاك جەمالی باوكی فریشتە بەهێواشی گۆرانی ئەوت، ئەوانیش چەپڵەیان بۆ لێ ئەدا (ئەمە خەوە یان خەیاڵە یان ئەم ئەقڵی نایبڕێ شتی وا هەبێ).

كاك جەمال داوای لەهاوار كرد گۆرانیەك بڵێ، هاوار سوور هەڵگەڕاو تەریق بۆوەو خۆی لەو مەسەلەیە دزیەوە. باوكی فریشتەش پیاوێكی

قسه خۆشی وریا بوو، ویستی شەرمی هاوار بشکێنێ وتی: کاکه هاوار هەموو کەسێك کە ئەچێت بۆ شایی و سەیران نابێ شەرم بکات ئەگەر دەنگی خۆش بوو گۆرانی ئەڵێ، ئەگەر دەنگی ناخۆش بوو نوکتەو قسەی خۆش ئەکات، ئەگەر هەر هیچی نەزانی چەپڵە لێ ئەدات، ئەها بڕوانە فریشتەو ئەوان هیچ نازانن چەپڵە لێ ئەدەن، بڕوا بکە جاران کچ‌و کوڕی ئەم شارە لەگەڵ خێزانەکانیان ئەچوون بۆ سەر وەیس‌و باخی گشتی‌و قۆریە شکاوو شەخسەکەی ئابلاخ هەتا ئێوارە دەست‌و قاچ‌و دەمیان نەئەوەستا، قسەی خۆمان بێ من لەسەر وەیس دوعام ئەکرد دایکی فریشتە بەنسیبم بێت، شوکور دوعاکەم گیرا بوو (روویکردە خێزانەکەی‌و پێیووت: خۆ زەرەرت نییە؟) هەموو دایانە قاقای پێکەنین ئەو قسە خۆشانەی کاك جەمال سەیرانەکەی ئەوەندەی تر خۆش کردبوو، کاریگەریەکی گەورەشی هەبوو بۆ سەر هاوار، چونکە ئەم شتی وای نە لەباوکیەوە نە لەدایکیەوە تەنانەت لەهاوڕێکانیشیەوە نەیبیستبوو، بۆیە ئەوەی کە فیلمەکەی ئاڵۆزتر کردوبوو ئەوەبوو نەیئەزانی ئەمجارە چۆن دەست پێ بکات‌و بەچی کۆتایی پێ بێنێت.

ئێوارە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە هاوار تیری عەشقێکی شێتانە جەرگی بڕی، خەوو خوراك‌و نووستنی لێ تێکچوو، هەرچەندە دایکی پێی ئەوت کوڕم چیتە ئەو ئەیوت هیچم نییە، دایکە گیان تۆ وا ئەزانی منداڵەکەی جارانم ساڵێکی تر ئەم حەلە ئەوەندەی نامێنێ ببمە مامۆستا، دایکی هەر دەستی بەرز ئەکردەوە ئەیووت: ئیشەڵڵا.

فیلمی ئەو شەوەی لەفیلمەکانی پێشووی نەئەچوو، ئەمجارە دایك‌و

باوکی فریشتەش لەفیلمەکەدان، نێرگسو گوڵاڵەی ئەو دەشتەش ڕۆڵیان دراوەتێ، پاڵەوانی فیلمەکەش ئەگات بەدەستگیرانەکەی، ماڵەکەشیان ئەگوازنەوە شوێنێك نزیك ئەو شوێنەی سەیرانەکەیان لێکرد.

بۆی دانیشت خەیاڵ لەدوای خەیاڵ ریزی ئەکرد، وەك ئەو ریزەی لەدارەڕای سەقفی ژوورەکەدا، بەڵام ئەمیان پاکتر نەوەك بەوێنەی ئەم دارە رزیوانە. لەم هەموو کەینو بەینەدا تەنیا هەر خۆی ئاگادار بوو، نە فریشتە ئاگای لەدڵی ئەم بوو نە پیرۆزیش پێی ئەزانی کوڕەکەی لە چ گۆمێکدا پەلە قاژێیەتی.

ڕۆژی هەینی داهاتوو لەسەر قسەکەی باوکی فریشتە، خۆی کۆکردەوەو لەماڵ هاتە دەرەوە بەرەو شەخسەکەی وەیس ڕۆشت، کاتێك گەشتە بەردەم مەرقەدەکەی کەوتە سەرچۆك، نێوچەوانی خستەسەر ئەو بەردەی دەیان ساڵە لەوێدا نەجوڵاوە، دوای فاتیحا بۆ ڕۆحیانەتی پاکی، بەهێواشی کەوتە گۆرانی (بابچینە سەر وەیس)، ئەو گۆرانیەی بۆتە سرودی عاشقان، بۆ بەڵێندان، بەپاکی، بەدڵسۆزی، بەویژدان، ئەو سرودەی بۆتە واژۆکردنی پەیمان لەمابەینی عاشقان، چونکە وەیسەکەمان سومبلی عەشقو خۆشەویستیە.

هاواریش وەك تۆبەکارێك لە وەیسەکەی ئەپاڕایەوە بەڵێنی ئەدا، سوێندی ئەخوارد هەتا ماوە خیانەت نەکات نە لەخۆشەویستەکەیو نە لەخەڵك نە لەنیشتمان، دوای مت بوونێکی کەم دایە پڕمەی گریانو لاواندنەوە بۆ حاڵی خۆیو دایکیو نائومێدی باوکی، دایە گریانێکی بەکوڵ بۆ هەموو ئەو گەنجانەی هاوژیانی ئەمن، بۆ

نائومێدی گەنجی وڵاتەکەی. بەدەم گریانەوە ئەیووت: ئەی وەیسەکەم بۆ یەکەمجارە هاتوومەتە سەر قسنەکەت، لەئێستاوە بەڵێن بێ ببمە دەروێشت، من کەسێکی لاتو برسیم منو دایکم ژیانمان لێ تۆراوە، نە خۆم نەدایکم لەم دنیایە پووشێکمان نییە بۆت بکەین بەخێر، هەرچی هیواو ئاواتێکمە لێم ونبووە تەنیا ناسنامەکانی لەلای خۆم نوسراوەتەوە ئەی وەیسەکەم بەڵێن ئەدەم بەشایەتی هەموو ئەم خرکە بەردانەی لەسەر قسنەکەت دانراون (هەتا ئەمرم سەری کاسم دانەوێنم بۆ ئەو کەسەی خۆشی ئەوێم) هەتا ئێستا من هیچ نەبووم وا خەریکە تۆوی عەشقێك لەدەروونما جێگیر ئەبێ، ئەی وەیسەکەم من «هاوارم» «هاوار» هەر کاتێك هاتمەوە بۆ لات بمناسەرەوە من هاوارم، هەموو هاوارێکم بۆ تۆیە ئەی پەرستگای خۆشەویستی، ئەی مەنزڵگای داماوەکان.

دوای دووعاو پارانەوە نێوچەوانی لەسەر بەردەکە هەڵگرتو سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان بۆئەوەی دووعاکانی بداتە دەست فریشتەکان بیگەیەنن بۆ خواوەندی میهرەبان. ئەم پەلەی بوو نەیئەزانی کاتی ئەوێ، ئەیویست ئێستا هەموو شتێك جێبەجێ بێ، لەپشتیەوە شەش فریشتە راوەستابوون بەدەنگێکی نەرمو نیان وتیان هاوار بۆچی ئەگریت؟ تۆ چیت ئەوێ؟ تۆ نازانێت هێشتا ماوتە، چاوەڕێ بە زۆرت ماوە، هەموو شتێك بەسەرەیە، ئێمە ترازوومام لایە هەرکەسێك بێت جوان ئەیکێشین، جوان ئەیپێوین، چاك هەڵی ئەسەنگێنین، ئەگەر دەرچوو، ئینجا دووعای ئەگەیەنین.

- ئەی باوکە گیان ئەم هەموو تاقیکرنەوەیە چییە، یان لەشانسی مندا ئەم شتانەم پێ تاقی ئەکەنەوە، جارێ پێم بڵێن ئێوە چین؟

- فریشتەین.

- بۆچی شەشتان لێرەن، ئەی کوا حەوتەمین فریشتە؟

- کوڕە وسبە، دارو دیوار گوێی هەیە باتووش نەبین لەم ناوە باسی حەوتەمین فریشتە مەکە، تۆ دیارە تازە پیاکەوتوویت لەهیچ شتێك نازانی هیچ تێناگەی، هاتویتە سەر وەیس داوای بەڵێن نامەی لێ ئەکەیت.

فریشتەکان خۆیان پێچایەوە بەرەو ئاسمان.

- بۆ کوێ ئەڕۆن؟ توخوا منو دایکم بەرن لەگەڵ خۆتان، دنیای ئێمە زۆر ناخۆشە، رزگارمان کەن لەحەماڵیو کرێکاریو نانەسکی، رزگارمان کەن لەئاگری تەنووری بێ بەزەیی، رزگارمان کەن لەنانو چاو پەنجەکێشی، بائەوەندە ناشکور نەبین، رۆحی باوکم ئازار نەدەین.

- کاکە هاوار، ئەو شوێنەی ئێمە بۆی ئەچین بۆ تۆ نابێ، تۆ مرۆڤیت، مرۆڤ ئەبێ لەدنیادا خۆ راگربێ، چۆن بۆی رەخسا لەوە زیاتر داوا نەکات، ئەگینا هەموو دنیای بدەنێ هەر تێر نابێ. کاکە هاوار هەتا زووە بڕۆرەوە بۆ لای دایکت، چاوەڕێتە.

هاوار جارێکی تر رووی کردەوە وەیسو کەوتە گلەیی کردنو وتی: ئەی پارێزەری عاشقان، وام ئەزانی هەرکەسێك یەکجار بێتە سەر قسنەکەت هەرچیەکی ویست تۆ بۆی ئەکەیت، نەمئەزانی فریشتەکانی عەشقو خۆشەویستی رێم پێ نادەن هەنگاو بنێم، خۆشەویستی لەسەر دەستی تۆ دابنێم، نەمئەزانی خۆشەویستیش وەك نان وەك ئاو وەك جلوبەرگ وەك هەموو پێداویستی ژیان

هەوڵدانی زۆری ئەوێ، فریشتەکان پێیانوتم، هێشتا ماوتە، بابزانین کەی ئەو عەشقە دێتە بەرهەم، یان لەرەگەوە وشك ئەبێ.
هەتا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بەدیار قسنەکەی وەیسەوە دانیشت، بۆ حاڵی خۆی ئەگریاو لەبەرخۆیەوە ئەیوت: کە گەنجیم رۆی بەنەبوونیو نائومێدی، سەروەتو سامانی دنیام بۆ چییە بەپیری؟ کە ئاواتەکانی لاویم لەگۆڕنران، تەختی پاشایی بەپیری بای پوولێکە.
دەمێکیش هەموو ماندوبوونەکانی باوکی کۆئەکردەوە، ئەیووت: ئەگەر سەروەتو سامان بەپێی ماندوبوونو هەوڵدان دابەش ئەکرا، باوکم لەهەموو کەس زیاتری بەر ئەکەوت.
پێش ئەوەی هەڵسێتو وەیسکەی بەجێ بهێڵا، فاتیحای بۆ رۆحیانەتی وەیس ناردو ماڵئاوایی لێکرد.
کە گەڕایەوە بۆ لای دایکی، چی وتبوو، لەنووکەوە گێڕایەوە، ئینجا لەدایکی پرسی: کاتی خۆی ئێوەش ئەچوونە سەر وەیس؟
- ئەی چۆن کوڕم، ئێمە زۆربەی رۆژانی هەینی لای وەیس بووین، ماڵەکەشمان لەوەیسەوە نزیك بوو، ئەو باوکە چاو بزەی تۆش هەر ئەوەندەم ئەزانی لەبەردەمما قوت ئەبۆوە، من لەپێشدا نەمئەزانی خۆی بۆ من حەشارداوە دوایی کچێکی دراوسێمان پێیوتم، (پیرۆز ئەوە کوڕەکەیە حەزی لێکردوویت) کاتێك زانیم تاقیبی من ئەکات سەیرێکم کرد بەرامبەرم راوەستاوە هەردوو چاوەشینەکانی بڕیوەتە من، ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر روومنەئەهات بچم بۆ ئەو ناوە، هەتا هاتن بۆ خوازبێنیم نسیبو قیسمەت بووین بەژنو مێرد (شەلا ئەو شووەم نەکردایەو ئەم رۆژەم نەدیایە). کوڕم ئەم نسیبو قیسمەتە

وەك یانسیب وایە ئەگەر گرتی بەکەس تێك نادرێت ئەگەر نەیگرت بەتەمای مەبە.
پیرۆز لەگێڕانەوەی شوکردنی خۆیدا بەردەوام بوو، دڵی هاواریش لەبەردەرگا هەڵواسرابوو هیچ لەدایکی تینەگەیشت، حەزی ئەکرد بزانێ دایکیشی دوعای بۆ خۆی کردووە لەسەر وەیس، دایکی وتی: ئەی چۆن کوڕم هەرکەسێك بچێتە سەر وەیس دوعای بۆ چارەنوسی خۆی ئەکات، بەڵام وابزانم وەیسیش دوعای هەموو کەسێك ناگەیەنێت.
- دایکە خەتای وەیس نییە، فریشتەکان نایگەیەنن، نازانم ئەمانە لەکوێوە هاتوون خەڵك ئەکێشنو ئەپێونو ئەمدیو ئەودیوی ئەکەن، ئەوەی بەدڵیان نەبوو ترۆی ئەکەن، دایکە لەزەمانی تۆشا ئەمانە هەبوون.
- نەوەڵا رۆڵە ئەوکاتە هەموو کەسێك سەربەست بوو ئەمانە چیان لەخەڵك ئەویێت ئەم کێشانو پێوانەیەی بۆ چییە؟ کوڕم دنیا گۆڕاوە نە خزمایەتی نە دراوسێتی نە وەتەنیەتو نە ئیسلامەتی نە یەکسانی هیچ شتێك لەجێی خۆی نەماوە، مەگەر خوا رەحمان پێبکات.
- دایکە گیان ئێجگار وا رەشبین مەبە، چاك هەر ئەمێنێو ویژدانو یەکسانی شتێك نییە لەناو بچن، لەوانەیە بۆ ماوەیەك لێمان ونبن ئەویش سوری خۆی هەیە وەك سووری ژیانی مارو مێروو دوای تەواوبوونی سورەکە دەرئەکەونەوە، خەمت نەبێ ئەوشتانە هەرگیزاو هەرگیز لەبن نایەنو نافەوتێن.

پیرۆزی دایکی دەستی بەرز ئەکردەوەو ئەیوت: ئیشەڵا.
ئەو شەوە هاوار خەوی نەئەهات ئەیویست دایکی بەدیاریەوە بێت، هەردوکیان بەپێ کوتایان گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، بۆیە هاوار بەدایکی ئەوت: دایکە لەبیرتە دەستت گرتبوم ئەچوین بۆ گەڕەکی جولەکان کەلوپەلتان لەجولەکەکان ئەکڕی، چونکە ئەوان ئەنێردرانەوە بۆ فەلەستین، ئەها کوژەکە شینەکەت بۆ کڕیم بەدەرزیەکی سنجاق نات بەشانمەوە بۆ چاوەزار، ئەوانیش ماڵەکانیان بەتالان ئەفرۆشت.
دایکە ئێستاش ئەو ڕۆژانەم بیرناچێتەوە کە حەزت لەکەوایەکی کودەری بوو هەرچەندە بەباوکمت ئەوت بۆت بکڕێت ئەیوت ئیشەڵا سەری مانگ، هیچ کامتان نەتانئەزانی کەی سەری مانگە.
هاوارو دایکی دوای گەشتە دوورو درێژەکەیان چراکەیان بۆ کز کردو دایك‌و کوڕ لەسەر جێگەکەیان کەوتنە سەرپشت، هەریەکەو بەجیا دایانە شەقەی باڵ، پیرۆز بەرەو دواوە ساڵێك دوان‌و دەو نەیئەزانی لەکام کۆڵان لەکام ماڵا یادگاریەکانی بهۆنێتەوە. هاواریش بەجیا ئەفڕی، هەتا ئەهات بەرز ئەبوەوە، ئەم هێشتا ئاسمانی نەدیبوو وەك مەلێکی سەرلێشێواو نەیئەزانی لەدوای فڕین نیشتنەوەش هەیە، هەر ئاسمانی ئەپێواو ئەرزی جێهێشتبوو لەوە ئەچوو هەر لەئاسمان خەوی لێکەوتبێ، بۆیە کاتێك کەوتە سەر زەوی خەبەری بووەوە، هێشتا شەو زۆری مابوو بەڵام ئەم هەر لەئاسمان تێرخەو بووبوو.
زۆربەی ڕۆژانی هەینی سەردانێکی وەیسی ئەکرد، هەمووجارێك قسەی دڵی لای ئەو ئەکرد، جێگا پەنجەو نێوچاوانی لەسەر هەموو بەردێك

لەبەردی سەر قسنەکە دیاربوو، هەموو فرمێسکەکانی بەناو بەردەکانا ئەچونە خوارێ، هەتا ماندوو ئەبوو لەجێی زێوانەکە ئیشی ئەکرد، دواجار سەرەو ژوور رێی ماڵەوەی ئەگرت. لەو رێگەیە هەرچییەکی ئەبینی بەهی خۆی ئەزانی هەرهەمووشی ئەبەخشیە فریشتەکەی. هاوار نەیئەزانی چۆن لەفریشتە بگەیەنێت خۆشیئەوێت، چەندەها نامەی نووسیو پەشیمان بووەوە، شیعری شاعیرەکانی ئەنووسیو دواجار ئەیدڕاند. لەنووسینی هەردێرکا بەدەستی چەپ ئارەقەی ناوچەوانی ئەسڕی. جارنەجارێك هەناسەبڕکێی پێ ئەکەوت وەك بەسواری ئەسپێکی شێتەوە غارغارێن بکات، دەستی بەقەڵەمەکەیەوە ئەلەرزی ئەتووت لەدادگا راوەستاوە واژۆی شایەتیەك ئەکات لەسەر تاوانێکی گەورە.

لەدوای دڕاندنی شەش نامە حەوتەمینی ئاوا نووسی:

بۆ حەوتەمین فریشتەی ئازیز

ئەو رۆژەی چوومە سەر وەیس گەلێك پاڕامەوە گەلێك گریام، بۆ چەندجارێك بەڵێنی خۆشەویستیم پێدا، بۆ چەند چرکەیەك چاوەڕوانی وەڵامی وەیسەکەم کرد، من بەپەلەبووم، ئەو خەمی پەلەی منی نەبوو، من هەڵەشە بووم، ئەو زۆر ئارامو لەسەرخۆ بوو، ناوچەوانم هەڵنەئەبڕی لەسەر بەردەکانی قسنەکە هەتا مژدەی خۆشیم نەداتێ، بەڵام ئەو هیچ باکی نەبوو، تەوژمێکی تورەبوونو نارەزایی خرۆشاندمی، لەداخا هەڵسامە سەرپێ ویستم دواهەمین فاتیحای خۆمی بۆ بنێرم، شەش فریشتە لەپشتمەوە راوەستابوون

پێیانوتم هێشتا ماوته پەله مەکه، من پێموتن ئێوه من ناناسن، هیچ نازانن، دڵی منتان بۆ ناخوێنرێتەوه، برۆن بەدوایی حەوتەمین فریشتەدا ئەو ئەزانێ، ئەو ئەمناسێ، کەچی منیان ترسان پێیانوتم بەهێواشی، دەنگ هەڵەبڕه بانەزانێ. بۆ نەزانێ؟ بۆچی عەیبه ئاگای لەدوعاکانم بێت؟ ئەی ئەم هەموو خەڵکه سەرەیان نەگرتوه بۆسەر وەیس؟ منیش وەك ئەو هەموو خەڵکه لەسەرەی خۆما هاتووم نامەی خۆشەویستیم پێیه خۆ هەروا لەخۆمەوه نەهاتووم، ئەمەوێت وەیس ئەو نامەیەم بۆ واژۆکات خۆ بۆ کارێکی خراپ نەهاتومەته ئێره.

زۆر لەگەڵیان خەریك بووم نامەکەیان لێوەرنەگرتم، وتیان ئێمه ناتوانین نامەی تۆ وەربگرین، منیش وتم ئەی کێ وەریئەگرێ؟ ئەی روو بکەمه کوێ؟ لەوەتەی هەم هیچ شتێکم لەم دونیایه نەویستوەو داوام نەکردوه، تەنها داوام هەر ئەوەیه خێرتان ئەگات بیگەیەنن، وتیان نەخێر ئەوه ئیشی ئێمه نییه، خۆت بۆی بەره.

ئازیزەکەم ئەی حەوتەمین فریشتەکەم، پێم نا بەجەرگی خۆماو نامەکەم بۆ هێناویت، خۆتو خوای خۆت چی لێئەکەیت....بیکه. ئەگەر ویستت بیسوتێنی... لەبەردەرگا بیسوتێنه باخۆڵه مێشەکەی ببینم، ئەگەر هەموییت لەتوو پەتکرد... پارچەکانی تور دەره بەردەرگای خۆمان، بەڵکو بەیەکەوەی بنوسێنمو جارێکی که بیکەمەوه بەو نامەیەی حەوتەمین جاره من ئەینوسنمو ئەیدرێنم، ئەمجارەیان لەوانەیه تۆ بیدرێنی.

هیوادارم لەبڕیارا هەڵه نەبیت، ئیتر خۆشیت ئاواتمه.

هاوار

ئەم نامەیەی ئەهێناو ئەبرد، خستبویە نێوان پەڕەکانی ئەو دەفتەرەی سالۆنیویێك لەمەوپێش بۆ ماوەی شەوێك بەند کرابوو لەماڵەکەی فریشتە. هەرچاوەچاوی بوو خوشکە بچکۆلە زیتەڵەکە بێتە دەرەوە، کاتێك منداڵەکەی لەکۆڵان بینی بانگی کردو پێیووت: کچە جوانەکە ئەتوانیت بەفریشتەی خوشکت بڵێیت دەفتەری بیرکاریەکەی خۆیم بۆ بنێرێت سەیرێکی ئەکەم؟ کچە رایکردو دەفتەرەکەی بۆ هێنا، کاتێك دەفتەرەکەی کردەوە روانی لەنێوان پەڕەکانیدا گەڵاو گوڵو نێرگسو گوڵاڵە سوورەی داناوە، هەندێك پەڕەش پەپولەی رەنگاورەنگی بڵاو کردۆتەوە، لەپەڕەیەکیشدا وێنەی دڵێکی کێشاوە، هاوار سەری سوڕما کە ئەیڕوانیە ناو پەڕەکانی دەفتەرەکەی فریشتە، لەبەرخۆیەوە ئەیووت: خۆزگە منیش پەپولەیەك ئەبووم لەناو یەکێك لەو پەڕانەدا پانوپلیش ئەکرامەوە، لەهەموو هەڵدانەوەیەکی ئەو پەڕەیەدا فریشتە فرمێسکێکی بۆ ئەڕشتم. ئەو دەفتەرە وەك ئەلبومێکی لێهاتبوو، لەهەر سوچی پەڕەیەکدا دێڕێك هۆنراوەی جوانی تیا نوسیبوو، هێشتا هاوار دەفتەری لەوجۆرەی نەدیبوو، زۆر بەلایەوە سەیر بوو لەناخی خۆیدا ئەیووت: تۆ بڵێی ئەم دڵە دڵی خۆی بێتو بۆ منی ناردبێ، لەوانەیە ئەم گەڵاو گوڵانەش هێمای خۆشەویستیو عەشقێکی رۆحی بێت بەمنی بەخشیبێ، لەوانەیە بۆچوونەکانی من هەڵە بن، لەوانەشە کەسێکی تر بەدیاریەوە هەڵتوتابێت ئەمیش بۆ ئەو توابێتەوە. هاوار نەیئەزانی ئەو شتانە بخوێنێتەوە، مەتەڵەکە زۆر ئاڵۆزە نەك بەهاوار بەهیچ کەسێکی تر هەڵنایەت، ئەو نهێنیە تەنیا لەدڵێکدا حەشاردراوە، هی ئەو دڵەی کە

نەخشەکانی کێشاوە.
نامەکەی خستە ناو ئەو پەڕەیەی وێنەی دڵەکەی تیاکراوە، بەکچە بچکۆلەکە ناردیەوە. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە وەڵام نەبوو، بۆ سبەینێو بۆ دوسبەی وەڵام نەبوو، کەوتە پرسیارکردن لەخۆی: تۆ بڵێیت نامەکە پێش ئەوەی بگاتە دەستی لەناو دەفتەرەکە نەخرابێو کەوتبێتە خوارەوە؟ لەوانەیە دەفتەرەکەی وەرگرتبێتو هەتا ئێستا نەیکردبێتەوە، لەوانەیە گاڵتەی لەنامەکە هاتبێو هیچ حسابێکی بۆ نەکردبێ.
هەفتەیەك، دە ڕۆژ، چواردە ڕۆژ تێپەڕی وەڵام نەبوو ئەویش نەیئەوێرا نامەیەکی تر بنێرێت نەوەك پێی ناخۆش بێت یان بەردەستی یەکێك لەخێزانەکەی بکەوێت.
تاقیکردنەوەی بەکالۆری ئامادەییەکان دەستی پێکرد قوتابی نەئەپەرژا سەری خۆی بخورێنێ، کاکە هاواریش سەعیەکی ئەو تۆی نەبوو هیلاکی بکات، لەماڵەوە چەقی بەستبوو جوڵەی بۆ نەئەکرد، جارجارێك سەرێکی بەردەرگای ئەداو سەیرێکی دەرگا زەردەکەی ئەکرد، بەردەوامیش لەئامادەبووندا بوو بۆئەوەی بەرەو ڕووی فریشتە بێتەوەو دڵنیا بێت لەگەشتنی نامەکەی.
جارێك بە بەردەمی دەرگا زەردەکەدا تێئەپەڕی فریشتە هەندێك خۆڵو خاشاکی ماڵەکەی هێنایە دەرەوە بۆ ڕشتن، هاوار ڕۆژ باشێکی لێکرد دوای وەڵام وەرگرتنەوە وتی ئەو خۆڵە هیچی منی تیا نەبوو؟ فریشتە بەزەردە خەنەیەکەوە وتی: کاکە هاوار من هەردەم تۆم بەبرای خۆم داناوە هەموو جارێك لای هاوڕێکانم وتوومە کاکە هاوار

لەبراکانم زیاترە، لەرۆژی سەیرانەکەوە دایکمو باوکم هەر باسی تۆ بەجوانی ئەکەن هەموو جارێك باوکم ئەڵێت ئەو کورەی باجی پیرۆز ئەدەبو رەوشتی جوانی لێ ئەبارێ خوا لەدایکی خۆی نەسێنێ. کاکە هاوار نەك هەر باوکم تەنانەت دایكو خوشكو براکانیشم لەبرایەکی خۆیان زیاتر خۆشیان ئەوێیت، با لەمەودوا هەر بەو خوشكو برایەتیە سەیری یەکتری بکەین، منیش خوێندنێکی تر لەبەر دەممایە ئەگەر بەئیزنی خوا نمرەم هێنا، هیوادارم تۆش بەم زوانە بگەیت بەهیواو ئامانجی خۆت، دڵنیابە هەمیشە خەمی تۆمە، رۆژەکانت ئەبژێرم، مانگەکانت ئەبژێرم هەموو جارێك ئەڵێم خۆزگە کاکە هاوارم ئەدی ئەبوو بەمامۆستای ئەم قوتابخانەیەی لای خۆمانەوە ، منداڵی گەرەکەکەمان لای ئەو فێری رەوشتی جوانو ئەخلاقی بەرزو دڵسۆزیو دڵپاکی ئەبوون، خۆزگە هەمووکەسێك ئەو رەوشتانەی تۆی ئەبوو، بڕوا بکە ئەم دنیایە وەك تۆ بوایە کەس لەکەس نەئەکەوت کەس رۆحی کەسی ئازار نەئەدا. کاکە هاوار ئەگەر ئەو رەوشتە جوانەت تیا نەبوایە شەش فریشتەکەش رێنمایان نەئەکردی حەوتەمین فریشتەش ئەوەندە خۆشی نەئەویستی، هەموو فریشتەکانی دنیا خۆشیان ئەوێیت چونکە تۆ کەسێکی پاكو بێگەردی، تۆ مرۆڤێکی ناسكو دڵسۆزی هەرچی جوانی دنیایە لەتۆدایە، خۆشەویستی ئێمەش بۆ تۆ لەبن نایە، خۆشمانئەوێیت کاکە هاوار تۆ کەسێکی لەئێمە، هیوادارم تۆش هەمان هەستت هەبێت بەرامبەر بەئێمە، هیوادارم هەرهەموومان بەخوشكو برای خۆت بزانیت. هاوار گیان سبەینێ هەینیە بڕۆرەوە

بۆ سەر وەیس داوای نامەکەتی لێبکەرەوە، خەمت نەبێ نامەکەی تۆ پارێزراوە لەژێر بەردێکا دانراوە، تەنیا منو فریشتەکان ئەزانین لەکوێدایە، لەژوورسەری وەیسەکەمان دامان ناوە مەیدرێنە بابمێنێ، لەناو ئەلبومی وێنەکان بیپارێزە.

دایکی فریشتە لەژوورەوە هاواری کرد فریشتە ئەوە کێیە؟

- دایە گیان کاکە هاواری خۆمانە.
- ئەی بۆ نایەتە ژوورەوە؟
- زۆرم پێووت ئەڵا ئیشم هەیە.

هاوار لەتەریقیدا نەیئەزانی بڵێت چی، ئەیویست خواحافیزی بکات، بەڵام فریشتە هێشتا مابوی، پێیووت:

- کاکە هاوار خەمت نەبێ نەك هەر دایکم بگرە باوکمو خوشكو براکانیشم بمانبینن پێکەوە وەستاوین دڵپیس ناکەن، تەنانەت دراوسێکانیش بزانن، خەمت نەبێ، هەرهەموویان باش ئەتناسن ئەزانن تۆ چ کانزایەکی بێگەردی.

فریشتە زانی هاوار لەچ نائارامیەکدایە بینی هەموو گیانی نیشتوەتە سەر ئارەقو هیچی بۆ ناوترێ، دەمی بەستراوە، وەك کەسێك کەتنێکی کردبێ، بۆیە ئەمیش وەکو دایکی فەرمووی لێکرد، پێیوت حەزئەکەم ئەم نیوەڕۆیە نانمان لەگەڵ بخۆیت.

هاوار هەرئەوەندەی پێکرا سوپاسیان بکاتو خواحافیزی کرد، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەبەر خۆیەوە ئەیووت: ئای خوایە گیان چیم بەخۆم کرد؟ چۆن لای ئەو کچە حەیای خۆم برد، چۆن لەڕووم بێت جارێکی تر سەرهەڵبڕم؟

بەدەم ئەم قسانەوە هەر هانگاوێکی کرد بەدوان‌و ئاوڕی نەدایەوە، وایئەزانی هەزارکەس بەدوایەوەیەتی، بۆیە ئەوەندە بەشڵەژاوی خۆیکرد بەژوورەکەیاندا بیری چووبوو دەرگاکەیان نزمە، ناوچەوانی خۆی کێشا بەچوارچێوەی دەرگاکەداو ژان چووە دڵیەوە. لەسوچێکی ژوورەکەدا هەڵتروشکا، وەك کەوێکی ماندوو دوای بەردانی بۆ شەڕە کەو ئەیگرنەوەو ئەیخەنە ناو قەفەزەکەی، ئیتر لەخوێندن ئەکەوێت بەو شێوەیەی لێهاتبوو.

هاوار ئەوەندە پەشیمان بوو لەو نامەیە، خواخوای بوو هەتا زووە ئەو شەوورۆژە بڕوات‌و نامەکەی دەست بکەوێتەوە، لەداخا نانخواردنی ئەو نیوەڕۆیەی بیرنەما، دایکی لەنانکردن بوو بەتەنیا لەژوورەوە پیشی ئەخواردەوە. خۆی کرد بەژێر لێفەکەی باوکیا، سەرو نوخن خەوی لێکەوت. لەخەویدا سواری پاسێکی تەختە بوو بوو رووەو رۆژئاوا پشتاو پشت ئەڕۆیشت، پاسەکە نەفەری ئەبرد بۆ شارێکی تر، باوکی بینی بەپێی پەتی بەرەو رۆژهەڵات رایئەکرد، هاواری لێکرد: باوکە وەرە سەرکەوە بەپێ ناگەیت، هەرچۆنێك بوو باوکی سەرکەوت، دوای هەواڵ پرسین بەکوڕەکەی وت: کوڕم تۆ بۆ سواری ئەو پاسە تەختەیە بوویت؟ ئەی نازانی ئەتباتەوە بۆ دواوە؟

باوکە گیان فەرقی پێشەوەو دواوە چییە؟ هەمووی لەیەك ئەچێت، تۆش وانەبوویت؟ وابزانم باپیریشم هەروابووە. بەخوا باوکە منیش بڕیارم داوە ئەگەر پاسەکە بۆ پێشیشەوە بڕوات من هەر پشتاوپشت سوار ئەبم، واخۆشترە.

شۆفێری پاسە تەختەکە لەئاوێنە شکاوەکەوە سەیری ئەو دوانەی

ئەکردو بەهەردوکیان پێئەکەنی، هاواری لێکردن: پارەتان نەداوە قسەی زلیش دەکەن، دەی پارەکەتان بدەن بافرێتان نەدەمە خوارەوە. باوکی هاوار وتی من میوانم، هاواریش وتی منیش پارەم هەڵنەگرتوە، دامانبەزێنن بەهەڵە سواری ئەم پاسە بووین دامان بەزێنن. شۆفێرەکە یەك ئیستۆپی گرت دوای دە مەتر پاسەکە وەستایەوە، هاوارو باوکی هەتا دابەزین جلەکانی بەریان لەسێ چوار لاوە بەبزماری پاسەکە هەڵتلێشا، باوکی رۆشتو بەجێیهێشت شۆفێرەکە دەستی کرد بەڕاوەشاندنی هاوار بۆئەوەی شتێکی لێهەڵوەرێت، زانی هیچی پێنیە یەك پاڵی پێوەنا خستی بەپشتا، خەبەری بووەوە هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، کە چاوی کردوە هێشتا دایکی دەستی لێ بەرنەدابوو، هەر رایئەوەشان وایئەزانی لەژێر لێفەکەوە خنکاوە.

- دایکە گیان هاتیتەوە؟ بەخوا باش بوو راتوەشانم ئەگینا تا سبەینێ ئەم کاتە هەڵنەئەسام، واش لەو خەوە ناخۆشە، خۆزگە ئەمزانی باوکم بەپێی پەتی بۆ کوێ رایی ئەکرد، وابزانم راویان نابوو بۆیە بەرەو رۆژهەڵات ئەرۆی.

- کوڕم ئەوە چیتە ئەڵێی خەو ئەبینی؟

- ئەرێوەڵا دایە گیان ئێستاش خەبەرم نەبۆتەوە هەر لەخەوەکەدام، خەوم بەباوکمەوە بینی.

- دەی کوڕم خوا بەخێری بگێڕێ، شتێکی بۆ ئەکەین بەخێر.

هاوار ئەو خەوەی لێبووبوو بەمەراق هەر ساتە ناساتێك ئەیوت ئەو باوکە نەگبەتەم لەخەویشا بەپێی پەتی راوی ئەنێن، جلە سپیەکانی بەریشی بەبزماری ناوپاسەکە سێ چوار دەلاقەی تێکەوت، خۆزگە

زیندو ئەبووەوەو دەستێکی تازەمان بۆ ئەکردەوە گوناحە، هەموو ئازای بەدەرەوەیە.
پیرۆزی دایکی هێشتا ماندووی نەحەسابۆوە بەدیار کوڕەکەیەوە دانیشتو دوعای ئەکردو ئەپاڕایەوە ئەیووت خوا رەحمان پێبکات ئیشەڵا خوا بەخێری ئەگێڕێت.
باوکی هاوار یەکێك بوو لەهەرە پیاوچاکەکانی سەردەمی خۆی، باوەڕناکەم لەوە دنیا ئەو چەرمەسەریەی پێبکرێت کە هاوار لەو خەوەدا بینیبوی، لەوانەیە ئەوجۆرە خەوە ناخۆشانە یەقدانەوەی رووداوێك بێت یان روویداوە یان رووئەدات لەڕۆژانی داهاتوودا. بەڵام هاوار قەناعەتی بەوە نەئەکرد، هەردەم ئەیوت: ئەو باوکە نەگبەتەم بۆ وای بەسەرهاتبوو؟ باوەڕناکەم لەم دنیایە ئازاری مێرولەیەکی دابێت، کارێکی خراپی کردبێت، نازانم بۆ بەپێی پەتی رایئەکرد، پێڵاوەکانی منیشی بۆ ئەو نەئەبوو تا من بیدەمێ لەپێیان بکات.
بەیانی رۆژی هەینی هەرزوو خۆی کۆکردەوە رۆی بۆلای وەیس، لەبەردەمی قسنەکە دەستەو ئەژنۆ دانیشت باوەشی کرد بەکێلەشکاوەکەی ژوور سەری وەیس دا، دوای فاتیحەیەك بۆ رۆحیانەتی پاکی هەموو پێغەمبەرانو پیاوچاکانو وەیسو باوکی خۆی هەموو موسوڵمانان، بەردە سافولوسەکەی ژوور سەری وەیسی بەرزکردەوە نامەکەی کە بۆ فریشتەی نوسیبوو گرت بەدەستیەوە، ئارامیەك بەگیانیا هاتو کەوتە پاڕانەوەو لێبووردن، سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمانو داوای لەفریشتەکان کرد بێن بەهانایەوە، چونکی خەریکە لەهۆش خۆی ئەچێ، هەر شەش فریشتەکەی ئەو رۆژە گەیشتنە

سەری‌و دەستیان دایە باڵی‌و لەپاڵ وەیسا خستیانە سەر پشت، وەك چۆن تەڵقینی مردویەك ئەدرێ کەوتنە قسەکردن‌و وتیان: هەرچی لەقسەی ئێمە دەرچێت زەرەر ئەکات، بۆیە تۆش ئێستا پەشیمانی لەو کارەی کردوتە. ئێمە وتمان پەلە مەکە مەبەستمان لەمە بوو ئەو فریشتەیە لەدەفتەری چارەنوسدا ناوی نەهاتووە بۆ تۆ بێت، ئیتر ئێمە چۆن ئەتوانین دەستکاری چارەنوسی خەڵك بکەین، تۆش سەفەرێکی دوورو درێژ لەرێتە هەتا نەگەیتە ئامانجت دەرگای بەختت ناکرێتە، لەوەئەچێ تۆ ئەم شتانە نەزانیت بۆیە پەلەت ئەکردو بەهەڵەداچویت.

هاوار وتی: هێشتا خەمی زامێکم سارێژ نەبووە خەمێکی تر وا خەریکە ئەمخنکێنێ، خەمی باوکیشم هاتە سەر خەمەکانی ترم، نازانم چۆن تەفسیری ئەو خەوە سەیرە بکەم؟

فریشتەکان وتیان: کاکە هاوار خەو دەلیلە، دیارە باوکت لەپێش تۆدا تاوانێکی بەرگوێ کەوتوە کە رووئەدات یان باس لەرووداوێکی مێژوویی ئەکات کە ئاسەواری لەناو نەچووەو ئێستاش ماوە، چارەنووسی هەموو کەسێك لەکۆنەوە دارێژراوە، چارەنووسی میلەتیش کەس نازانێ چی بەسەردێ، بەگوێرەی خەوەکەی دیوتە کارەساتێك بەرێوەیە درەنگ‌و زوو تەنیا ئەم میللەتە بەرگەی ئەگرێت.

هاوار بەخەم‌و پەژارەو نائومێدیەوە هەستایە سەرپێ سەری خۆی دانەواندو بەرەو ماڵەوە هەنگاوی نا، لەدوورەوە ئاورێکی لەوەیس دایەوەو لەبەرخۆیەوە ئەیووت: خۆزگەم بەخۆت بەس نییە خەمی

هیچت نییە، هەتا ئەزەل بەلای راستا راکشاوی لەوە دنیاش ئەبیتە پێشرەوی هەموو عاشقە پاکەکانی ئەم دنیایە، لەوانەیە لەوەدنیاش نەماننناسیتەوە.

هاوار قۆناغێکی کورتی ماوە رزگاری بێ دایکیشی بحەسێنێتەوە، ئەوە بوو دوای کۆتایی هێنان بەخوێندن کەوتە ژیانی مامۆستاییەوە، ماڵئاوایی لەنەبوونیو هەژارییو کولێرە بەرۆنی سەر تەنور کرد، ماڵئاوایی لەکرێکارییو لەحەماڵیو ئارەق رشتنو بۆڵەی خاوەن ئیشەکان کرد، ماڵئاوایی لەهۆدەو هەیوانەکەی ماڵی باجی فاتم کرد، ئەم دنیایەی بەجێهێشتو چووە دنیای پەروەردەی منداڵە چاوگەشەکانی وڵاتەکەیەوە، شاری جێهێشتو لەگوندێکی دوورە دەست گیرسایەوە، بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی باوکی نەما لەژێر سایەی کورەکەیدا بحەوێتەوە، باوکی نەما چاوی لەکورەکەی بێت چۆن بەیانیان خۆی ئەگۆڕیو بەرەو قوتابخانە ئەڕوات، لەوسەرەوە هاتەوە هەرچی ئەم حەزی لێبکات بۆی بهێنێتەوە، دایکشی تەمەن تەنگی پێهەڵچنیبوو، ماندوێتی رۆژانی کارکردنی بە (١٠) ساڵی تر نەدەحەسایەوە، گرو کڵپەی ئاگری تەنور لەدەروونیا نەدەکوژایەوە. مامۆستا هاوار ماڵێکی خنجیلانەی بۆ خۆیو دایکی پێکەوە نا، جارێکی تر تروسکایی هیوایەکی بەدی ئەکرد، تازە هەنگاوی خۆی ئەنێت بەرەو ژیان، چەند رۆژێكو چەند مانگێگە چرۆی خونچەی باخەکەی پیرۆز پشکوتوەو لەئێستا بەدواوە پێکهێنانی خێزانی کەوتوەتە ئەستۆ.

جاران بەری ئاسمان بەتەمێکی ئەستور تەنرابوو، گرمەی هەور

هەورو شڵپەی بارانو گڤەی ڕەشەبا هەراسانی ئەکردن، جاران سوێرو ترشو تفتو شیرین تامیان نەبوو ئەم لەبرسا هەموویانی قووت ئەدا، بەڵام ئێستا هەریەکەو تامی خۆی هەیە.

تەنیا خەمێك لەناخی هاواردا مابێتەوەو یەخەی بەرنەدات دووركەوتنەوە بوو لەماڵی فریشتە، دووركەوتنەوە بوو لەدەنگو ڕەنگو بۆنی فریشتە، دووركەوتنەوە بوو لەتەپەی پێڵاوەكانی كاتێك بە بەردەمی ماڵەكەیاندا ئەڕۆیشت بۆ قوتابخانە. بۆ تەسكینی دڵو خاوبوونەوەی ئەو خەمانەی نێوچاوانی گرژ كردبوو، ئەو نامەیەی بۆی نوسیبوو لەگەڵ ئەو دیاریەی بەبۆنەی دەرچونیەوەی بۆی هاتبوو لەلای فریشتەوە، ئەیخستە بەردەمی خۆیو سرووودی (باپچینە سەر وەیسی) ئەوتەوە.

ئەو گوندەی هاوار بووبوو بەمامۆستای قوتابخانەكەی، تەنیا دوانزە قوتابی هەبوو، خەڵكی گوندەكەش مامۆستایان خۆشئەویست، بۆیە پارچەیەك ئەرزیان دابویە لەپاڵ ماڵەكەیدا، ئەویش خۆیو دایكی خەریكی خزمەتكردنی باخە بچكۆلانەكەی بوو كە لەسەر ئەو ئەرزەیە دروستی كردبوو.

سێهەمین ساڵی بوو لەو گوندەدا، شەووڕۆژی لەگەڵ دایكیا ئەبردەسەر، جگە لەوەی تێكەڵاویەكی پتەوی پەیدا كردبوو لەگەڵ لادێكە، هەركێشەیەك بكەوتایەتە نێوان خەڵكەوە، پەنایان بۆ مامۆستا هاوار ئەبرد، ئەو ئەكەوتە بەینەوە كێشەكەی بۆ چارەسەر ئەكردن، خەمخۆری هەموو كەسێك بوو، هەموو كەسێكی خۆشئەویست، نمونەی مامۆستای ڕاستەقینە بوو لەبواری پەروەردەو فێركردندا،

نمونەی مرۆڤی دڵسۆزبوو دەرحەق بەخەڵك‌و نیشتیمان.
دایکیشی بەهەمانشێوە لەناو خەڵکدا زۆر بەڕێز بوو، خۆشیان ئەویست، ژنی ئەو دێیەی لەخۆی نزیك خستبۆوە، زۆری نەمابوو ڕێکخراوێك پێکەوە بنێن بۆ داکۆکیکردن لەمافی ژنان.
ماوەیەك بوو دایکی هاوار توشی نەخۆشیەکی نادیار بوو بوو، لەمانگێکا دووجار سەردانی پزیشکی ئەکرد، هەتا ئەهات باری تەندروستی بەرەو خراپتر ئەڕۆی، تا وایلێهاتبوو هاوار خزمەتی دایکی‌و ماڵەکەش بکات، سێ ساڵ بوو لەو دێیەدا مامۆستا بوو، مەگەر بۆ سەردانی پزیشك یان جەژنان‌و بۆنە نیشتیمانیەکان سەرێك لەشار بدات، لەوە بەولاوە هەر لەناو دێکەدا ئەمایەوەو بەباخەکەیەوە خۆی خەریك کردبوو.
ئێوارەیەکی پایز دوای خۆرئاوابوون، پەڵە هەورێکی چڵکن بەخۆی‌و کامێرایەکەوە بەرەو لادێکە ئەهات، کەوتە وێنە گرتنی ئەو ناوە، لەهەر وێنەگرتنێکیا ئەو ناوەی ئەکرد بەڕۆژی روناك، موروروت لێ ونبوایە ئەتدۆزیەوە، هارەی بارانێکی بەخوڕ خەڵکەکەی دەرەوەی پاڵ پێوەنا بۆ ناو ماڵەکانیان، شوان‌و بەرغەڵ‌و سەریان لێ تێکچوو وەڕینی سەگ‌و باعەی مەڕوماڵات ئەوەندەی تر ئەو ناوەیان هەژاند، پیرە ڕەشەبایەکی هاوین لەم وەرزەدا لەخەو هەستا، هەرچی باو بۆرانی دنیا هەبوو لەخۆی کۆکردەوە، فەرمانی دانێ هەرهەمویان بەیەك کەڕەت پەلامار بدەن. کاتێك هێرشی هێنایە سەر دێیەکە هەرچی پوش‌و پەڵاشی ئەو ناوە هەبوو گەسکی لێدا، نیوەی برد بەئاسمانا، نیوەشی ڕاماڵی بۆ شوێنێکی دوور، هەرچی گەنم‌و جۆی

تۆو کراو هەبوو کەوتنە سەرپشتی لافاوێکی تورە، لەگەڵ خۆیدا بردی هەتا لەچاو ون بوو.

لەوساتەناوەختەدا پیرۆز سەری کردبووە سەر رانی هاوار بەم هەموو هاتوو هوتەی نەزانی، هاواریش لەتاو دایکی خەمی دەرەوەی نەبوو چی رووئەدات. هەتا ئەهات باری تەندروستی پیرۆز بەرەو خراپتر ئەچوو هاواریش هەر هاواری بۆ خوای گەورە ئەبرد، داوای رەحمو بەزەیی لێ ئەکرد. پەڵە هەور کاری خۆی کرد، هەرچی پێبوو لەوناوەدا هەڵیرشت، ئینجا بەنرکە نرك رۆیشتو ئەو ناوەی بەجێهێشت، بارانەکەش هەتا ئەهات تنۆکەکانی بچوکتر ئەبوونەوە، دەنگەدەنگ کەوتە خەڵکەکەوە، سەریان لەیەکتر ئەدا بزانن کەس زەرەری لێنەکەوتوە، کاتێك هاتن بۆ ماڵی هاوار، روانیان پیرۆز زۆر نارەحەتە، بۆیە هەر بەو شەوە خستیانە ناو تراکتۆرەوەو بردیان بۆشار، لەنەخۆشخانە داخڵ کرا.

چوار پێنج رۆژ هاوار بەدیار دایکیەوە بوو، پزیشکەکان زانیان نەخۆشیەکەی پیرۆز چاری نییە، بۆیە ئیزنیاندا، هاوار خۆیو دایکی گەرانەوە بۆ لادێکە.

ئەم دنیایە هەتاکو سەر بۆ کەس نامێنێ، هەموو لەدایك بونێك وەك یەکە، کۆتایی ژیانی هەموو کەسێك چونیەکە، ئەوەی ئەمێنێ هەر ناوە، ئەویش ئەرواو بەسەرئەچێ، بۆ کەسانی سادەو ساکار هەر زوو ناویشی نامێنێ.

پیرۆز مردنی خۆی بەئاوات ئەخواست، لەتاو ئازار بەدرێژایی شەوورۆژ ئەینالان، جاروبار بەبێدەنگی سەیرێکی کورەکەی ئەکرد

ئەویش بەفرمێسکی چاوی وەڵامی دایکی ئەدایەوە.ماڵەکەیان بە بەردەوامی جمەی ئەهات لەخەڵکی دێیەکە.
دوای چەند رۆژێك پیرۆز گیانی پاکی بەخاك سپاردو ئەو دنیا بەتاڵەی جێهێشتو هەر لەو دێیە ناشتیان.
مامۆستا هاوار بێ کەس مایەوە، ئەو دنیایەی خەوی پێوە ئەبینی لەدەستی چوو، تازە ژیان لای ئەو هیچ بایەخێکی نەما، کۆڵەکەی ماڵە بچکۆلانەکەی بەسەر یەکدا تێکچوو و رما، تەنیایی دەمێك بوو بەدوایدا دەگەڕا. چەند جارێك ئەیویست لەو دێیە بڕوات، خۆی نەقڵ بکات بۆ شوێنێکی تر، بەڵام خەڵکی دێیەکە نەیان ئەهێشت، هەمووجارێك ئەیووت خۆشەویستی خەڵکی ئەم دێیەو بوونی گۆڕی دایکم لەم ناوە رێگرم بوون بۆئەوەی بتوانم خۆم نەقڵ بکەم.
کچێکی ئەو دێیە هەمووجارێك کە ئاوی باخەکەی خۆی ئەدا سەرێکی لەباخەکەی مامۆستاش ئەداو خزمەتی ئەکرد، هەتا وایلێهات دوو ساڵ دوای مردنی دایکی ئەو ئافرەتە بوو بەنسیبیو هێنای، ژیانی ئاسایی لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئەبردە سەر، بەڵام دوای شەش ساڵو هاتوچۆی پزیشکەکان ئینجا یەکەم منداڵیان بوو، لەدوای ئەویشەوە بەپێنج شەش ساڵ جارێك منداڵێکیان ئەبوو، دواهەمین منداڵیشی کچێکی جوان بوو، ناوی نا (پەری) ئەم کچە لەسەر دەستی دکتۆرە فریشتەی کۆنە دراوسێ بەنەشتەرگەری بوو، هەموو سەردانێکی بۆ نەخۆشی ژنانو منداڵبوون سەردانی دکتۆرە فریشتەی ئەکرد کە لەمێژبوو بڕوانامەی پسپۆڕی هێنابوو خاوەنی چوار منداڵ بوو. دکتۆرە فریشتە هەرجارێك کە هاواری ئەبینی خۆیو ژنەکەی بانگ

ئەکرد بۆ ماڵی خۆیانو گەلێك بەیەکەوە بەیادی جاران دائەنیشتنو قسەیان ئەکرد.

مامۆستا هاوار دوای لەدایکبوونی پەری کچی نەقڵ بۆوە بۆ ناوشار بۆ ئەو قوتابخانەیەی خۆی بەمنداڵی لێی ئەخوێند، هەر ئەو قوتابخانەیەش بوو کە فریشتە هیوای ئەخواست هاوار دەرسی تیا بڵێتەوە، منداڵێکی فریشتە لەقۆناغی شەشی سەرەتایی لەو قوتابخانەیە ئەیخوێند، زۆربەی شەو بەدایكو باوکی ئەووت: مامۆستایەکی زۆر باشمان بۆ هاتووە هەموو قوتابییەکان خۆشیان ئەوێت زۆر باشیش تێمان ئەگەیەنێت، ئەم هەموو باسکردنە وا لەدکتۆرە فریشتە ئەکات بپرسێت: ناوی چییەو چ دەرسێکتان پێ ئەڵێت؟

منداڵەکەش ئەڵێت: ناوی مامۆستا هاوارە دەرسی بیرکاریمان پێ ئەڵێت.

دکتۆرە فریشتە یەکسەر ئەڵێت هەبێو نەبێ کاك هاواری برامە، بۆ بەیانیەکەی سەردانی قوتابخانەکە ئەکاتو هەر چاوی بەهاوار ئەکەوێت باوەشی پیائەکات ئەڵێ ئەها کاکە هاوار چەند دڵان پاکە، لەبیرتە ئاواتم بۆ خواستی رۆژێك لەرۆژان بتبینم لەم قوتابخانەیە دەرس بڵێیتەوە، لەسایەی خواوە ئاواتەکەم هاتەدی. بەڵام فریشتە هەندێك خەفەتی بۆ مردنی دایکی خواردو هەواڵی خێزانەکەی لێپرسیو پێیووت: لەدوای کچەکەتان هیچتان پێکەوە نەناوە؟ هاواریش وتی خوائەکات ئەوانەمان لێناسەنێ بەسمانە. دکتۆرە فریشتە بۆ پێکەنین نامەکەی وەبیر هێنایەوە، پێیووت: نامەی لەو

بابەتەت بۆ کەسی تر نەنووسیوە؟ هاواریش زۆر بە بەرائەتەوە وتی نەبەخوا.

ماوەیەك بەیەکەوە قسەیان کردو دوایی خواحافیزی لەهاوار کردو وتی: ئاگات لەکوڕەکەم بێت تۆی زۆر خۆشئەوێ.

مامۆستا هاواریش وتی: من هەموو کەسێکم خۆشئەوێ.

# ٣

دوای دوانزه ساڵ لەهەندەران بەبۆنەی مردنی باوکیەوە شۆڕشی برازام گەیشتەوە ئێرە، لەخۆدانو گریانو شیوەن تازە بۆوە.
کاتێك سەرو سیمای منی بینی، ئەوەندەی بۆ من گریا بۆ مردنی باوکی نەگریابوو، من ئەمزانی بۆ ئەو رۆژانە ئەگریا کە ئێمەی تیادا کرابووینە سوتەمەنی پاشکۆی جەنگێکی دۆڕاو، گەورەو بچوك نێرو مێ، گەنجو پیر، هەرهەموومان لەناو قەفەزێکی داخراو، بەدەست بەشەری خراپەوە گیرمان خواردبوو، ئەم میللەتە هەرهەمووی چاوەڕوانی نەمانی ئەکرد، کەس بەتەمای خۆی نەمابوو.
ئەو دروشمەی کە نوسرابوو (یان کوردستان یان نەمان) لەگەڕەکی ئێمە بەدوو دەنك بزماری ژنگاوی داکوترابوو بەدیوارێکەوە نوسینەکە تەنیا ئەوەندەی پێوە مابوو (.........یان نەمان)،

کوردستانەکە برابوو بۆ هەندەران.

برازاکەم ئەیویست دڵنەوایمان بکاتو دڵان بەوە خۆش بکات کە لەئێمەش خراپتر هەیە. کاتێك بەسەرسوڕمانەوە پێمووت: لەئێمە خراپتر؟ وەڵامی نەدامەوە، چانتاکەی کردەوە پڕ زەرفێکی نایلۆن نامەی پێچراوەی بۆ دەرهێنام، وتی فەرموو مامە ئەم نامانە لەرێی منەوە بۆ تۆ هاتووە، لەبەرئەوەی نامەکان کراوە بوون، بۆ ماوەیەکی زۆریش لەلام مابۆوە، کەسم دەست نەکەوت پیابنێرمەوە، منیش بەبێ ئیزنی تۆ هەموویم خوێندۆتەوە، تۆش ئەمشەو بیان خوێنەرەوە ئەوکاتە ئەزانیت ئەم بەشەرە بەرگەی چی ئەگرێت.

- ئای ئەمانە هەمووی نامەی حەیدەرە، من وامئەزانی ئەو کابرایە لەدەریای ئیجەدا خنکاوە، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە رۆشتووە هیچ هەواڵێکیم نەئەزانی، ئەبێ ئێستا لەکوێ بێت؟ برازاکەم وەڵامی دامەوە: ئەم نامانەم بەپۆستی وڵاتێکی بەستەڵەکدا بۆ هاتووە.

- ئەو نەگبەتە چی ئەکات لەو شوێنەو چۆن گەیشتوەتە ئەوێ؟

- باوەڕناکەم هەتا ماوە لەو شوێنە رزگاری بێت.

- مامە ئەو کابرا عەرەبە لەکوێوە ئەناسیت؟

- هاوڕێمە پیاوی چاکە، بەرێکەوت بوین بەهاوڕێی یەکتر.

- شەوێك پێش ئەوەی نامەکان بخوێنمەوە بەدوورو درێژی باسی حەیدەرم بۆ شۆڕشی برازام گێڕایەوە، هەر لەو رۆژەوەی لەبەغدا دەستی بۆ گرتمەوە هەتا ئەو رۆژەی سەفەری کرد بۆ هەندەران.

- شۆڕش وەك من خەفەتی بۆ ئەو کچە ونبووە ئەخوارد.

- دوای ئەوەی دەورم چۆڵ بوو دەستمکرد بەخوێندنەوەی نامەکان کە ژمارەیان چوار نامە بوو، یەکەم نامەی لەبەرواری ١٩٩٤/٢/٤ نووسیبوو، دواهەمین نامەشی لەبەرواری ١٩٩٥/٥/١١ نووسیبوو، هەمووی ناردبوو بۆ شۆڕش.لەگەل ئەوەی وەڵامی هیچ نامەیەکی نەدراوەتەوە کەچی ئەو بەردەوام بووە لەنامە ناردن.

نامەکانی بەمشێوەیە نووسیبوو:

نامەی یەکەم

بۆ برای گەورەو خۆشەویستم/ مامۆستا کاوە

دوای سڵاو:

داوای لێبوردنت لێ ئەکەم کە زەمانە رێی پێنەدام دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێ بتوانم نامەت بۆ بنێرم، بۆیە دواکەوتنم لەئەستۆی خۆم نەبوو. ئەزانم تۆش دڵت گەورەیەو لێم ئەبوریت.

مامۆستا گیان، لەبنی دنیاشەوە بم لەتۆ زیاتر کەسم نییە خەمو پەژارەی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، جگە لەوەی زۆر بەپەرۆشم بۆ زانینی هەواڵو تەندروستیت.

لەسەر قسەکەی تۆ نەمئەویست رۆژی چوارشەممە سەفەربکەین، چونکە ژمارە چوارم پێوە نایەت، بەڵام بڵێم چی قاچاخچیەکە نە بەقسەی من ئەکات نە حساب بۆکەس ئەکات. لەو رۆژەوەی لەتۆ جیابومەوە من خەریکی راکە راکەو خۆشاردنەوەو خۆپاراستن

لەکارەساتی کتوپڕو برسێتیو تونیەتی بووم. ئەوەندەی من بەسەر شاخو بەناو دۆڵو بەلێواری باریکی سەختا ڕۆشتووم باوەڕناکەم هیچ ئاژەڵێکی کێوی پیایدا ڕۆشتبێ، کاتێک گەیشتینە سەر سنوور بەهەڵۆوە هەشت کەس بووین تەقەمان لێکرا، هەریەکەو بەلایەکدا رامانکرد منو حەسەنی هاوڕێم لەوەجبەکە جیابوینەوەو کەوتینە نێوان کۆمەڵێک چیای سەختەوە، شەووڕۆژێک بەسەریانا سەرئەکەوتینو دائەبەزین بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ ئەچینو چارەنوسمان چی لێدێت، نە قاچاخچی دیارما نە ئەو کەسانەی لەگەڵمان بوون، بۆ ڕۆژی دووەم منو حەسەن بەسەر گردێکدا سەرئەکەوتین مینێک لەژێر پێی حەسەن تەقیەوەو کردی بەدوو کەرتەوە، هەتا گەیشتمە سەری هەرلەوێدا گیانی دەرچوو، منیش بەدیار لاشەکەیەوە دۆش دامابووم، هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو لەداخا ئەگەڕام بەدوای مینا بۆئەوەی یەکێک لەو مینانەش بەسەر مندا بتەقنەوەو لەم دنیایە رزگارم بێت. نەئەکرا هەتا هەتایە بەدیار لاشەی حەسەنەوە دانیشم ناچار سپاردم بەئاژەڵە گۆشتخۆرەکان، بەداڵە کەرخۆرەو مارو مێروو بۆئەوەی بێتە قوربانی ڕێگەی هاتو نەهات، هەر خۆم بەتەنیا مامەوە لەو شوێنە ماتو ترسناکەدا، لەو شوێنە چۆڵکراوەدا، لەو بەهەشتە شێوێنراوەدا.

کاتێک بەدیار تەرمی حەسەنەوە دانیشتبوم ئەموت ئاخۆ ئەبێت چەند کەس چاوەڕوانی نامەی ئەم پیاوە بێت، ئاخۆ چەند کەس دەست بەدوعاو پاڕانەوە بێت، من ئەمزانی ئەم کابرایە خاوەنی

ژن‌و منداڵێکە، کەسوکاری خۆی‌و ژنەکەی پیتاکیان بۆ کردبوو بینێرن بۆ هەندەران، من ئەمزانی چەند دڵی بەدنیا خۆش بوو، ئەویش وەک من لەدەست زوڵم‌و زۆرداری رژێمێکی سەقەت رایکردبوو، منیش‌و ئەویش بەدوای ژیانێکی ئاسودەو یەکساندا وێڵین هەتا ئەمرین ئەبێت راکەین تائەیگەینێ حەسەن نەیگەشتێ، منیش هێشتا چارەنووسم نادیارە.

مامۆستا گیان بڕوام پێ بکە خۆم ئەم ژیانەم بۆ خۆم هەڵنەبژاردووە، بڕوابکە رۆشتنیشم بۆ هەندەران بەخواستی خۆم نەبووە، راویان ناوم، جێم نەمابوو تیا بسرەوم، ژیان لێ تۆرابوو هیچ هیوایەکم نەمابوو خۆمی بۆ ئامادە بکەم ئەو خەڵکە بێ رەحمەش پەلاماری رۆحیان داوم، رۆح شیرینە من ئەمەوێت رزگاریکەم، من ئەمەوێ ئاسودەیکەم، من ئەمەوێت رۆحم بەرم بۆ مەملەکەتێک مانای ژیانی تێدابێت مانای مرۆڤی تێدابێت، مانای سەربەستی‌و یەکسانی تێدابێت، رۆح شیرینە مامۆستا گیان، هیچ کەس ناتوانێ رۆحی خۆی ببەخشێ بەکەسێکی تر، حەسەن رۆحی خۆی بەخشی بەهەندەران، لەوانەیە لەدوارۆژدا ناوی بنێن (شەهیدێکی ونبوو).

من نیشتیمانم خۆشئەویست کە خاوەنی بستێکی نیم. کە خاوەنی کەسێکی نیم، بەڵام کاتێک نەمئەزانی چ چەمکێکی بپارێزم شوێنم نەما تیا بسرەوم، کەسم نەما لەژێر سێبەریا بخەوم ئیتر زانیم من نیشتیمانم لەدەستداوە، وا چاکە بڕۆم‌و بۆ چاوچنۆکانەی جێ بهێڵم. کە شەو داهات بریسکەی شمشێری ئەستێرەکان ئەو ناوەیان

ئەکرد بەرۆژی روناک، مانگەشەویش بە لەنجەولار روناکی خۆی دابەش ئەکرد بەسەر لوتکەی چیاکانداو لەوێشەوە ئەرژایە ناو دۆڵو دەشتی ئەو ناوە.

لوورەی کزەبای ناو دۆڵە کزو ماتەکان، هاژەی ئاو و تنۆکە درشتەکانی پاڵ شاخەکان منی خستە ناو ئەندێشەی گۆرانییە خەمگینەکان. سرکەو خشپەی مارو مێروو لەدەنگی شمشاڵێکی کون گیراو ئەچوو، ویزە ویزی سیسرکێکی سەوزی بچووک لەناو گەڵای درەختێکدا ئەو ناوەی هەراسان کردبوو، لەوەئەچوو لەتاو بێخەوی خۆی لەشەودا پێی ئەغز بێت کەسیتر چاوی لێکنێت بۆ تۆزێ خەو؟ تاو تاو کونەپەپو ئیعازێکی ئەداو هەموو نەغمەکانی ئەگۆڕی، قیرەی بۆقێکی نێر لەدوورەوە، لەقرقێنەی مندالێکی تێر ئەچوو لەوەئەچوو شتێک لەبینی گیرابێ، سیسرکەکەش چرکەیەک بۆی مت ئەبوو کە پێی زانی کونەپەپوو لێوەی دوورە ئەوەندەی تر تینی ئەدایە خۆیو ئەیجیکان. ئا لەوێدا گیرم خواردبوو.

مامۆستاگیان بەچی ئەچێ هەموو ئەو دیمەنە بێ خاوەنە، ئەو هەموو ئاوازە خۆشە لەناو ئاسمانی پانو بەریندا ونە، دیارە لەتاو ئەو مینانە چۆڵکراوە یان شەرو شۆڕی بەردەوامی رژێمە یەک لەدوایەکەکان ئەو ناوەیان حەرام کردووە، ئەو خەڵکەش نیشتیمانیان جێهێشتوە، رۆح لەنیشتیمان ناسکترە، چونکە رۆح وەک شوشە وایە، بەڵام نیشتمان لە ئاسنو پۆڵا قایم ترە بەهیچ شتێک لەناوناچێ، تۆپیش لێیدا هەرئەمێنێ، نیشتیمانە جوانەکەی ئێوە چۆڵکراوە هێشتا ماوەو

هەرئەشمێنیّ.

جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ژیانی تەنیایی، جاران لەسەر شۆستەی شەقامەکان، لەبەردەمی چایخانەکان، کۆڵانە تاریکەکان لەبەر باران لەناو گەراج لەژێر لاشەی سەیارەکان، ساتێک نوستن دە سات راکردن‌و خۆشاردنەوە لەئینسان. بەڵام تەنیایەکەی ئێستام ترسناکە، ئەمجارەیان دوژمەکەم لێم تێناگا، لەرقا پەلاماری رۆحم نادا، بەڵکو ئەویش وەکو من برسیەتی منیش نەبم هەر پارچە گۆشتێکی دەستکەوێت قووتی ئەدا، داوای ناسنامەکەم لێناکا. نامداتە بەرشەق‌و زلە تەنیا گۆشتی لەشمی ئەوێ، خۆشی ئەوێم.

زیاد لەچوار رۆژ سوڕانەوە بەسەر شاخ‌و بەناو دۆڵ‌و ئەشکەوتی تاریکدا لەناودارو بێستانی سەوزا لەبەردەمی کانی رووندا، شەورۆژم بردە سەر بەخواردنی هەندێک میوەی خوایی‌و گژوگیای شیرین، لەترسی ئاژەڵی درندە شەوانە لەسەر درەختە بەرزەکان ئەنوستم.

مامۆستا ئەو شوێنە سەختانەی من دیومن تۆ نەتدیون، منیش لەوەتەی هەم لەنزیکەوە نە شاخی وا بەرز، نە دۆڵی وا کپ، نە ئەشکەوتی وەک قەیسەری نە گردۆڵکەی وا سەوزو جوان نە تاشەبەردی وا زل‌و گەورەم نەدیوە.

بیابان گەڕام بەدوای کچەکەمدا، بەردێکم نەدی بەقەد لەپی دەستێک، گردێکم نەدی بەقەد گومەزەی مزگەوتێک، کانیەکم نەدی هێندەی لولەی مەسینەیەک ئاوی پێدا بڕوا، کەچی شیعری

بەسەردا هەڵدەدەن، بڕوا بکە یەک مەتر دوجا لەبیابان نمونەی هەموو بیابانی دنیایە، بەڵام هیچ بستێکی ناو ئەو چیاو دۆڵو دەشتە لەیەک ناچێت، هیچ شاخێکی لەویتر ناچێت، هیچ دۆڵو دەشتو کانیەکی لەوی تر ناچێت، بەڵام بۆ کەسێکی تەنیای وەک من نەشارەزاو بێ خواردن، بێ جێگای حەوانەوەو دوور لەهەموو دنیا گەلێک سەختو دژوارە، لەزەت لەجوانیەکەی نابینم، دوای چوار ڕۆژ لەگەڕانێکی بەردەوام ڕێم کەوتە گوندێکی ئاوەدان، لەسەرەتادا خەڵکە کە وایان ئەزانی شێتم دوای پاڕانەوەیەکی زۆر هاتن بەدەنگمەوە فریام کەوتن زۆر یارمەتییاندام، هەرئەو ڕۆژە بردیانم بۆ گوندێکی دوور پێیانوتم لێرە بمێنەرەوە، چونکە زۆربەی قاچاغچەییەکان لێرە ئەمێننەوە، لەوانەیە بیان دۆزیتەوە، ئەوەبوو هەر ئەو ڕۆژە هەڵۆو وەجبەکەی خۆمم دۆزیەوە هێشتا نەجوڵابوون.

هەڵۆ لێم تووڕەبوو:

- ئێمە چەند ڕۆژە بەدوای جەنابتا ئەگەڕێین تۆ نەبویتایە دەمێک بوو ڕۆشتبوین، ئەی حەسەن کوا؟

- حەسەن بوو بەقوربانی مینێک هەرلەوێ بەجێمهێشت.

- فەرموو ئەوەش زەرەرێکی تر. (خەمی ڕۆحی حەسەنی نەبوو بەڵکو خەمی پارەکەی بووا)، هەڵۆ هاواری لەوەجبەکەی کرد: کەس خۆی ون نەکات ئەمشەو ئەڕۆین.

مامۆستا گیان هەر کە وتی ئەمشەو ئەڕۆین لەرزم لێهات، ئەترسام ئەمجارە هەمووومان تیابچین. شەوێ کەوتینە ڕێ دەمێک بەپێ

دەمێک بەوڵاخ دەمێک بە تراکتۆر، ڕێگای دەشتو دۆڵمان لێبوو بوو بەشەقامێکی پانی ناو شار، بەتولەڕێی سەرشاخەکانا وەکو ئاسک ڕامان ئەکرد، لەناو ئەشکەوتەکاندا وەک لە.... ئوتێلی پێنج نەجمە لێی ئەخەوتین، پێویستمان بەکارەبا نەبوو لەبەر تریفەی مانگەشەو دەموچاوی یەکترمان ئەخوێندەوە، کاتێک لەلوتکەی شاخێکەوە ئەدرواینە بەر دەستڕێژ خۆمان ئەدایە پاڵ ئەو تاشە بەردانەی بوو بوون بەقەڵغانو دەبابە هەرچی تۆپی دنیا هەیە تاشە بەردێک ناجوڵێنێ، هەرهەموومان وەک پاسەوان بەدیار شاخەکانەوە وەستاون، جوانیو قەشەنگیشیان بەخشیوە بەو ناوە بڕوابکە نەک حەوت کەس بەڵکو حەوت هەزار کەس ئەتوانن لەو ناوەدا خۆیان حەشار بدەن، بەڵام لەناو بیاباندا یەک کەس ناتوانێ خۆی بدزێتەوە چونکە وەک ئەوە وایە مێرولەیەک بخەیتە سەر بەری دەستت.

ئاژەڵەکان لەناو مەملەکەتی شاخا حوکم دەکەن، شێر مەلیکەو پڵنگ وەزیر گورگەکانیش سەربازی زیتەڵە، من سێ چوار ڕۆژ ئەمری قەبزم بۆ دەرچووبوو لەوکاتەی پێم نابووە ناو مەملەکەتی ئەوان بیانگرتمایە بەیەک چرکە وەک قەسابێکی تووڕە لەتوپەت ئەکرامو هەرپارچەم لەورگێکاو ئێسقانەکانیشم وردوخاش ئەکرانو ئەبوون بە (سەماد) بۆ گژوگیای ئەو ناوە.

کاتێک بەقاچاغچیەکەوە حەوت کەسمان مابووینەوە، بمانویستایە پشوو بدەین یان بخەوین ئەبوایە بەسەرە هەردەمەو یەکێکمان

پاسەوانیمان بکردایە. ئەوەندە رۆشتبوین بیرمان چوبوەوە ئێمە بەتەمای هەندەران بووبین، هەروەک کەڕو کوێرو ئیفلیجمان لێهاتبوو، ناوی خۆمان بیرچوبوەوە کاتێک چاومان کردەوە هۆشمان هاتەوە بەخۆمانا گەشتبوینە شارێکی گەورە هەر بینا بوو سەری لەهەوور نزیک بووبوەوە، شەقامەکانی چوار ریز سەیارەی پیائەڕۆشت. بردیانین بۆ ناو شوقەیەک لەژیانما شوقەی وا پاکو جوانم نەدیبوو، پێخەفی پاک هێشتا کەس تیا نەنوستبوو، ماوەی سێ رۆژماینەوە نەیان ئەهێشت بڕۆینە دەرەوە، شەوی چوارەم بردیانینە قەراغ دەریایەکی گەورە بەلەمێکی شەقو شڕ هات بەپەلە بوو ئەوەندەی بلّێی یەکو دوو هەلّڕژاینە ناویەوەو شلّپوهوڕی دەریاکەش بەو شەوە لەوە ئەچوو چاوەڕوانی ئێمە بکات هەلّمانلوشێت، کەسمان نەمان ئەهێشت دەستی هاوڕێکانمان بەرکەوێت تەنانەت لەخۆشمان ئەمین نەبووین. بەلەمەکە بەفڕکەیەک گەیشتە ناوەڕاستی دەریا، ئەستێرەکان بەدوامانا رایان ئەکرد لەتاو ئێمە هاتبوونە ناو دەریاکەوە هاواریان ئەکرد کوڕینە مەڕۆن ئەو ناوە گیراوە پڕ بووە لەپاپۆڕی گەورەو بەلەمی چاودێری، مەڕۆن هەمووتان ئەگیرێن.

کابرای بەلەمەوان چ باکیەتی، ئەگیرێین یان ناگیرێین بەجەهەنەم، ئەو پارەی خۆی وەرگرتووە، مەلەوانێکی باشیشە ئەتوانیت خۆی رزگار بکات چش لەئێمە.

کەوتمە خەیالّی ئەوەی ئەگەر ئەم بەلەمە هەلّگەڕایەوە ئێمە چی

بکەین باشە، هیچمان لەدەست نایە بنی دەریا لەماسی بەولاوە هیچی لێ نییە، سواری پشتی ماسیەکی گەورە ئەبم بمپەڕێنێتەوە ئەوبەر، بەشڵپەیەک سەروچاومان لەئاو هەڵئەکێشراو خەیاڵەکەی پێشووم بیرئەچووەوە.

مامۆستا گیان من پیاوێکی سەرەڕۆم، سێ چوار شەو بەتەنیا لەناو مەملەکەتی ئاژەڵە دڕندەکانا بووم، شەوانە لەسەر بەرزترین لقی دارەکان ئەنوستم، خۆم لەمارو مێروی ژەهراوی ئەپاراست، بەڵام ئیستا رۆحی خۆم داوەتە دەست شەپۆلێکی ئاوی بەهێز، بەلەمەکەمان سەرەو نوخون بکاتەوە ئیتر لەمە مەترسیدارتر هیچی دیکە هەیە؟ چۆن ناترسم وەڵا هەموومان وەختبوو خۆمان پیس بکەین، خوا رەحمی کرد گرتیانین‌و گەڕانیانینەوە بۆ شوێنەکەی خۆمان، کە گەشتینەوە ئەتووت تازە لەدایکبووم، لەخۆشیا نەمئەزانی چۆن هەستی خۆم دەربڕم، بۆیە بەهەڵۆم وت ئێوە بڕۆن من لێرە ئەمێنمەوە فەرقی ئێرەو ئەوروپا چییە؟ هەڵۆ وتی یەک دینارت بۆ ناگێرمەوە کەیفی خۆتە ئێمە هەرئەبێ بڕۆین.

ئەوانم بەجێهێشت‌و چومەوە بۆ شوقەکەی کە گرتبوومان، بۆ شەوی دووەم هەڵۆ هاتەوە وتی: منیش نەڕۆشتم، ئەوانم رەوانە کرد هێشتا هەواڵیان نازانم.

مامۆستا لەژیانما ئەوەندە شانسم نەبووە، بەداخەوە ئەو بەلەمەی هاوەڵەکانم سواری بوون پێی بپەڕێنەوە نوقمی دەریای ئیجە بوو هەموویان خنکان، هەر من‌و هەڵۆماینەوە، چونکە ئێمە لەوێ

نەبووین، دوای چەند رۆژ ژمارەمان لەشوقەکە گەیشتە شەش کەس بەهەڵۆوە جارێکی کە خۆمان لێداو کەوتینەوە بەر هەڕەشەی دەریای تووڕە، ئەمجارەیان رزگارمان بوو لەدەست مردن، بەڵام لەو بەر لەناو شارێکی بچکۆلە گرتیانین، بەندیان کردین ماوەیەکی زۆر نانی بەلاشیان داینێو قەڵەویان کردینەوە، نازانم چۆن بەفێڵێکی هەڵۆ بەریاندراین.

کارەساتی زۆرم بەسەرهات، هەر من نەبووم، بەڵکو کۆمەڵێک گەنجی کورد هەتا گەیشتینە ئەوروپا دەجار زیاتر رۆحمان ئەفڕیو ئەمانگرتەوە، زۆربەی جار ئەوەندە بێزار بووبووین خۆمان پەتەکەمان بۆ شل ئەکرد.

زۆرم پێچوو هەتا کەوتمەوە سەر خۆم، بۆیە نامەکەم کەوتە درەنگ، ئەمجارەش داوای لێبووردن ئەکەم، بەئیزنی خوا لەمەودوا بەردەوام ئەبم لەنامە ناردن ئیتر هیوای سەرکەوتنت بۆ ئەخوازم.

برای بچوکت

حەیدەر عەلی

١٩٩٤/٢/٤

## نامەی دووهەم

**برای بەڕێزو خۆشەویستم (مامۆستاکەم)**

لەوانەیە لەنامەکەی پێشووم نیگەران بووبیت، لەوانەشە برازاکەت نامەکەمی نەناردبێ بۆ جەنابت بۆیە هەتا ئێستا لەچاوەڕوانیەکی بێهودەدا دڵم خەریکە ئەتەقێ.

خۆت ئەزانی من هیچ کەسێکم نییە سکالآی دڵی خۆمی پێشکەش بکەم، هەتا ئێستا لەم شوێنەی منیشی لێم کەسێکم دەستنەکەوتووە بیکەم بەهاورێ، بۆیە هەر بەتەنیا ماومەتەوە، لەم دنیایە تەنیا هەر تۆم هەیە تکا ئەکەم دەست بەردارم مەبە، لێرەوە من زیاتر پێویستیم بەجەنابت هەیە، من لەم شوێنە دوورەوە فرمێسکی وشکبۆوەی سەرنامەکانت بۆ ئەنێرم، جاران ئەمووت ئەبێت کەی بێت ئەم دڵە تەنگەم بکرێتەوە؟ ئێستا ئەڵێم ئەبێ کەی بێ ئەم دڵە داخراوەم بوەستێ، هەموو مەیلی خۆشەویستیم بۆ حەیات بوو بەئامانەت بەخشیم بەتۆ، وائەزانم تۆ لەجێی هەموو کەسەکانمی، وائەزانم تۆ باوکی حەیاتی، بۆیە ئەوەندەم خۆشئەوێیت.

لەم دوورە دەستەشەوە جگە لەپێنوس و پەڕاو هیچ شتێکی ترم لانییە هەستی نهێنی خۆمی تیا بەتاڵ بکەمەوە، خەفەت تا بینەقاقام هاتووە سەرتا پێمی گرتووە، هەمیشە هۆش و خەیاڵم لای ئێوەیە لای حەیاتە لای بوکەشوشەکەی حەیاتە، ئەڵێم تۆ بڵێیت تائێستا لای مامۆستا پارێزراوبێت، تۆ بڵێیت هەتا ئێستا سۆراغێکیان نەکردبێت.

بەیانیەک بەسەریەکێک لەشەقامەکانی دەوروپشتی ماڵەکەمدا

ئەرۆشتم سەری خۆم داخستبوو لەناکاو پێکەنینی چەند منداڵێک لەهاوتەمەنی حەیات رایان چڵەکانم، هەموو بیرکردنەوەکانی شڵەقانم، کاتێک سەرم هەڵبری چەند منداڵێکی خنجیلە وەکو موروی زەردوو سوور خل ئەبوونەوە بەرەو باخچەی ساوایان، ئافرەتێکیش وەکو شوانی بەرخۆلە بەدوایانەوە ئەرۆیشت، هەر کە لێم نزیکبوونەوە وامئەزانی کچەکەم یەکێکە لەناو ئەم منداڵە جوانانەدا، هەموو چاوشین هەموو قژزەرد هەموو خرپن، دەستمهێنا بەسەری یەک بەیەکیانا، ئەوانیش سەریان بۆ هەڵئەبریم بەپێکەنینەوە بای بایان لێئەکردم، منیش سەرم بۆ ئەوانیش‌و بۆ ئافرەتەکەی لەگەڵیشیان بوو دانەواندو چەند هەنگاوێک دوایانکەوتم، خۆیان کرد بەباخچەکەدا، لەچوونە ژورەوەشدا دەستیان بۆ بەرزئەکردمەوە. منیش وەکو نەریتێکی رۆژانە هەموو بەیانیەک لەسەر رێی ئەو منداڵانە رائەوەستام زۆری نەمابوو وەک حەیات ئاشنایەتی پەیدا بکەم لەگەڵیانا. ئەو ئافرەتەی لەگەڵیان بوو بەئیشارەت پێی ئەوتم دیارە تۆش منداڵی بچووکت بەجێ هێشتووە لەولاتی خۆت.

مامۆستا دەشت‌و دەری ئێرە هەمووی سەوزە، پڕە لەژیان، هیچ شوێنێکی لەبیابانە زەردەکەی ئێمە ناچێت، هیچ درەختێکی لەدرەختی خورما گەلاتیژەکەی ئێمە ناچێت، هیچ ئاژەڵێکی لەحوشترە قەمورەکەی ئێمە ناچێت، هیچ کانی‌و دەریایەکی لەدیجلەو فورات ناچێت، چونکە ئاوی دیجلەو فورات هەر لەو شوێنەوەی هەڵئەقوڵێن هەتا ئەگەنە بەردەستی ئێمە میزو گوی چەندەها شارو شارۆچکەی تێئەڕژێ. ئەو شتە

سەیرانەی لەولاتی ئێمەدان خوای گەورە هەر ئەوەندەی پێبەخشیوین لەوانەیە هەر شایستەی ئەوەندەش بین. سەیریش لەوەدایە شیعرو گۆرانیو سرودی پیا هەڵئەدەین. مامۆستا گیان من لێرەوە خەمەکانم گەورەتر بوون، جاران تەنیا خەمی خۆم بوو. کاتێک حەیاتی کچم هاتە ژیانمەوە خەمەکەم بوو بە دە ئەوەندە، کە لێشم ون بوو، جێگا نەما خەمی خۆمی تیا کۆبکەمەوە، بڕوا بکە لێرەش بەدوای حەیاتا ئەگەڕێم، هەرچی قژ زەردو چاوشینێک ئەبینم وا ئەزانم هەنگاوێک لەحەیات نزیک بوومەتەوە. کە تۆشم ناسی خەمی تۆش بوو بەسەر قافڵەی خەمەکانم، چونکە وا ئەزانم خۆشەویسترین کەسم بەجێ هێشتووە. دە تۆش ئەی مامۆستای بەڕێز بەنامەیەک دەرمانی دەردم سارێژکە، باخەمەکانم لەگەردنم جیابێتەوە نەوەک شەوێک بمخنکێنێ.
چاوەڕوانی نامەکانتم

هەربژیت

برای بچوکت
حەیدەر ١٩٩٤/٦/١٢

نامەی سێهەم

بۆ مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم/ مامۆستا کاوە

دوو نامەی دوورو درێژم بۆ ناردیت، لەوانەیە کەوتبێتە ناو دەریاوە، ئەگینا باوەڕناکەم کەوتبێتە دەستی تۆوەو وەڵامم نەدەیتەوە، خۆمن هیچ شتێکی وام نەنوسیوە دڵی تۆی نیگەران کردبێت، بۆیە

نهێنیەکانی خۆمت بۆ باس ئەکەم، ئەگەر لێشم زویر بیت من هەر ڕاستیەکانی خۆمت بۆ ئەنووسم، چونکە درۆم پێوە نایەت، زۆرجار لەسەر دەستگرتنەوەی درۆ تێهەڵدانم خواردووە. لەو ڕۆژەوە نسیبم کەوتوەتە ئەم مەملەکەتەوە خەریکە لەمانای ژیان تێ ئەگەم، جاران ژیان لەلای من مانای نەبوو، وامئەزانی هەموو کەسێک ئەبێت رابکات، ئارەق بکاتەوە، لەشوێنی رەقدا بنویت، ئەبێ برسیی‌و تینو بیت، هەردەم لەترس‌و دڵەڕاوکێدا بژی، وامئەزانی هەموو کەسێک ئەبێ چاوەڕوانی جەنگێکی داهاتوو بێت، وامئەزانی هەموو کەسێک ئەبێ سروودەکانی نیشتیمانی لەبەربێت، وامئەزانی ئەم دنیایە هەتا مردن ئەبێ لەم چوارچێوەیەدا بێت. کاتێک لەوڵاتی خۆما ئەژیام ویژدان‌و زەمیرو بەزەیم تەنیا لەدەمی مەلاکانی مزگەوتەوە ئەبیست، ئەوانیش تەنیا لەڕۆژانی نوێژی هەینیدا، کاتێک لەمزگەوت ئەچوینە دەرەوە هەرهەمویمان بۆ مەلاکە بەجێئەهێشت، جارێکی تر دەستمان ئەکردەوە بەو کارانەی خوا پێی ناخۆشە.

ڕووداوێکی سەیرم بیرکەوتەوە:

ڕۆژێک بەپاسکیلەکەمەوە خلیسکام قاچم ئازاری پێگەیشت، دووکەس گەیاندمیانە نەخۆشخانەو پزیشکەکان ئەوەندە بەدەورما هاتن، خۆم تەریق ئەبوومەوە، دوو کەسەکەی هێنایانم بۆ نەخۆشخانە پاسکیلەکەیان تەسلیم بەکارمەندی ئەو شوێنەکرد، کە دەرچووم دایانمەوە. (لای خۆمان بوایە بۆیان قوت ئەدام).

کەچی کاتێک لەوڵاتەکەی خۆم لەسەر شۆستەی شەقامەکە نوستبووم، بەگوریسێکی ئەستور بەستمیانەوە بەموحاجەرەی سەرجادەکەوە، یان چەند جارێک پۆلیسەکان راویان ئەنام، نەیان ئەهێشت لەو شوێنانە چاو لێکبنێم، ئیتر چی لەدروشمی سەر پەڕۆبکەم؟ دنیای جارانم پڕ بوو لەمەترسی، پڕبوو لەپێشێلکاری مافی مرۆڤ، هەچی یاسا خراپەکان هەیە بەدوای منو چەندەهای وەک مندا دەگەڕان بۆ سزادان، بەڵام لێرە یاساکان نەک بۆ مرۆڤ بەڵکو بۆ ئاژەڵو باڵندەو ماسیو دەریاو مارومێرو دانراوە، بۆ پاراستن نەک بۆ سزادانو لەناوبردن، خەڵکی ئەم وڵاتە ژینگەی خۆیان زۆر خۆشئەوێو ئەیپارێزن.

من جارێکیان لەناو دارستانێکدا میزم ئەهات، سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد کەس دیار نەبوو، خۆم بۆ کردەوەو لەپاڵ درەختێکی بەرزا خۆم بەتاڵ کردەوە، ئەوەندەم نەزانی پیرەژنێک بە شاتە شات گەیشتە سەرم لێم تورەبوو پێی ئەوتم تۆ هاتوویت ژینگەی وڵاتەکەی من پیسکەیت، لێرە نەجولێیت تەلەفونم کردوە بۆ پۆلیس، ئەبێت بتگرنو لێپرسینەوەت لەگەڵ بکرێ. خەڵکی ئەم وڵاتە ئاوا وەتەنیەت ئەکەن، ئاوا نیشتیمانەکەیان خۆشئەوێ، ئاوا بەپاکی رایئەگرن، ئێمەش بەدەستی خۆمان پیسی ئەکەین، بەدەستی خۆشمان تێکی ئەدەین. زۆر بەئاسانیش خیانەت لەنیشتمان ئەکەین ئینجا شانازیش بەخۆمانەوە ئەکەین و سنگ دەرئەپەڕێنین.

لەوەتەی لێرەم لەپۆلیسی هاتووچۆ بەولاوە نە پۆلیسو نە سەرباز

هیچ کامیانم بەرچاونەکەوتوە، کەچی لەولاتەکەی خۆمان دووکەس بەسەر جادەوە بن یەکێکیان پۆلیسە یان سەربازە، قەیناکە با بەسەر جادەوە بن، ئەی بۆ بەردەوام پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکەیانە؟ ئەمەیان چ مانایەکی هەیە؟ تۆ بڵێی دوژمنەکەمان لەسەر جادە پیاسە بکات؟ مامۆستا گیان بڕوا بکە کەرەتێک لەگەڕەکی مەنصور لەکۆڵانێکا بەپێ ئەرۆیشتم، لەپڕێکا کۆمەڵێک سەرباز بەچەکەوە بۆم دەرپەڕێن و چەکەکانیان خستە سەرپێ، هەر پەنجەیەکی مابوو پیابنێن و بمکوژن، ئەیانوت: چۆن بەم کۆڵانەدا ئەڕۆیت؟ ئابەوجۆرە رۆشتنیش بەکۆڵانە تایبەتەکاندا لەمیلەت قەدەغە کرابوو.

من سێ رۆژ لەشاری سلێمانی بووم هەستم بەجیاوازیەکی گەورەکرد، هەستم بەئارامی و دڵنیایی ئەکرد، بۆم دەرکەوت ئێوە شایستەی ژیانێکی ئاسودەن. ئەگەر دەستی خیانەت دزە نەکاتە ناوتانەوە.

کە گەیشتومەتە ئەم ولاتەش ئینجا خەریکم بەتەواوەتی لەمانای ژیان تێئەگەم، جاران ئەمووت من تاوانم چییە لەم ولاتە لەدایکبووم؟ تیا گەورە بووم؟ رەفتارو بیروباوەڕی کۆمەڵم خراوەتە ئەستۆ؟ من لەولاتی خۆم کەسم خۆشنەئەویست، کەچی لێرە هەموو کەسێکم خۆشئەوێ، ئەو قەفەزەی هەموو تەمەنم تیا بردە سەر بەدیلی، بەنەبوونی، بەترس و دڵەڕاوکێوە، وەک ئەکتەرێک بۆ کوشتن ئامادەکرابێ، هەمیشە خۆی لەپەناو حەشارگەکان شاردبێتەوە. ئەو شانۆگەریەی من دەورم تیا ئەبینی لەپێش ئەوەی پەردەکانی

دابدرێتەوە بەجێمهێشت، چونکە من هیچ شانۆیەک، بگرە هیچ چیرۆکێک ناگات بەو شانۆو چیرۆکە دڵتەزێنانەی لەهەموو ماڵێکی ئێمەدا ئامادەبوو، ماڵێک نەبوو شەهیدێکی نەبێ، نەبوو بێوەژن‌و چەند هەتیوێکی نەبێ، خەندەو پێکەنینەکان هەرهەموویان خنکابوون، کورو کچیان بەدەست رووداوەکانەوە گیریان خواردبوو، کەس نەیئەتوانی نەخشە بۆ دوارۆژی خۆی دابنێ، کەسێک نەبوو دڵی بەدنیا خۆش بێ. ئیتر شانۆمان بۆ چییەو ئەکتەری دروستکراومان بۆ چییە؟

مامۆستاگیان من هەرگیز بەتەمانیم ئەو وڵاتەی ئێمە بچێتە ریزی وڵاتە پێشکەوتوەکانەوە، ئەبێ ئێمە هەر خەریکی خۆئامادەکردن بین بۆ شەرو پیاوکوشتن، چونکە لەناوچەوانمان نوسراوە، لەوانەیە کەللەی سەرمان لەقاڵبێکا گیری خواردبێ دەرهێناوەی زۆری بوێت. ئەترسم لەو قاڵبەش دەری بێنین زیاتر لێمان شێت بێت و خۆزگە بۆ جاران بخوازین.

هیوای سەرفرازیت بۆ ئەخوازم

برات

حەیدەر عەلی

١٩٩٥/٣/٧

نامەی چوارەم

بۆ مامۆستای بەڕێزم

ئەگەر نامەکانم بکەونە دەریاشەوە هەر ئەینێرم، ئەگەر بکەونە سەر ئەو چیا بەرزانەش هەر ئەینێرم، ئەگەر بکەونە بیابانەکانیشەوە هەر ئەینێرم، رۆژێک ئەبێ خێرەومەندێک هەڵبکەوێ دەستی بداتیو بیداتە دەست فریشتەکان یان هیچ نەبێ بیان خوێنێتەوە دواجار بۆ کەسێکی بگێڕێتەوە هەتا دەماو دەم نووسینەکان ئەگەنەوە بەرگوێی تۆ، ئەوسا دەڵێیت (حەیف بۆ ئەوکەسە بەوەفایە لەژێر پاڵەپەستۆی خەمومەراقا خنکا)

ئەوەی باشە لەم وڵاتە هیچ شتێک بزر نابێ، قەدەغە بۆ هیچ نامەیەک دانانرێ. هەرچی هەیەو نیە ئەینووسین، کۆپی هەموو نامەکانیش لای خۆمان هەڵئەگرین، دە تۆش مامۆستا گیان بەزەیەکت بەمندا بێتو شتێکم بۆ بنووسەو نەختێک دڵم سارێژ بکە، یان نامەیەک بۆ برازاکەت بنێرەو بڵا ئەگەر نامەی حەیدەرت پێ گەیشتوە بۆم بنێرە. بۆ خاتری خوا چیتان لێبەسەرهاتووە بۆ دەنگتان نابیستم؟ بڕوا بکە بەتایبەتی نامەم بۆ برازاکەت نووسیوە کە هیچ نەبێ ئەو وەڵامم بداتەوە نازانم بۆچی ئەو وەڵامی نییە. مامۆستا گیان داوای لێبوردن ئەکەم هەتا ماوم دەستهەڵناگرم لەنامە ناردن، هەرهیچ نەبێ رۆژێک ئەبێ وەڵامێکی تۆم پێ بگات.

هیوادارم نامەکانم گەیشتبێت بەدەستت

ئیتر خۆشیت

برای بچوکت

حەیدر

١٩٩٥/٥/١١

### وەڵامی نامەکانی حەیدەر

**برای بەڕێزم ئەم کاتەت باش**

**ئەو نامانەی بۆت ناردوم لەمانگی هەشتی ١٩٩٥دا بەدەستم گەیشت. برازاکەم بەبۆنەی مردنی باوکیەوە دوای دوانزە ساڵ لەغەریبی هاتەوە نامەکانی تۆی دایە دەستم.**

**بەخوێندنەوەی نامەکانت رۆحیانەتم لێرە نەما، هاتەدەرێ لەجەستەما، فڕی بەرەو لای تۆ لەناو شاخ‌و دۆڵەکانی کوردستاندا تۆی دۆزیەوە، ئەویش بەپێ دواتکەوتبوو هەستی ترس‌و ماندوبوون‌و برسێتی تۆ لای ئەویش بوو، ئەو تەقانەی لێتان ئەکرا ئەهاتە گوێم، تەقینەوەی مینەکانیش منی خستە دڵەڕاوکێ، ونبوونی تۆ بوو بەمەراقێکی گەورە لەلام خۆزگەم ئەخواست فریات کەوم، هەموو ژەمە خواردنێکی خۆم ئەمووت خۆزگە ئەم خواردنەم ئەگەیاندە ئەو پیاوە برسیە، هەموو شەوێک ئەچوومە ناو جێگاوە خەمی بێ خەویەکەی تۆم بوو، کاتێک منیش دەستم گرتبوو بەنامەکەی تۆوە ئەمخوێندەوە خەریک ئەبوو لەدەریای ئیجەدا بخنکێم ئەگەر لەوکاتەدا بانگیان نەکردمایە بۆ چا خواردن لەوانە بوو وەک تۆم لێبێ، ئەوەندە چوبوومە قوڵای نامەکانت گوێم لەوشەی هەناسەت بوو لەهەر کردنەوەو داخستنی دەرگای ماڵەکەم گەزێک بەرز ئەبوومەوە، خەمەکانم هێندە گەورە بوون خەریک بوو مێشکم بتەقێ، بەپەلە بووم بۆ ئەوەی زوو بگەمە ئەو ئاستەی رزگارت ئەبێ، حەزم نەکرد نامەی وا پڕ لەنائومێدی تۆم پێبگات، بەهیوا**

بووم نامەکانت رەنگاو رەنگ بن، پڕ بن لەبۆنی گوڵو ریحانەو گێڕانەوەی گەشتو گوزار. بەڵام لەوە ئەچێت چارەنوسی هەموو کەسێک لەبوونەوە هەتامردن بۆی دیاریی کرابێ، بەدەستکاریکردنی لەگرێژنە دەرئەچێت.

ئەو بەشەرە جۆراو جۆرانەی تۆ لەهەندەران ئەیانبینیت هەرهەموویان وەک یەک لەدایکبوون، بەڵام هەریەکەو لەژینگەیەکی جیاواز گەورەبوون، دنیای خۆیان جێهێشتوەو لەوڵاتێکی تر خڕبونەتەوە، لەوانەیە زۆربەیان لەدەست بەشەر هەڵهاتبن، هەندێکیشیان لەدەست کارەساتە سروشتیەکان خۆیان دەرباز کردوە. لەهەندێک وڵات خەڵکەکان بەدەست بورکانو بومەلەرزەو زریانو لافاوەوە گیریان خواردوە، لەهەندێ وڵاتی تر خەڵکەکە بەدەست بەشەرەوە گیریان خواردوە، بەداخەوە هەندێ لەمرۆڤەکان تۆوی دڕندەکانیان هەڵگرتوە بۆیە توڵەی خۆیان لەمرۆڤە ئاساییەکان ئەکەنەوە. تۆ بەچاوی خۆت بینیت ئەو بەشەرە دڕندانە کاتێک توورە ئەبن چ کارەساتێک بەرپا ئەکەن بۆ توڵەسەندنەوەی خودی خۆیان لەمرۆڤە بێتاوانەکان، ئا ئەو بەشەرە دڕندانەی کە تۆ ئەتووت حەقی وایە بیانخەنە ناو دەریای مردووەوە.

ئەبو حەیات منیش وەک تۆ خەمی ئەو منداڵە ونبووەمە، منیش وەک تۆ هەمیشە لەناو بیابانەکانی دنیادا بۆی ئەگەڕێم، خەونەکانم لەو ناوەدا ئەبەمە سەر، وام لێهاتووە بۆنی لمو دڕکوداڵی ئەو ناوەم لێبێ، وا ئەزانم بووم بەشوانی حوشترەکانی ئەبو مەهدی.

خەمت نەبێ خوا دەلیلی داماوە، دڵخۆشی خۆت بەوە بدەرەوە کە تۆ توانیوتە لەمردن رزگاری بکەیتو ئیستا لەژیاندا ماوە، لەوانەیە رۆژێک لەرۆژان هەمووومان لەشوێنێکدا یەک بگرینەوە. هیوادارم ئەو ئاواتەی خەوی پێوە ئەبینی بۆت بێتە دی، لەوانەیە ئەویش وەک تۆ وێڵ بێت بەدوای ئەو کەسەدا کە باوەشی بۆگرتۆتەوە. تۆ لەمەودوا بەتەنیا نیت هەردەم بەنامە پێکەوەین، هەوڵبدە کارێک بکەیت سەرقاڵت کات، تێکەڵاوی مرۆڤە جیاوازەکانی دنیا بیت، بۆ ئەوەی باشتر خۆت بناسیت ئەوکاتە بۆت دەرئەکەوێ جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لەکوێدایە، گەر بتەوێ لەم ژیانە باش تێبگەی لەخۆت بپرسە لەوەتەی هەیت چیت کردوە؟ چاکەکانت بەلای راستداو خراپەکانت بەلای چەپدا ترازووکە ئەوکاتە پێناسەیەک بۆخۆت دانێ، پێویست ناکات فێڵ لەخۆت بکەیت.

هیوادارم بەلای راستدا لاربێتەوە هەتا ماویت هەر بەو باشیە بمێنیتەوە.

ئیتر سەرکەوتنت ئاواتمە

برات

مامۆستا کاوە

نامە ناردن لەلای حەیدەر وەك نەریتێکی لێهاتبوو، هەمیشە چاوەڕوانی وەڵامی نامەکانی بوو. لەبەرئەوەی کەسی نەبوو تەنیا ڕێگەیەك بتوانێت خۆی پێبەتاڵ بکاتەوە هەرچی خەم‌و پەژارەیەك لەدەرونیا کۆبوەتەوە هەر نامەبوو.

وەك چۆن مشتێك مورووی ورد ئەپرژێنیت بەسەر لاپەڕەیەکدا ئەویش خەمەکانی خۆی ئەکردە مشتیەوەو لەلاپەڕەیەکدا هەڵی ئەڕشت، ئینجا رۆحی ئارام ئەبوو. هەموو جارێك سوێندی ئەدام بەگیانی پاکی شەهیدەکانی کوردستان، بەچاوی کاڵی کچە کوردە ونبوەکەی ناو بیابان، سوێندی ئەدام بەهەموو شتە پیرۆزەکان، فەرامۆشی نەکەم، چونکە لەمن بەولاوە کەسی نییە، بەمنەوە خۆی بەخاوەن کەس ئەزانێت.

نامەکانی پڕ بوون لەپاڕانەوە لەیەزدان بۆ گەیشتنی بەئاواتە مەزنەکەی‌و دۆزینەوەی کچەکەی. ژیان لای ئەم زۆرانبازی بوو لەنێوان مان‌و نەمان، تێکۆشانی بێوچان بوو لەپێناوی سەرکەوتنی حەقدا بەسەر ناحەق. هەردەم مرۆڤی تاوانبار ئەکرد لەشێواندنی ڕەوتی ژیان، لەدەستکاری کردنی سروشتە جوانەکان، بۆیە نیشتیمانی جێهێشتبوو لەهیچ وڵاتێکیش جێی بەخۆی نەئەگرت هەتا دواجار لەسوید جێگیر ئەبێت‌و نامەکانی داهاتوو لەوێوە بۆ ئەنادرم، شۆڕشی برازام جار جار سەری لێئەدا.

# ٤

هەر سەر لەئێوارە مامۆستا هاوار بەخۆی‌و چەند زەرفێکەوە خۆی کرد بەماڵدا، چوار مۆم‌و هەندێك نوقڵ‌و پسکیتی هێنابۆوە، شەوێ دوای نانخواردن هەر چوار مۆمەکەی لەسەر سینیەك داگیرسان‌و نوقڵ‌و پسکیتەکەی بڵاوکردەوە، بەبۆنەی چوارهەمین ساڵیادی لەدایکبوونی (پەری) کچییەوە کە لەگەڵ دایکی‌و دوو براکەیدا رۆشتبوون بۆ ماڵی باپیرەیان لەگوندێکی دوور لەشار. دوای ئەوەی مۆمەکان لەتەواو بووندا بوون، دەستی دایە سینیەکەو خستیە لای پەنجەرەکەوە. رووناکی لەژوورەکە بڕی‌و خۆی کرد بەژێر جێگاکەیدا، بەڵام هەر خەوی لێنەئەکەوت، زیاتر خەفەتی بەوە ئەخوارد کە کچەکەی ئاگای لەو ساڵیادە نەبوو بۆ ئەوەی فوو لەمۆمەکان بکات براکانی چەپڵەی بۆ لێدەن. چەند جارێك لەناو جێگەکەی هاتە دەرەوە، دووجار چای لێنایەوە، خۆی ئەکردەوە

بەژێر جێگاوە، هەر تلی ئەدا. قوقەی کەڵەشێرێکی ناوەخت، گریانی منداڵێکی ساوا لەدوورەوە، چرکە چرکی سەعاتی سەرمێزەکە، کردبویان بەژاوەژاوێکی ناخۆش بۆیە خەوی لێنەئەکەوت. دیسانەوە جێگاکەی جێهێشت، پەنجەرەی ژورەکەی داخست، پەردەکانی دادایەوە، سەعاتەکەی خستە ژێر بەتانیەکی قورسەوە، دوو تۆپەڵ لۆکەی ئاخنیە گوێچکەیەوە لێفەکەی لەسەری خۆی توند کرد، ئینجا ترپەی دڵو هاژەی خوێنبەرەکانی پەناگوێیو قۆڕە قۆڕی شۆربای نیسکێنەی ئێوارە دەستیان پێکرد، ویستی زاڵ بێت بەسەر ئەو شتانەدا بەڵام خۆی بۆ نەگیرا، بەتورەیەوە لەناو جێگاکەی رایکردە بەر تارمەی ماڵەکەیو بەدوای خۆیدا توند دەرگاکەی دا بەیەکدا، پەنجەرەکان لەرینەوە، دە پۆل چۆلەکە لەسەر دارتوی حەوشەکەیان هەڵفڕینو نیشتنەوە، کردیانەوە بەجیکە جیك، ئەمیش بەهەموو هێزی خۆی گسکی ماڵەکەی تێگرتن، هەڵفڕینو نیشتنەوە.
قەسابەکان، نانەواکان، کرێکاری خەباتە، مەلای مزگەوت، هەندێك رێبواری کەم خەو، هەرهەموویان یەك لەدوای یەك بەرەو شوێنی خۆیان ئەچوون، لەوە ئەچوو ئەو خەڵکە هەموو لەخەتی دواوەی شەڕدا بن.
زۆری پێنەچوو مەلای مزگەوت بانگی فەرموو، هەر لەیەکەم (الله اكبر) هەرچی چۆلەکەی دنیا هەبوو هەمووی هەڵفڕینو گەیشتنە نزیك پەڵە هەورەکانی ئاسمان.
ئا.....لەم شەوەدا چۆلەکەکانی ئەو دێیەی منداڵەکانی مامۆستا هاواری لێبوو وەك ماخۆلانیان پێکەوتبێت جێیان بەخۆیان

نەئەگرت، هەڵئەفرین‌و ئەنیشتنەوە، تاوای لێهات بەو شەوە ناکۆکیان تێکەوتبوو، هێشتا مابووی رۆژ بێتەوە کەوتنە پەلاماردانی یەکتر، هەرچی چۆلەکەی ئەو ناوە هەبوو رژانە ناو شەرەکەوە، بەجیکە جیك خەڵکەکەیان لەخەو هەڵسان. هەرچی هەڵئەسا لەخەوو بەچاوی خەواڵوەوە رایئەکردە بەر هەیوانی ماڵەکەیان، گەورەو بچوك ژن‌و پیاو هەر هەموویان دەستی راستیان کردبوو بەچەتر لەسەر نێوچەوانی خۆیان دایاننابوو، بەسەرسامیەوە ئەیانروانیە گەردەلولێکی خۆڵەمێشی کە لەدوورەوە بەرەو ئاسمان هەڵئەکشا، هەتا ئەهات لەدێکەی ئەمان نزیك ئەبۆوە، هەرچاوێکیان بوو بوو بەچوار چاو، جموجۆڵی خەڵکەکە دەستی پێکرد، فرکە فرکی منداڵەکان‌و باوەشکردنیان بەدایکیاناو گریانی منداڵی ناو بێشکە ئەو ناوەیان خرۆشان.

زۆری پێنەچوو لەچوارلاوە دەوریان گیرا، تەقەکردن دەستی پێکرد، راونان‌و گرتن‌و کوشتن لێدان‌و تالأنکردنی ماڵەکان، زاك‌و زریکی ژن‌و منداڵ، کەوتنی پیرو پەککەوتەکان‌و هەڵسانەوەیان بەتەکان کافری ئەخستە گریان، ئەو دیمەنە ستەمکارە دووبارەو سێ بارە بوونەوەی مێژووە، ئەو لادێ بچکۆلەیە بووبوو بە بەشێکی بچووککراوە لەجەنگێکی جیهانی بەربلاو، هەرئەوەندەی بەشی چاوی کامێرەیەك لەو شوێنەدا بەدی ئەکرا.

هەموویان کۆکردەوە بەزەبری شەق‌و هەرەشەو لێدان، بەراکێشان‌و پاڵنان سواری زیلی عەسکەریان کردن، وەك بەزۆر بیانبەن بۆ سەیران، بێئەوەی بهێڵن نانێك بەرن لەگەڵ خۆیان، کەس

فریای نانخواردن نەکەوت، بەتینویەتیو برسێتی بەسەریەکدا پەسترانەوە لەناو زیلەکاندا، تەپوتۆزی خەڵکەکە تێکەڵاوی دوکەڵی شینی سەیارەکان بوو بوو، چاو چاوی نەئەبینی، کەس فریای کەس نەئەکەوت. سەیارەکان کەوتنە جوڵە، هەتا ئەهات لادێکە لەچاویان دوور ئەکەوتەوە، یەکێك لەژنەکان هاواری کرد: قۆریە چاکەمان لەسەر ئاگرەکە دانەگرتوە، یەکێکی تر هاواری لێ هەڵسا: منداڵەکەم لەبێشکە دەرنەهێناوە، پیاوێکی پیری بەساڵاچوو وتی» خوابیانگرێت نەیانهێشت نوێژەکەم تەواو بکەم، منداڵێك ئەگریا بۆ بووکەشوشەکەی، منداڵێکیش هەر داوای ئاوی ئەکرد، یەکێکی تر خۆی پیس کردبوو.

هێشتا لادێکە لەبەرچاویان ون نەبووبوو، منداڵێکی چاو تیژ هاواری کرد ماڵەکەمان سوتا، کۆترەکانم بەرەڵا بوون، دێکەمان هەمووی سوتا، هەموو هەڵسانە سەرپێ، بە باوکەڕۆو براڕۆ ماڵئاواییان لەنیشتیمان کرد، ئەو منداڵە چاو تیژە راستی کرد دوای تاڵانکردنی ماڵەکان گڕیان بەردایە دێکە. دوکەڵ بەرز بۆوە، کۆترەکان مەلەیان تیا ئەکرد، چۆلەکەکان هێلانەکەیان بەجێهێشت، کەوتنە ئاسمان بۆ زەرنەقوتەو هێلکەکانیان ئەگریان، ئەوان باشبوون نەخرانە ناو سەیارەوە، بەڵکو ئەوان...فڕین....بەرز فڕین، لەبەرزایی ئاسمانەوە سەیریان ئەکرد، ئەو رووداوە ترسناکەیان تۆمار ئەکرد، وەك یاداشتێك لەبن باڵیانا هەڵیانگرت، بۆئەوەی بیدەنە دەست مامۆستایەك هەتا ئەویش بەوانەیەك بۆ منداڵەکانی داهاتووی بڵێتەوە. چۆلەکەکان لەشیوەنی خۆیان بوونەوە، هەتا درەنگ بەو ناوەدا فڕکەیان بوو،

دواجار بریاریاندا ئەو مەملەكەتە جێبهێڵن، سەری خۆیان هەڵبگرن، جارێكی تر سەرنەكەنەوە بێرەدا، دایان لەشەقەی باڵ... ئەمجارەیان هەر ئەفرینو نەئەنیشتنەوە، ئاوڕیشیان لەپاشماوەی هێلانەكان نەئەدایەوە.

زیلەكانیش ئەو ناوەیان بەجێهێشت، هەر ئەڕۆشتنو نەئەوەستان لەوە ئەچوو شۆفێری تیا نەبێ، بۆیە لەشوێنێك ناوەستێ بۆ پشوودان. هەر ئەڕۆشتو نەفەرەكانی هەڵئەتەكان، بۆئەوەی هەرچی ئێوارەش خواردویانە هەرسی بكەن.

ئەوەندە دووركەوتنەوە ئاگامان لێیان نەما، خوا رەحمی كرد لەوێ نەبووین ئەگینا ئێمەش بارئەكراین، تەنیا ئەوەندەمان ئەزانی ئەیانبەن بەرەو رۆژئاوا، مامۆستا هاواریش بەم بەزمەی نەئەزانی كەچی ئەو شەوە خەوی لێنەئەكەوت، هەردەمەی بیانویەكی ئەدۆزیەوە، وایئەزانی خەتای چركە چركی سەعاتی سەر مێزەكەیە، بۆیە خستیە ژێر بەتانیەوە، وای ئەزانی ترپەی قاچی رێبوارە كەم خەوەكانە، دواجار وایئەزانی جریوە جریوی چۆلەكەكان ئەمیان لەخەو كردوە بۆیە بەتورەیەوە گسكیماڵەكەی تێگرتن.

نەیئەزانی هەستی نهێنی مرۆڤە پێی ئەڵێن (هەستی شەشەم) ئەم هەواڵەی بەنهێنی بۆ هێناوە، بەڵام مامۆستا هاوار ئەم نهێنیەی بۆ هەڵنایەت.

بەیانی مامۆستا هاوار هەموو گیانی تێكشكابوو، هێزی نەبوو چایەك لێبنێ، خۆی گۆڕیو بەبرسێتی رۆی بۆ قوتابخانە، هەر گەشتە ئەوێ یەكێك لەمامۆستاكان وتی: كوڕینە بەلای نەقلیاتی دوكان دا هاتم

ئەو ناوە مەفرەزەی لێبوو نەیانئەهێشت سەیارە دەرچێت بەرەو دوکان، ئیتر نازانم لەو ناوە چی رویداوە، مامۆستا هاوار گوێی قووت بۆوە، دەمی داچەقاند، لەهاورێکەی نزیك بۆوە، ئەیویست زیاتر زانیاریی لێوەرگرێ، بەڵام ئەو مامۆستایەش هەرئەوەندەی ئەزانی. ئەمیش داوای روخسەتی لەبەڕێوبەرەکەی کردو چوو بۆ ئەو نەقلیاتەی سەیارەکانی دوکانو بنگردو رانیەو سورداشی لێیە، لەهەر کەسێکی ئەپرسی وەڵامەکەیان هەر ئەوەبوو گوایە ئەو خەتە وەستاوە.

ئەو رۆژە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ ئەسوڕایەوە، نەی ئەزانی چی بکات، بۆ کوێ بچێت، شەویش بەجلەکانی بەریەوە هەتا رۆژ بۆوە لەسەر قەنەفەیەکیماڵەکە پاڵ ئەکەوتو هەڵئەستایەوە، کە دەرگای تارمەکەی ئەکردەوە هیچ شتێکی نەئەبیست دنیا کشو ماتبوو. چۆلەکەکانی دوێنێ شەو لەشیرینی خەودا بوونو هیچ کامیان دەنگیان لێوە نەهات هەتا رۆژ بۆوە، ئەم بەیانیە کەس بەدەرەوە نەبوو، نە قەسابەکان نە کرێکاری خەباتە تەنانەت مامۆستای مزگەوتیش بە بەردەم ماڵەکەی مامۆستا هاواردا نەڕۆشت.

هێشتا مابووی بۆ نوێژی بەیانی ئەم چوو بۆ مزگەوت، هەر کەسێکی ئەبینی هەواڵی دەرەوەی شاری لێئەپرسی، کەس هیچی وای نەئەزانی بەکەڵکی ئەم بێت، هەتا دوکانو بازاڕ کرایەوە، لەمزگەوت خۆی خلافاند، سەرێکی نەقلیاتی دایەوە، خەت نەکرابۆوە، لەوێوە چوو بۆ قوتابخانە، مامۆستاکانی هاورێی ئەیانزانی خێزانەکەی بەسەردان چوون بۆ ئەو دەڤەرە، لەبەر ئەوە دڵنەوایی مامۆستا هاواریان ئەکرد

ئەیانووت هیچ نییە ئیشەڵڵا هیچیش نابێ.
مامۆستا هاوار جارجارێك دەستی ئەدایە تەلەفونی قوتابخانەو ژمارەی تەلەفونیماڵەکەی خۆیانی لێئەدا، دوای چەند جەرەسێك دایئەخستەوەو لەبەرخۆیەوە ئەیوت: نەهاتونەتەوە.
دەوامی ئەو رۆژەش تەواو بوو، هەتا ئەهات رەنگی مامۆستا هاوار زیاتر هەڵئەبزرکا، نیوەرۆ لەناوبازار نانێکی خواردوو لەچایخانەیەك دانیشت کە نزیك بوو لەو نەقڵیاتەوە، گوێی هەڵخست بزانێ خەڵك باسی چی ئەکەن، کورێکی گەنج لەناو چایخانەکەدا هەر بۆڵە بۆڵی بوو، زوو زوو داوای چایەکی ئەکرد، جگەرەیەکی ئەکرد بەسەردا، هەتا دواجار زۆری بۆ هات کەوتە دەربڕینی نارەزاییو ئەیووت: توخوا ئەمە ئیجازەیە من وەرمگرتووە؟ هەرنەهاتمایەوە باشتر نەبوو؟ ئەوا دوو رۆژی ئیجازەکەم بەبەلاش رۆی، خوا ئەزانێ کەی رێگا ئەکرێتەوە.
هاوار بەفرسەتی زانی پرسیاری لێبکات، وتی: کوڕی باش عەسکەریتو بەئیجازە هاتویتەوە؟
- بەڵێ بەهەزار پاڕانەوە ئەم ئیجازەیەم وەرگرتوە، سەردانی ماڵی باوکم بکەم لەدێیەکی نزیك دوکان، ئەوەتا رێی هاتووچۆ نەماوە، نازانم چی روویداوە، ئیش ئاوا بڕوات ئیجازەکەم تەواو ئەبێ، چاوم بەکەسوکارم ناکەوێت.
مامۆستا هاوار ئەوەندەی تر رەنگی زەرد بوو، هەرهەموو گیانی وەك شەقشقە ئەلەرزی قوڵپی گریانێکی جەرگ بڕ لەناخیدا پیشی خواردبۆوە، نەیتوانی زیاتر خۆی بگرێ روویکردە دیوارەکەی

تەنیشتیو ئەیویست بەنهێنی بگری، بەڵام هەرچی لەو چایخانەیەدا بوو زانیان ئەو پیاوە بەکوڵ ئەگری، هەندێك لەدانیشتوانی چایخانەکە بۆ ئەوە دانیشتبوون کە هەواڵێکی کەسوکاریان ببیستن، ئەوانیش خەڵکی ئەو ناوەن، بۆیە ناحەقی مامۆستایان نەگرت لەگریانەکەی.

بۆ سبەینێ چو بۆ سەر وەیس بۆئەوەی لەوێ خەمەکانی هەڵبرێژێت، بەڵکو وەیس شەفاعەتێکی بۆ بکات، کاتێك لەشەخصەکەی وەیس نزیك بۆوە، سەری سورما کە بینی لەبەردەمی مەرقەدەکەدا خێمەیەکی عەسکەری هەڵدراوەو جێبێکی لەبەردەمدایە، هەندێك سەرباز بەچەکەوە لەبەردەمی شەخصەکە بڵاوبونەتەوە، ئەمیش پاشەو پاش گەڕایەوە دواوە: لەبەر خۆیەوە ئەیوت: بەخوا جوانە، من هاتووم بۆلای حەزرەتی وەیس فریام بکەوێت کەچی خۆی دیل کراوە، بەلێواری باخی گشتیدا گەڕایەوە بەرەو ژوور، رۆی بەرەو ماڵی دکتۆرە فریشتە تا سکاڵای خۆی لای ئەو بکات، کاتێك خەبەری رێگیرانەکەو رۆشتنی ماڵو منداڵی بۆ ماڵە خەزوورانی بەدکتۆرە گەیاند، ئەویش لەجێی خۆیەوە تاس ئەیبردەوەو ئەیوت: ئەگەر نەگبەت نەبویتایە بۆچی لەم کاتەدا ژنو منداڵت ئەچون بۆ لادێ؟ ئەی هاوار گیان نەتئەزانی منداڵەکان دەوامی مەکتەبیان هەیە؟ بۆ سەردانەکەیان نەخستە کاتی پشوی سەری ساڵ؟

هاواریش بەدەم گریانەوە ئەیوت: ئەی ڤیرسیچمە مانای چی؟ من هەر ئەموت ژنەکە ئارام بگرە ماوەیەکی تر بەیەکەوە ئەچین، ئەو هەر ئینکاری ئەکردوو ئەیوت سێ رۆژمان پێ ئەچێت، ئەترسم

باوکم شتێکی لێبێتو نەیبینمەوە، زۆر نەخۆشە.
دواجار فریشتە بڕیاریدا، هەرکاتێك هاتووچۆی ئەو خەتە کرایەوە لەگەڵ مێردەکەی مامۆستا هاوار بەرن، ماڵو منداڵەکەی بهێننەوە.
ئەوەبوو دوای چەند رۆژێك خەتکرایەوە، فریشتەو مێردەکەی بەئوتومبێلەکەی خۆیان هاواریان هەڵگرتو رۆشتن، هێشتا مابویان بگەنە ئەو گوندەی بۆی ئەچون هاوار، هاواری لێهەڵساو بەهەردوو چەپۆك کێشای بەسەرو پۆتەلاکی خۆیداو وتی: ئێستاش دوکەڵ لەو دێیە هەڵئەستێ، ئیتر چۆن ژنو منداڵەکانم بەساغی ماون؟
هەر کە نزیك بوونەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە خۆی کرد بەناو خۆڵەمێشی ماڵی خەزووریا، هیچ ئاسەوارێکی ژیانی تیانەمابوو، داروو پەردووی ماڵەکەش بەسەر یەکدا درابوو، لەخۆڵەمێش بەولاوە هیچی بەساغی نەمابوو، خەڵکەکەشیان راپێچ کردبوو بۆ دواهەمین شوێنی چارەنوسیان.
بەرماڵی سوتاوی ماڵەکەیان هێشتا بەراخراوی مابۆوە، هاوار پەلاماری قورئانەکەیدا کە بەشێکی سوتابوو، ئەینا بەسنگیەوەو ئەیخستە سەر سەریو ماچی ئەکرد هاواری ئەکرد: خوایە لەبەرخاتری ئەم قورئانە ژنو منداڵەکانم بپارێزە.
فریشتەو مێردەکەی دەستیان دایە باڵی هاوار، لەناو خۆڵەمێشی ماڵە رووخاوەکەدا هەڵیانساند، خستیانە ناو ئوتومبێلەکەوە، کاتێك کەوتنەرێ هاوار لەجامی ئوتومبێلەکەوە بەنیگایەکی پڕ حەسرەتو نائومێدیەوە دەیڕوانیە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە، وەك کەسێك تازە زریانو گەردەلولی کوشندە لەگەردنی داماڵرابێ چاوی بڕیبوە

دیمەنەکانی ئەو ڕێگایەی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هەزارەها کەس بەسواری زیل‌و تراکتۆر ئەگوێزرانەوە بۆ شوێنێکی نادیار، ئەو شوێنەی کرابووە دواهەمین دادگای نافەرمی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی منداڵە شیرەخۆرەکان، ژن‌و پیاوە پیرە بێدەسەڵاتەکان، بۆ ئافرەتە ڕۆح پاکەکان، بۆ گەنجە بێتاوانەکان.

لەبەرخۆیەوە ئەیوت: ئابێرەدا ژن‌و منداڵەکانی منیشیان فڕاندوە، ئەی دەشت‌و شاخ‌و دارو بەردی وڵاتەکەم بەشایەتبن سێ منداڵ‌و ژنێکی منیان بردوە، بەشەرەکانی ئەم سەردەمە بەهیچ شتێك تێرنابن، جیاوازیش ناکەن لەنێوان گەنج‌و پیردا، لەنێوان ژن‌و پیاودا، ئەی ئەو منداڵە ساوایانەیان بۆچییە؟ تۆ بڵێی ئەوانەی بردویانن هەر هەموویان پێشمەرگەبن؟ یان هەموویان سیاسیەکی ئەوەندە گرنگ بن؟

جارجار دڵخۆشی خۆی ئەدایەوەو ئەیوت لەوانەیە یەك دوو ڕۆژی تر بەرەڵایان بکەن، ئەوانەیان بۆچییە؟

دوای هەناسەیەکی نائومێدی دیسان وەڵامی خۆی ئەدایەوە: چۆن... نایەنەوێن، باش ئەزانن هەر ئەو منداڵانەی ئەمڕۆیە سبەینێ ئەبنە پێشمەرگە، هەر ئەو پیرانە بوون هەتا دوێنێ پێشمەرگە بوون، ئەمڕۆ بەپیری ئەیانبینی، هەر ئەو ژنە جوامێرانەن، کوڕەکانیان هان ئەدەن بەرگری لەخاك‌و نیشتیمان بکەن، هەر ئەوکچە جوانانەن بەشانازیەوە ئەڵێن: دەسگیرانەکەم پێشمەرگەیە.

ڕژێم لەوسەری دێتەوە، ئەو شتانە هەمووی ئەزانێت، بۆیە دەست ناپارێزێ، چونکە بەلای ئەوەوە هەرکەسێك کوردبێت، بۆ ئەو وەك

درك وايە، لەناكاو ئەچێت بەپێیدا. لەوەتەی دنیا دنیایە هیچ حكومەتێكو هیچ هێزێك نەیتوانیوە ئەو هەموو دركە بدورێتەوە یان بیسوتێنێ، چونكە ئەمساڵیش لەناوی بەرێت، ساڵێكی تر هەڵئەداتەوە، ئەم تۆوە بەخۆرایی نەڕژاوە.

جار جار گەشبینیەك بەڕوویەوە دیار بوو، بەڵام هەر كە دوكەڵی لادێیەكی دووری ئەبینی، ئەو گەشبینیەشی ڕەش ئەبوو، جارێكی تر ئەهاتەوە سەر سفر.

لەقریشكەیەكی فریشتە هەرچی خەیاڵی خۆشو ناخۆش بوو لەمێشكی هاوارا كوژانەوە، مێردەكەی كتوپڕ ئیستۆپێكی گرت، تایەی ئوتومبێلەكە دوكەڵی لێهەڵئەسا، لەبەردەمی لاشەی كورێكی گەنجا گیرسایەوە.

هەرسێكیان بەپرتاو دابەزین، خستیانە سەرپشت، هێشتا خوێنی لەبەر ئەڕۆی، گیانی سارد نەبوو بۆوە، هاوار وتی من ئەم كورە ئەناسمەوە، ئەمە ساربازێكی كوردە، مۆڵەتی چەند ڕۆژێكی وەرگرتبوو بۆئەوەی سەردانی كەسوكاری بكات، دیارە چەند ڕۆژە نەیتوانیوە بێتەوە، ئەمڕۆ هاتوەو لێرە كوشتویانە، باشە خۆ ئەم ناوە یەك سەربازی حكومەتی لێنەماوە، ئەبێ كێ كوشتبێتی؟

فریشتە وتی بۆ لەناوخۆمانا پیاوكوژمان نییە؟

بەهەرسێكیان بەئەسپایی دەستیان دایە تەرمەكە، ئەتوت دەست ئەدەنە نەخۆشێكی چوارپەل شكاو.

فریشتە وتی: لەوە ئەچێت ئەو نەگبەتیەی ئەمجارە بەسەر كوردا هاتووە، مێژوونوسێكیش نەمێنێ ئەم تراژیدیایە بنوسێتەوە بۆ

داهاتوو، لەوانەیە خوای گەورەش هەر ئەوەندە ژیانی بەئێمەش دابێ، ئیتر وەك قەومی (لوگ) لەناومان بەرێت، دیارە ژیانی میلەتان بەنۆبەیە، ئەمجارە نۆبەی ئێمەیە، وەك چۆن سۆمەری‌و ئەكادی‌و سەلجوقیەكان بەدێڕێك لەمێژوودا ناویان ماوەتەوە، ئێمە نەك بەدێڕێك بەوشەیەكیش ناومان نابرێت.

بەسێ قۆڵی كەوتنە رێ، ئەمجارەش داخی كوشتنی ئەو كوڕە گەنجەش بوو بەپشكۆیەك ئاگری سەر دڵیان، ماتەمینیەكی بێ دەنگ وایلێكردن هەریەكەو چیرۆكێك لەمێشكی خۆیدا تۆمار بكات، بۆئەوەی بیگێڕنەوە بۆ منداڵەكانیان، یان بیخەنە سەر كاغەزێك بیدەن بەدەم باوە، بەڵكو بیبات بۆ وڵاتێك، لەوێ چاوێكی پیادا بخشێنن.

بەدەم رێوە هاوار ئەو خەوەی بیركەوتەوە كە ٢٠ ساڵ بەرلەئێستا بەباوكییەوە بینیبووی‌و فریشتەكان لەسەر قسنەكەی حەزرەتی وەیس تەفسیریان بۆ كرد، ئەیوت راستە خەو دەلیلە بەگاڵتەوە باوكم بەرەو رۆژهەڵات رای نەئەكرد.

هاوار قورئانەكەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بۆئەوەی لەماڵەوە بیپارێزێت، بەدەم رێوە پەڕەكانی هەڵدایەوە دەستی كرد بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك، هەتا گەیشتنە بازگەكەی تاسلووجە، لەو شوێنە رایانگرتن، ناسنامەكانیان لێ سەندن‌و كەوتنە پرسیاركردن، هەرسێكیان داگرتنە خوارێ، یەكێك لەئەمنەكان بەهاواری وت، ئەو قورئانە سوتاوە هی كامتانە؟ هەموو دەمیان بوو بەتەڵەی تەقیوو، نەیان ئەزانی بڵین

چی، هاوار وتی: لەرێگا دۆزیومانەتەوە، ئێمەش لەبەر موبارەکی قورئان هەڵمانگرتوە، بەڵکو لەشار چاکی بکەینەوە.
ئەمنەکە بەپێکەنینێکی درۆزنانەوە وتی: بەڕاست؟
هاوار هەمووگیانی ئەلەرزیو ئەیوت: بەخوا بەڕاستمە.
ئەمنەکەش وتی: مادام بەڕاستە بڕۆ ئەوبەرەوە، فریشتە کەوتە پاڕانەوە، پەلاماری دەستی ئەمنەکەی ئەداو ماچی ئەکرد، بەڵام قسە قسەی ئەمنەکە بوو هێز نەبوو پەشیمانی بکاتەوە.
هاوار قورئانەکەی بۆ ڕاگرتو ئەیووت: ئەم قورئانە بۆ تۆ بۆئەوەی خوا بتپارێزێ، کابرای ئەمن گاڵتەی لەقسەکانی ئەهات، تاوایلێهات تورە بوونێکی شێتانە ناوچاوی سورکرد پەلاماری پشتەملی هاواریداو نوساندی بەئوتومبێلەکەوە، بەدارەکەی دەستی کەوتە لێدانی، لەهەمانکاتدا چەند کەسێك بەجلی عەسکەریەوە کەوتنە تێهەڵدانی هاوار، هەتا خوێن لەدەمو لوتیەوە فیچقەی کرد. لەولاشەوە کەوتبوونە لێدانی مێردەکەی فریشتە، فریشتەش بۆخۆی کەوتە بەر شاڵاوی پەلاماردانو لێدان.
بەجۆرێك لەو سێ کەسە بێتاوانەیان ئەدا وەك چۆن گەلەگورگی برسی نێچیرەکە لەدەمی یەکتر ونجڕ ونجڕ بکەن، بەوشێوەیە هەر کۆمەڵەو کەوتبوە گیانی یەکێکەوە، کە تاقەتیان چوو بەتفێکی سەوزباوی کەفاویەوە دەموچاوی هەرسێکیان سواغداو ئەو جوێنانەی لەدەمی ئەوان هەڵئەوەری کەس لەڕووینایە بینوسێتەوە.
خواو ڕاستان کردی، دوو جێبی عەسکەری هات، ئەمنەکانیش بەپەلە ڕایانکرد بەلای ئەو ئەفسەرە پلەبەرزانەی لەجێبەکان دابەزین،

دوای مقۆمقۆ لەنێوانیاندا، یەکێك لەئەمنەکان، ناسنامەکانیان بۆ هێنانەوەو وتی: دەی برۆن لەم ناوە مەوەستن، ئەمانیش بەپەلە خۆیان گەیانە ئوتومبێلەکەو قورئانەکەیان لەوێ لێبەجێما، لەوە ئەچوو ئەفسەرەکان فەرمانیاندابێ وازیان لێبێنن.
کە گەیشتنەماڵەوە کەسیان نەئەناسرانەوە، دەمولوتی هەمویان ئاوسابوو، خوێنی پێوە مەیبوو، دوای چەند رۆژێك ئینجا هاتنەوە سەرخۆ. ئەو لێدانو سوکایەتیەی بەو سێ مرۆڤە بێ تاوانە کرا، کاری کردە سەر رەوشتو بیرو باوەڕی هاوار، بڕوای بەبوونی خۆشی نەمابوو، وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەڵسوکەتی نەئەکرد. لەگەڵ ئەوەی کەسێکی خواناسو موسوڵمان بوو، وەك دەروێش عەلی باوکی بەهەموو شتێك شوکر بوو، کەچی دوای ئەو کارەساتەی بەسەریاندا هات، قێزی لەو ژیانە ئەهاتەوەو بێزاریو نارەزایە خۆی بەتورەییەوە دەرئەبری، خەریکبوو خۆی لەهەموو نەریتێکی مرۆڤایەتی دابماڵا، بەڵام هێشتا بڕوای بەخوای خۆی بەهێزبوو، بۆیە سکاڵای دڵی خۆی لەسەر بەرماڵەکە ئەکرد، کاتێك رووی ئەکردە خوای گەورە، دوای هەموو دوعاو پاڕانەوەیەك ئەیووت:
- خوایە گیان ئێمەی کوردی خواناس، سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتو پەیڕەوی کردنەی ئاینی ئیسلام، کەچی لەوە ئەچێ ئەم رژێمانەی کە ئێمە کەوتووینەتە ژێر دەستیانەوە لەموسوڵمانێتیمان بەگومانبن، ئەوەندەی ئێمە زانای بەناوبانگو سۆفیو شێخو مەلاو حاجیو دەروێشمان هەیە، باوەڕ ناکەم هیچ قەومێك هەیبێ، بەڵام لەبری ئەوەی ئافەرینو ستایشمان بکەنو خەمخۆرمان بن هێشتا

ئەوان لەبێ بڕواکان زیاتر ناحەقیمان بەرامبەر ئەکەن، ئەمانکوژن، ئەمانسوتێنن، ماڵەکانمان تالآن ئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەغزیان لێدێت کە ماوین.

دوای ئەم هەموو سکاڵایە دەستی ئەدایە قورئانەکەی، چەند ئایەتێکی ئەخوێندەوە، چەند جارێك قورئانەکەی بۆ خوای خۆی بەرز ئەکردەوە، ئەیووت: بیکە بۆ خاتری ئەم قورئانە ژنو منداڵەکانم بپارێزە.

جارێکی تر مامۆستا هاوار چوەوە ناو ژیانی تەنیایی، ئەو ژیانەی لەونبوونەوە نزیکە، ئەو ژیانەی کە دایبڕان لەکۆمەڵگە. ساڵو نیوێك تێپەڕی، نە هاوار، نە خەڵکانی لێقەوماوی کوردستان نەگەیشتن بەهیچ ئامانجێك، کەس نەیئەزانی چارەنوسی ئەوانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوتن چیان لێ بەسەرهاتووە، بێ هیوایی باڵی کێشابوو بەسەر هەمویانا، مامۆستا هاوار لەبێکەسیەکی دژواردا ئەژیا، کەسێ نەبوو ئاوڕی لێبداتەوە، کەوتە خانەی گۆشەگیریەوە، لەبەرئەوە ئەمیش بڕیاریدا وەك چۆلەکەکانی ماڵە خەزورانی بڕوات، ئەم مەملەکەتە بەجێبهێڵێ.

سێ دەستە جلی منداڵەکانیو دەستێك جلی ژنەکەی خستە ناو جانتایەکی بچوکەوە، ناوماڵەکەی مەزاد کرد، بەخۆیو جانتاکەیەوە خۆی کرد بەماڵی فریشتەدا بۆ ماڵئاوایی، هەرچەندە زۆر لەگەڵیا خەریك بوون لەو سەفەرە پەشیمان بێتەوە بەڵام هاوار پێی ئەوتن: ئەگەر بمزانیایە تروسکاییەك هیوا لەژیانما ماوە هەرگیز بیرم لەڕۆشتن نەئەکردەوە، بەڵام تازە من ناوم چووە ناو لیستی تەنیاییو

ونبوەکانەوە، لەهەر شوێنێکی دنیا بم هەر ئەبێ تەنیابم، ئەم وڵاتە خێری نەدایەوە نە بۆ منو نە بۆ دایكو باوکم، بابزانم چارەنوسم لەکام وڵات توورردراوە فریایکەوم، نەوەك لەوێش بۆشاییەك نەمێنێ جێگای منی تیا بێتەوە.

بەجێهێشتنی فریشتە قورستربوو لەبەجێهێشتنی نیشتیمان، چونکە تەنیا کەس بوو پشتو پەنای بێ، کاتێك خەمەکانی لەسەر کەڵەکە ئەبوو پەنایی ئەبردە بەر فریشتە. ئەو ئێوارەیەی ماڵئاوایی کرد هەر بۆ شەوەکەی قاچاخچی هەڵیگرتو گەیاندیە سوید، مەملەکەتە بەئاشوبەکەی بەجێهێشتو چووە باوەشی مەملەکەتی ئارامەوە، ئەو وڵاتەی یاساو مافی مرۆڤی تیایە.

هەتا ساڵێك دوای راپەڕین هاوار دەنگی نەبوو، لەدوای راپەڕینەوە زۆر کەس بەسەردان ئەهاتنەوە، بەڵام هاوار کەسی نەبوو سەردانی بکات، تەنیا لەساڵی ١٩٩٢ نامەیەکی نارد بۆ دکتۆرە فریشتە بەبۆنەی ئەو رۆژە شومەی بەسەر ژنو منداڵەکانیا هاتبوو، لەنامەکەیدا نوسیبووی: لەجێی خوشكو دایكو کەسوکارم، فریشتەخان. هەموو کاتو هەموو ساتو هەموو رۆژو شەوێکت باش، ئازیزەکەم: هەرمن نیم کە ئەو رێگا سەختو ترسناکەم گرتبێتەبەر، تا گەیشتومەتە ئێرە هەر ئێمەی کورد نین لەوڵاتی خۆمان رامان کردبێ بەرەو هەندەران، خەڵکی وڵاتە دواکەوتوەکانو هەژارەکانو ناجێگیرەکانی دنیا هەمو بێزارن لەژیان، بۆیە رۆحی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە لەپێناوی رزگاربونیان لەو ژیانە بێ سەروبەرە.

بروابکە هەزاران کەس لەبەر بژێوی ژیان، هەزاران کەس لەترسی گرتنو کوشتن، هەزاران کەس لەپێناوی بەدیهێنانی هیواو ئاواتی دوارۆژیان سەرکێشیان بەژیانی خۆیانەوە کردوە، یان کوژراون، یان گیراون یان زۆربەیان لەدەریای ئیجە خنکاون، ئەوەی رزگاری ئەبێتو ئەگاتە ئەوروپا وەك ئەوە وایە دەجار لەرزی مەرگی لێهاتبێ، بۆ دواهەمین شانسی رزگاری بووبێ. ئەو کەسانەی نیشتیمان بەجێدەهێڵن دڵیان ئەبێ بەدوو لەتەوە، لەتێکی لێرەو لەتێکی لەلای وڵاتەکەی، بەڵام دڵی من بوە بەسەد لەتەوە، لای وڵاتو لای ژنو منداڵو لای فریشتەو لای وەیسە داماوەکەم، لای هەموو کەسێکی کوردی چەوساوە. چۆن ئەم هەموو لەتەم بۆ کۆئەبێتەوە؟

کاتی خۆی کە جانتاکەم کردە شانم تەنیا ئێوەم لەخەیاڵ بوو، بیرم نەبو ماڵئاوایی لەوەیس بکەم، بیرم نەبوو تاجەگوڵینە بەرم بۆ سەرگۆری دایكو باوکم، بەڵام کاتێك کە سنووری وڵاتەکەم بەجێهێشت گەلێك فرمێسکی درشتم رشت، لەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزەوە دواهەمین نامەی خۆشەویستیو ماڵئاواییم ئاراستەی وڵاتەکەم کرد، خستمە ناو پریاسکەی گلەییو گازندەکانمو کردمە ملی گا بەردێکی سەر لوتکەی چیاکە تاکو ئەویش بیداتە دەست منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان.

فریشتەخان، ئەی ژنە جوامێرە چاونەترسەکەی وڵاتەکەم، ئەو رۆژانەم بیرناچێتەوە لەهەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا فریام ئەکەوتی، هەرگیز ئەو رۆژە مێژوویەشم بیرناچێتەوە کە لەپێناوی مندا خۆت خستە بەرئازاری دەستی جەلادەکانەوە. ئازیزەکەم تەنیای من لەم

وڵاتەدا لەتەنیایی مۆمێکی کوژاوە ئەچیت لەناوەندی بیابانێکی بێ سنووردا، هەرمن وانیم هەزارەها نامۆی وەك من هەیە، لەیادگاریی بەولاوە هیچمان نییە سەری کاسمان بجوڵێنێ، کەسمان لەوی تر ناپرسێت ناوت چییە، ئیشت چییە، خەڵکی کوێیت، چونکە هەرهەمووومان ناومان نامۆیە، خەڵکی ئێرەین، ئیش‌وکارمان گریانی بێ فرمێسکە، کەسمان پێویستمان بەکەسمان نییە، ئەگەر جارجار سەلامێك لەیەکتری بکەین وەك ئەو سەلام کردنە وایە کە لەدوای نوێژ لەهەردوو فریشتەکەی سەرشانمان ئەیکەین.

هەندێجار رێئەکەوێ دوو نامۆ شانبەشانی یەکتری رێگە ئەبڕن، هەتا لەیەك جیائەبنەوە هیچکامیان متق ناکەن، هەروەك ئەوە وایە هەریەکەیان بەتەنیابێ.

فریشتەخان کاتی خۆی ئەمووت من لەهەرشوێنێکی ئەم دنیایە بم هەرئەبێ تەنیابم، نەمئەزانی تەنیای دور لەتەنیای نزیك ناخۆشترە. بۆیە پەنا ئەهێنم بۆ تۆ، ئەگەر ئەتەوێت ئاسوودە بم بەنامەیەك ئاسوودەم کە، ئەگەر ویستت خەمەکانم چارەسەرکەیت، هەواڵێکم بۆ بنێرە، من هیچ شتێکم نییە شەوانە بمخاتە خەوو خوێندنەوەی رابردووە تاڵەکان نەبێ، چیرۆکێکی تازە نییە سەرلەنوێ بمنوسێتەوە زەمانە رۆیشتو جێی هێشتم، دەستم ناوەتە ژێر چەنەم، چاوەڕوانی وەڵامێکم کە پێم بڵێ زوو وەرەوە، منداڵەکانت چاوەڕێتن.

جاربە جارێك پەڵە هەورێکی سپی بەرەولام دێت، پێش ئەوەی لێم نزیك بێتەو بەرزە پێ هەڵئەستمە سەرپێ ئەڵم نەوەك پێنەزانێ کە من لێرەم، لەوانەیە نامەی ئێوەی پێبێ، کەمێك ئەڕواو ئێئەپەڕێت

بەدڵێکی نائومێدەوە لەجێی خۆم دائەنیشمەوە.
ئەونە گریا بێباکانە بەسەرما رۆی لێی نەپرسیم تۆ چیت ئەویٚ؟ لێی نەپرسیم بۆ بەتەنیای بۆ لێرەدا دۆشداماویت، بەدوای کێدا وێڵیو چ کەسێکت ون کردوە، با نەپرسیٚ تازە ئەو چی لەدەست دیٚ؟ تەنیا ئیشێك کە من هەمبیٚ بەو پەڵە هەورە هەر ئەوەندە چاوێکم بۆ بگێڕیٚ بزانیٚ ژنو منداڵەکانم لە چ شوێنێك دیل کراون، بە چ تاوانێك سزا دراون، هەر هیچ نەبیٚ بۆم بپرسێت ئایا ماون یان وەك دڵی من هەر هەمویان قیمەکراون. ئەو پەڵە هەورە گەڕۆکە هەردەمەی لەشارێکە ئاگای لەهەموو روداوێکە، ئەی بۆ هەواڵێکم بۆ ناهێنیٚ؟ تۆ بڵێی رێی نەکەوێتە مەملەکەتە خنکاوەکەی جارانی من، بەڵا جاران من مەملەکەتم هەبوو، بەڵام ئێستا یەك بستم لەو مەملەکەتەدا نییە موڵکی من بێت، کەچی ئێستاش خۆشمئەویٚ، چونکە رۆحیانەتی کەسانمی تیاماوە، چونکە ئێوەو وەیسە داماوەکەی تیایە.
فریشتە خان بەقەدەر منداڵەکانم بیرتان ئەکەم، دورکەوتەنەوە لەئێوە زامەکانی قوڵتر کردم، من بەجەستە لێرەمو بەرۆح لای ئێوەم، رۆحیانەتم کاتێك ئەفریٚ لەجەستەما دێتە دەریٚ لێی ئەپرسم بۆ کوی ئەڕۆی؟ ئەڵا ئەی نازانیت کێمان لەویٚ جێهێشتوە؟ ئەی نازانیت دەرمانی خەمەکانی ئێمە لەلای کێیە؟
ئەڕۆمەوە بۆ مەملەکەتەکەی ئەوان، ئەگەر تۆ نایەیت کەیفی خۆتە لێرە بمرە من لەجەستەی تۆدا ناژیم، ئەڕۆمەوە بۆلای فریشتەکان.
نازانم چۆن رۆحیانەتم تێگەیەنم کە ئەم دنیایە پڕە لەفریشتە، فریشتەکانی ئێرەش وەك فریشتەکانی لای خۆمانن تەنیا حەوتەمین

فریشتە نەبێ لەو ولاتە داخراوەدا بەجێماوە. لەوە ئەترسم جارێك لەجاران ئەو رۆحیانەتە شێتەم بفڕێو نەگەڕێتەوە ناو جەستەم، رێم پێنەدا ئەو هیوایەی تەنیا تروسکایەکی تیاماوە بۆم بێتە دی، تا منیش بتوانم بگەڕێمەوە.

دواجار هیوای خۆشی بۆ هەمووتان ئەخوازم، خۆشم ئەوێن

برات هاوار

شوباتی ١٩٩٢

# ٥

زەمانە رۆشتو پیری خۆی کرد بەناوماندا، قژی سەری هەرهەموومان بوو بەکێڵگەی لۆکەو پەموو، تاڵی رەشی تیانەماوە، ئەو کەسانەی هەتا دوێنێ فرکەیان ئەهات، بەگڤەی هەنگاوەکانیان لقوپۆپی نەمامەکان رائەچڵەکین ئەمرۆ ئەو لقو پۆپانە بوون بەدارشەقو گۆچان بۆ ژێربالمان نەوەك بکەوین، کەسێك نەبێ دەستی بێنیو هەڵمانسێنێ، چاوی چاوەڕێمان هێندە کز بووە توانای فرمێسکی نەماوە بۆیە بەشەو بەقەترە چاومان تەڕ ئەکەین.

لەسەرەتای پایزێکی زەردا رۆژێك پاش نیوەڕۆ لەباخچە بچکۆلەکەی ماڵەوەمدا دانیشتبووم وەك هەموو ئەو کەسانەی دوای خوێندنەوەی چیرۆکێك خۆی لەبەشێك لەو چیرۆکەدا ئەبینێتەوە، بۆیە منیش بیروهۆشم لای ئەو رۆژانە قەتیس بووبوو کە بێبەزەییانە نەئەوەستا لەسەرمان تا مانایەك بۆ سبەی بدۆزینەوە، نیازم نەبوو بەو زوانە

لەو خەیاڵە قوڵانەدا بێمەدەرێ، کاتێك زەنگی دەرگای حەوشە لەناکاو خەیاڵەکانمی پێچایەوە، بەهادینی ناسیاومان هاتەژووری، لەهەندەران هاتبووەوە، نەیئەتوانی چۆن سەرەتای شتێك بدرکێنێ، نەبێتە هۆی شڵەژانی من، دواجار خۆی بۆ نەگیرا وتی مامۆستا کاوە: هیوادارم نیگەران نەبیت ئەگەر خەبەرێکی ناخۆشم پێبێ.

لەژێر چاویلکەوە سەیرێکی روخساریم کرد ویستی لەقسەکەی پەشیمان بێتەوە، وتم کورم ئەملاو ئەولای ناوێت چی لەدڵتایە بیڵێ.

- بەداخەوە حەیدەری هاورێت....خۆتان خۆش.

چۆن پشکۆیەك ئاگر ئەچزێت بەناودڵاو ئەیسوتێنێ، هەرچەندم ئەکرد لەسەر کورسیەکە خۆم بۆرانەگیرا، بۆیە بەهادین هاتە ژێر باڵمەوەو لەناو چیمەنەکەدا تەخت بووم، کاتێ چاوم کردەوە چواردەورم گیرابوو، لەنەخۆشخانە خستبومیان.

تیری قودرەت دای لەجەرگم بۆ ئەو پیاوە بەوەفایە، بۆ ئەو پیاوە خێرنەدیوە، بۆ ئەو پیاوە تەنیایە، بۆ ئەو پیاوەی کەسێك نییە فرمێسکێکی بۆ برێژێ، کەسێك نییە قردێلەیەکی رەشی بۆ بکات بەسەر سنگەوە، بۆ ئەو پیاوەی کەسێك نییە ناوی هەڵگرێ لەناسنامەکەیدا، داخی گرانم بۆ ئەو پیاوەی تەنیا لای من نهێنیەکانی تۆمار کرد، تەنیا لای من خۆی ناساندو لەمن زیاتر کەس نایناسێ، لەوانەیە جێی بەهەشت بێ، ئیشەڵا لەبەر خاتری رزگارکردنی منداڵێکی بێتاوان لەمردن خوا ئەیبەخشێت.

کاتێك ناردیانمەوە بۆ ماڵەوە بەهادین نامەیەکی شۆرشی برازامی بۆ بەجێهێشتبووم کە نوسیبووی:

بۆ مامی بەڕێزو خۆشەویستم/ خوا سەبوری هەموو لایەك بداتو ڕۆحی پاكی كاكە حەیدەریش جێی بەهەشت بێت.

بەهادینی ناسیاومان بەسەردانێك هاتەوە بۆ كوردستان منیش بەفرسەتم زانی بچم بۆلای هاوڕێ عەرەبەكە نەوەك بیەوێت نامەیەكت بۆ بنێرێ، ئەویش لەمن زیاتر كەسی نییە نامەی پیا بنێرێت. چووین بۆ شوقەكەی زۆرمان لەدەرگاكەیدا كەس نەیكردەوە لەدەنگە دەنگی ئێمە دراوسێیەكی هاتە دەرەوە وتی: فەرموون كێتان ئەوێ؟

- هاتووین بۆلای حەیدەر كەس دەرگا ناكاتەوە؟
- ئەو كابرا عەرەبە چۆن ئەناسن؟ چی ئێوەیە؟
- ناسیاومانە....ئەوی راستی بێ هاوڕێی ماممە.
- بەداخەوە .....مانگێك لەمەوبەر ئەمری خوای كرد، خوالێی خۆش بێت.

مامە گیان بڕوا بكە وامئەزانی نزیكترین كەسی خۆم مردووە دڵم پڕ بوو جۆرە نائارامیەكم بەخۆمەوە ئەدی، لەبەرئەوەی منیش وەك تۆ ئەو كابرایەم ئەناسیو خۆشم ئەویست، چونكە بەهۆی نامەكانیەوەو بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی كاتی خۆی بۆتگێڕاینەوە لەبارەی كەسایەتی نمونەیی ئەو كابرایە منیش نزیك بوونەوەیەكی ڕۆحی بەستبوومیەوە بەرۆحیانەتی پاكی ئەوەوە.

منو بەهادین كە پێكەوەبوین ویستمانماڵئاوایی لەدراوسێكەی بكەین بەدەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە، بەڵام ئەو پیاوە نەیهێشتو فەرموی لێكردینو بردینیە ناو شوقەكەی خۆیەوە، قاوەیەكی

تاڵی داینیٚو بەرامبەرمان بەکشو ماتی دانیشت. ئینجا خۆی پیٚ ناساندین کە ناوی مامۆستا هاوارەو خەڵکی شاری سلێمانییە.
کاتێك سەرم هەڵبڕیو چاوم گێڕا بەهۆڵەکەیدا، سەرسام بووم لەودیکۆرە نامۆیە. ئەڕوانم وەك ئەو دوکانانەی جلی تیا ئەفرۆشن، لەهەر سوچێکی هۆڵەکەدا دەستێك جلی کردۆتە بەری بووکەڵەیەك هەریەکەو ناسنامەیەکی بەملیوە هەڵواسیوە، کە لێم پرسی: ئەی ماڵو منداڵەکانت لەکوێن؟ دەستی راکێشا بۆ بوکەڵەکان، بەبیٚ ئەوەی هیچ بڵێیت، منیش نەمویست درێژەی بدەمیٚ زانیم نایەویٚ باسیان بکات.
لێم پرسی: ئەی پەیوەندیت لەگەڵ حەیدەر چۆن بوو؟
دووسیٚ جار دەستی راستی ئەکێشا بەپشتی دەستی چەپیداو هەناسەیەکی پڕ لەناسۆری ئەدایەوە، وەك شتێك لەبینی گیرابیٚ، نەیئەزانی لەکوێوە دەست پێبکات، هەردوو چاوە شینەکانی وەك دەریایەکی شڵەقاو سوور هەڵگەڕا، دەستی برد بۆ ژێر مێزی تەلەفزیونەکەی، سندوقێکی بچوکی خستە بەردەستمانو سەرقاپەکەی هەڵدایەوە ...وتی:
- نزیکەی مانگێك لەمەوبەر لەکاتژمێر نۆی شەودا بۆیەکەمجار لەدەرگای شوقەکەم درا، کە کردمەوە روانیم دراوسێکەمە، ئەم سندوقەی بەدەستەوە بوو، باری تەندروستی بەشێوەیەك ناجێگیر بوو قسەی بۆ نەئەکرا، وەك شۆڕەبی هەڵئەلەرزی، منیش بەپەلە باوەشم پیاکردو هێنامە ژوورەوە، تەلەفونم کردو دوای چەند خولەکێك بردمان بۆ نەخۆشخانە، من هەتا بەرەبەیان لەو ناوە

ئەسورامەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بم، بەڵام بەداخەوە هەر ئەو شەوە ماڵئاوایی لەدنیا کردو لەتەنیایی رزگاری بوو، ئەم سندوقەشی کەوتە لای من. منیش لەپێناوی گەران بەدوای سەرچاوەیەکدا تا بزانم کەسوکاری لەکوێن‌و ناونیشانێکم دەستکەوێت بۆ ئەوەی هەواڵی کۆچی دوایی بگەیەنمە کەسەکانی، پەنام بردە بەر ئەم سندوقەو نامەکانیم بەرچاوکەوت بەعەرەبی نوسیبووی بۆ مامۆستا کاوەیەکی کورد لەسلێمانی‌و مامۆستاکەش بەعەرەبی نامەی بۆ ناردبوو.

ئەو نامانە منی خستە ناو دەریای بیرکردنەوە، لەو رووداوە ترسناکەی بوو بەمایەی لەناوچوونی هەزارەها کوردی بێ تاوان، کە لەزۆربەی نامەکانی حەیدەرا باسیان لێوەئەکراو ئەوکارەساتە ترسناکە کارێکی وای کرد بەشێکی زۆری میلەتەکەمان کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتن‌و زیندەبەچاڵکردن، لەناویاندا ماڵ‌و منداڵەکانی من.

بەخوێندنەوەی هەر دێرێك خۆم‌و ژن‌و منداڵەکانی خۆم تیادا بەدی ئەکرد، سەرم سوورما بوو، خۆزگەو دوعاکانم تێکەڵاوی ژانەکانم بوون، هەرچی رووداوە دژوارەکان هەبوو جارێکی تر یەخەی گرتم، کەوتمە ناو گەردەلوولێکی مەترسیدارەوە، راست‌و هەڵەم تێکئاڵابوو نەمیئەتوانی لەیەکیان جیابکەمەوە. تروسکاییەك شك نابەم پەنای بۆ بەرم تابتوانم لەوحاڵەتە دڵنیابم، هەموو شەوێك بەسەر ئەم نامانەدا ئەچمەوە دەستێك ئەنێمەوە سەر نێوچەوانم بۆ ئەوەی دڵنیابم کە لەخەودانیم، هێشتا ماوم، ئەوە خۆمم ئەم نامانە بەدزی رۆحیانەتی خۆم‌و خاوەنەکەیەوە ئەیخوێنمەوە. بارۆحیانەتم پێ نەزانێ ئەگینا ئەمجارە بفرێ جارێکی کە ناگەرێتەوە ناو جەستەم.

ئای رۆحە داماوەکەم چۆن تۆشم بەخۆمەوە توشکردوە؟ چۆن بەدەست منەوە گیرتخواردوە، ئەبێ لەوە دنیا چی لەمنو تۆ بکەن، ئەی نەگبەتی سەرسەخت، ئەی ئەو کاتە بۆکوی ئەفڕی؟
مامەگیان لەسەرەتادا زۆر بەهێمنی قسەی بۆ ئەکردین، بەڵام هێندەی پێ نەچوو گەرم بوو کەوتە قسەکردن لەگەڵ رۆحیانەتی خۆیدا، ویستم نەختێك هێوری کەمەوە، نەمتوانی چونکە ئەو کەوتبوە ناو قوڕو لیتەی خەمەکانی خۆیەوە، نەمانتوانی پەلی بگرین لەو لیتەیە دەریبێنین، بواری نەداین قسە بکەین، ئێمەش وەك مقەبامان لێهاتبوو بەدیاریەوە.
دوای بێدەنگیەکی کەم، بەدەم گریانێکی نهێنیەوە ئەیوت: داخی گرانم بۆ ئەو پیاوەی لەوە پێش نەمناسیبوو، هیچ زانیاریەکم لەبارەیەوە نەئەزانی، خەتای من بوو، ئەو کابرایە لەوەئەچوو بیەوێت ببێ بەهاورێم، ئەیویست لێم نزیك بێتەوە، بەڵام کەسمان ئەو هەنگاوەمان نەنا، بەداخەوە لەدورەوە خۆشمئەویست، ئەگەر هەفتەیەك نەمدیایە چاوم بۆ ئەگێڕا، کاتێك ئەمدی لەباخچەکەی بەرامبەرمان چۆن ئەڕوانێتە جوڵەی ئەو منداڵانەی یاریان ئەکرد، لەگەڵ هەرجوڵەیەکی ئەوانا بیلبیلەی چاوە دەرپۆقیوەکانی ئەمیش هەڵئەپەڕین، لەدوورەوە بۆ هەمویان پێئەکەنی، هیچ شتێکی لەدەورویشتی خۆی نەئەبینی، وای ئەزانی ئەم دنیایە لەو منداڵانە بەولاوە کەسی تری تێدانییە. ئەگەر منیش هاوخەمی ئەو نەبوومایە، وامئەزانی شێتە، بەڵام منیش بەوێنەی ئەو منداڵەکان خەمڕەوێنو ئازار شکێنم بوون. کاتێك بەتەنیا ئەمانەوە،

ئەو بەچەمکی کراسەکەی فرمێسکی غەریبی ئەسری، منیش فرمێسکەکانم هەڵئەگرت بۆ شەو لەناو جێگەکەما هەڵیانبڕێژم.
مامە گیان ئەو هەنسکەی لەو پیاوەدا دیومە هێشتا بەو منداڵانەشەوە نەمدیوە کە تازە لەگریان بونەتەوە، وەك چۆن کەسێك نیشتیمانی لەدەستدابێ، لەم دنیایە هیچ کەسێکی بۆ نەمابێ، هەتا ئەمرێ هەر بەتەنیا خەمەکانی کردۆتە کۆڵ، وەك چۆن کەسێك لەبەردەم تەرمی خۆیدا هەڵتروشکابێ، رۆحیانەتی لێ تۆرابێ، لەوە دنیاش لێی ونبووبێ، تەنیا هەر ئەم بەدوای رۆحیانەتیا وێڵ بێ. رووی کردە منو بەهادینو وتی:
- خۆزگە ئەمزانی ئەو مامۆستایە کێیە ئەم نامانەی بۆ نوسیوە هەرهیچ نەبێ ئەو لەمن زیاتر شت ئەزانێ مەگەر هەر ئەو بەتەنیا بتوانێت من دڵنیا بکاتەوە لەحەقیقەتی ئەو نوسراوەی منی خستۆتە دودڵیەوە، تێناگەم ئەم مناڵە چۆنو کەیو لەکوێ کەوتۆتە ژیانی ئەم پیاوەی دراوسێمەوە، هەبێتو نەبێت ئەو منداڵە کچەکەی منە، چونکە لەو نوسراوەدا حەیدەر باس لەڕوخسارو تەمەنو جلو بەرگی ئەو منداڵە ئەکات کە ناوی پەریە بەڵام ئەوان ناویان ناوە حەیات، ناوە راستیەکەیان نەزانیوە. ئەی خوایە گیان من چۆن بگەمە ئەو راستیە؟ ئەی چۆن بیدۆزمەوە؟ روبکەمە کوێو بەکێ بڵێم؟ ئەبێ دایكو دوو براکەی چیان بەسەر هاتبێت، لەوانەیە ئەوانیش مابن، کەواتە چاکم کرد ئەو جلانەم بۆ هێناون کە هاتنەوە لەبەریان ئەکەم. بۆیە هەموو جارێك ئەمووت ئەم کابرا عەرەبە نهێنیەکی حەشارداوە نازانێت چۆن دەریببڕێت ناچار نهێنیەکەی

لەو باخەدا بەتاڵ ئەکاتەوە، سەبووری خۆی بەو منداڵانە ئەداتەوە. زۆرم سەیر لێدێت هەردووکمان یەك خەیاڵو یەك مەراق سەری جەنجاڵ کردبووین کەچی کەسمان یەکمان نەئەناسی، ئێستا بەهۆی ئەو نامەیەوە ئەو ئەناسم.

بەردەوام بوو لەسەر قسەکانیو ئەیووت: هاورێیان داوای لێبوردنتان لێئەکەم ئێوەشم بەهۆی خۆمەوە گیرۆدەی خەم کرد، ناحەقم مەگرن زۆر بلێ بووم، ئەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵ ئەچێت هاتوومەتە ئەم وڵاتە بۆ نۆ چرکە قسەم لەگەڵ کەس نەکردوە، بۆ نۆ چرکە لەگەڵ کەس دانەنیشتوم، کەس شك نابەم بتوانم سەردانی بکەم، نەختێك مت بوو لەوەئەچوو بەسەر لاپەڕەکانی ژیانیدا بچێتەوە، زۆر شتی لەدڵابوو نەی ئەویست هەمووشتێك بۆ ئێمە بڵێت، کاتێك سەری هەڵبڕی فرمێسك ناو چاوی خنکاندبوو هاتە سەر باسی کچەکەی هەر لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە هەتا ئەو ڕۆژەی چوون بۆ ماڵی باپیرەیانو لەوێ بەرشاڵاوی ئەنفال کەوت، وتی:

- هەر بەتەنیا ئەم ژیانە ئەپێوم، تەمەنیشم ئەوەندە سەرکەوتوە توانای هیچ ئیشێکم نەماوە تا خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم. بڕوا بکەن ئەو کچەمان ئەوەندە بەزەحمەت بوو لەدایك ئەو پزیشکەی ناسیاوم نەبوایە بەمردووی لەدایك ئەبوو، کاتێکیش لەدایك بوو لەو پەریانە ئەچوو کە بەدەوری حەزرەتی مریەمەوە ڕاوەستاون، زۆر بەدەگمەن ئەگریا، لەناو بێشکەدا خەوی لێنەئەکەوت، ئەبوایە زوو دەستو قاچی بکەینەوەو ئازادی بکەین، ساڵە وەخت بوو کە پێی گرت هەرزوو وازی لەشیر هێناو کەوتە خواردن، ساڵە وەخت

زمانی پڕا لەدووساڵیدا بەتەواوی قسەی ئەکرد چەند دراوسێکان ئەیانویست بیبەن یاری پێبکەن نەمان ئەهێشت، ئەمانوت ئێوە وەرن لەماڵی خۆمان یاری بکەن، ئەو ڕۆژەی ئەڕۆشتن بۆ لادێ بۆ سەردانی ماڵی خەزوورم کچەکەم حەزی ئەکرد لای من بمێنێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی من دەوامم هەبوو نەئەکرا بەدیاریەوە بمێنمەوە، بۆیە ئەویشم لەگەڵ دایكو براکانی نارد، خۆم بردمن بۆ نەقلیات، هەر کە ئوتومبێلەکەیان کەوتە جوڵەو نەختێك لێم دوورکەوتەوە بۆ دواهەمین جار گوێم لەدەنگی کچەکەم بوو بەهەموو هێزو توانای خۆیەوە هاواری ئەکرد (بابە....بابە) ئێستاش گوێم لەو دەنگەیە، کە سەر ئەکەمە سەر سەرین لەدەنگی کچەکەم رائەچڵەکێم. لەو ڕۆژەوەی حەیدەر ئەمری خوای کردوە کاتێك ئەچم بۆلای منداڵەکانی ناو باخچەکە لێم ئەپرسن ئەی کوا پیاوەکەی هاوڕێمان؟ کە پێیان ئەڵێم ڕۆشتووە ئیتر نایەتەوە، مناڵەکانی لەمەڕ ئەو تێکەڵاوی منداڵەکانی ئەمبەربوون، لەنزیك منەوە یاریان ئەکرد، منیش وەك حەیدەر چەپڵەم بۆ لێ ئەدانو بۆیان پێئەکەنیم. کاتێك ئەڕۆن جێم ئەهێڵن ئەچمەوە قاوخەکەی خۆم، ئەچمەوە ناو باوەشی تەنیایی، فرمێسکەکانم هەڵئەگرم بۆ نیوەشەو بەپەنهانی ئەیانڕێژم. بۆ لەمەودوا نامەکانی دراوسێکەم یەکە یەکە لەم هۆڵەدا هەڵئەواسم ئەو یاریانەی هەڵی گرتوون بۆ منداڵان هەرهەموویان تێکەڵاوی ئەوانەی خۆمی ئەکەم بۆ هاودەنگی خۆم یاریان لەگەڵ دەکەم.

بۆ ئەمجارەش لێم ببورن زۆر هیلاك بوون بەدیارمەوە خوا ئەویش

بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، سەرفرازیش بۆ ئێوە دەخوازم.
دوای ئەوەی لەقسەکانی بۆوە، زۆر لێمان پاڕایەوە زانیاریی بدەینێ لەبارەی حەیدەرەوەو ئەو مامۆستایەی پەیوەندی پێوە هەبوو، ئێمەش ناونیشانی تۆماندایە پێمان وت ئەو مامۆستایەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێت، مامۆستا کاوەیە مامی منە.
ئەویش بڕیاریدا لەفرسەتێکا بگەڕێتەوە، سەرێکیش لەئێوە بدات.
دوای ماڵئاوایی بەڕێی کردین‌و هەتا ئەوسەری شەقامەکە دوامان کەوتبوو، دەستی لەسەر سنگی لانەبردبوو.
ئیتر سەرفرازی‌و تەمەن درێژیش بۆ جەنابتان ئەخوازین
برازات شۆڕش

# ٦

دوای بڕینی سەدان کیلۆمەتر لەئاسمانژدا هاوار لەفڕۆکەخانەیەکی وڵاتی تورکیا دابەزی، خۆی گەیاندە سەرسنوور، هەربەوشەوە سێ چوار کەس سواربوون بۆ سلێمانی، لەتاریکیدا هیچ دیمەنێکی نەئەبینی، ماندویەتی ڕێگا چاوەکانی هاواری کز کردبوو.

کە دنیا ڕۆشنایی تێکەوت گەیشتنە چێشتخانەکەی کانی وەتمان، هەریەکەو کورسیەکی راکێشا، شاگردەکەیان بانگ کرد، بەڵام هاوار لەبری ئەوەی نانێك بخوات، کەوتە گەڕان بەو ناوەدا وەك شتێکی لێونبووبێ. دە دوانزە ساڵ بەر لەئێستا لەگەڵ خێزانو منداڵەکانی، دوای سەردانی ماڵەخەزوورانی لەگەڕانەوەیاندا بۆ سلێمانی سەرێکیان لەم جێشتخانەیەدابوو بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، لەگەڵ دەستیشیاندا مەنجەڵێك ماستی مەڕیان کڕیبوو بۆ ماڵی خۆیان. هەرئەهاتو ئەچوو، سەیری ئەو شوێنەی ئەکردو لەبەر

خۆیەوە ئەیووت: ئەم چێشتخانەیە لەوەتەی هەیە وەك خۆیەتی کورسیەکانیشی نەگۆڕاون.
ئەگەر بانگیان نەکردایە لەوێ بەجێئەما، بیری چووبوو دابەزیوون بۆ پشوودان، ملی نابوو ئەیویست بڕوات بەرەو چیاو دۆڵو دەشتی ئەو ناوە.
سواربونەوە هەرلەوێوە هەتا ناوشار، لەگەڵ ماڵو منداڵیا چیان کردبوو، چیان خواردبوو، چیان وتبوو، هەرهەمووی هاتەوە بەرچاو، ئەگەر هەرخۆی بوایە بەتەنیا تێرو پڕ داخی دڵی خۆی بەفرمێسکەکانی ئەڕشت، بەڵام لەبەر نەفەرەکان دانی بەخۆیدا گرت، کە گەشتنە کۆنە بازگەکەی تاسڵوجە موچوڕکێك بەگیانیدا هات، وایئەزانی ئەو بازگەیەیە کە کاتی خۆی ئەمو فریشتەو مێردەکەی کەوتنە بەرشاڵاوی لێدانو سوکایەتی پێکردن لەلایەن عەسکەرو ئەمنەکانی بازگەکەوە، بۆیە ڕەنگی هەڵبزڕکاو دەمی وشك بوو، ئەیویست قسە ڕێکبخات نەوەك پرسیاری لێ بکەن.
بەلام کاتێك روانی کارمەندانی بازگەکە بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لەخەڵکەکە ئەکەن، ئاهێکی پیاهاتەوەو لەبەرخۆیەوە ئەیووت: (سوپاس بۆ خوا ئەم بازگەیە لەچیەوە بووە بەچی).
راستە هەموو بازگەیەك بۆ مەبەستی پاراستنی گیانو ماڵی دانیشتوانی شارەکەیە، نەوەك دەستێکی تێکدەر دزە بکاتو کاری خراپ بەئەنجام بگەیەنێت. تاسڵوجەیان بەجێهێشتو بست بەبستی ئەو ڕێگایەی تێکەلاوی یادەوەریەکانی ئەکردو سەری بەهەرچوار لادا بائەدا بۆ بینینی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە. کاتێك گەیشتنە

باخی بەختیاری ئەو زەماوەندانەی ئەهاتە بەرچاو کە کاتی خۆی خێزانەکان ئەیانگێڕاو کچو کوڕی گەنجو جوان بەهەڵپەڕکێو گۆرانی ئەو ناوەیان جۆش ئەدا. نەیئەزانی فریای کام لا بکەوێت بۆئەوەی دیمەنەکان کۆبکاتەوە، بەلای راستدا بەکرەجۆ بەلای چەپدا سەرچنار، بەرامبەریشی شارێکی جوان راکشاوە لەبەردەمی شاخی گۆیژەو لەهەرچوارلاوە چیاکان باوەشیان پیاکردوە نەك بیفڕێنن.
هاوار ئەیویست هەر لەوناوە دابەزێتو بەپێ بڕوات بۆ ناوەندی شار، بەڵام ماندویەتی رێگا رێی پێنەدا، زۆری پێنەچوو خۆیان کرد بەشاردا.
کاتێك گەیشتنە بەردەمی وەیس، هاوار بەدەنگێکی بەرز وتی تکایە من لێرە دابەزێنە، بەخۆیو جانتاکەیەوە چەند هەنگاوێك گەڕایەوە دواوە هەتا گەیشتە سەر مەزاری وەیسەکەی خۆی، ئەتوت هەر لەسویدەوە بەتایبەتی هاتووە بۆ سەر ئەو مەزارە. وەکو جاران چۆکی داداو دەستی خستە سەر کێلەکەیو لەبەر خۆیەوە ئەیووت: لەوەناچێت لەمن بەو لاوە هیچ کەسێکی تر بێت بۆ زیارەتی، دیارە ئەمیش وەك من بێکەس بووە، داخی گرانم بۆ رۆژانی رابردوو کاتێك ئەم ناوە بەر نەئەکەوت لەبەر سەیرانکەرو عاشقان، شاعیرەکان لەوەرزی بەهاردا سەرقاڵی نوسینەوەی جوانترین هۆنراوەی خۆشەویستی بوون، گوڵاڵە سورەو نێرگس لەم ناوەدا با ئەیشەکاندنەوە، سەماوەرو قۆریو پیاڵەی ماڵان تێکەڵاو یەك ئەبوون زۆربەی گەنجەکان لەدوای هەڵپەڕکێ تاکێك لەپێڵاوەکانیان لێ ون ئەبوو، دەمە دەمی ئێوارە ئەو رێگەیە رێچکەی ئەبەست لەکوڕی گەنجو ژنو منداڵ،

هەریەکەو شتێکی هەڵگرتبوو بەهێواشی ئەڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوە، کچەکانیش بەلەنجەو لار ڕێگاکەیان رازاندبۆوە. وەیسە گیان لەوە ئەچێت خەڵك بەرەو شوێنی دورتر بڕۆن، بۆیە لای تۆ چۆڵو هۆڵە، ئەو مەملکەتەکەی منیشی لێم سەیرانکەری تیا نییە، لەبەر سەرماو بەفربارین. بیرم ئەکردی کەسم نییە داخی دڵی خۆمی بۆ هەڵرێژم بۆیە هەردەم لەگەڵ خۆمدا قسە ئەکەم.

دوای دەربڕینی سکاڵای دڵی خۆی فاتیحای بۆ ناردو خواحافیزی لێکرد.

ئەو ڕۆژەی لەناو بازاڕ بردە سەرو شەوێ لەئوتێلێك مایەوە. بۆ سبەینی بەتەکسیەك گەیشتە بەردەمی ئەو ماڵەی ناونیشانەکەی لەسویدەوە وەرگرتبو کە ماڵی ئێمەیە. لەدەرگایدا کچەکەم دەرگای لێکردەوە بەشەرمێکەوە فەرمووی لێکرد.

- کچە جوانەکە بەیانیت باش.
- ژیانت باش.
- ئێرە ماڵی مامۆستا کاوەیە؟
- بەڵێ فەرموو.

دوای منداڵەکە کەوت هەتا بەر تارمەی ماڵەکەو لەوێدا وەستا.

کاتێك بینیم لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە کابرایەکی بەتەمەن بەخۆیو جانتایەکی بچوکەوە ڕاوەستاوە، چاوەڕوانی کەسێك ئەکات پێشوازی لێبکات، کچەکەم پێیوتم باوکە ئەو پیاوە بۆلای تۆ هاتووە.

منیش چومە دەرەوەو فەرمووم لێکرد بەبێ ئەوەی بزانم ئەو کەسە کێیە.

- بەیانیت باش.
- ژیانت باش فەرموو ئەمرکە.
- قوربان لەوانەیە نەمناسیت؟ من ناوم هاوارە، لەسویدەوە هاتوومەتەوە زیارەتی جەنابتان بکەم.

دەستم برد تەوقەی لەگەڵ بکەم، دەستیم بەرنەدا هەتا بردمە ژورەوەو گەلێك بەخێرهاتنم کردو هەواڵی شۆڕشی برازام لێپرسی، ئەویش سەرەخۆشی لێکردم بۆ مردنی حەیدەری هاورێم.

- کاك هاوار شۆڕشی برازام لەنامەکەیدا بەبۆنەی مردنی حەیدەرەوە بۆی ناردووم زۆر باسی جەنابتی بۆ کردوم منو تۆ هەتا ئێستا لەدورەوە یەکترمان ناسیوە، بەڵام خوای گەورە لەیەکتری نزیکخستینەوە، بۆیە بەبینینت پێخۆشحاڵبووم.

هاواریش بەسەرسامیەوە سەیری ئەکردم، وەك وێنەکێشێك بیەوێت بەراوردی سەرو روخسارم بکات لەگەڵ ئەو وێنەیەی لەمێشکیدا تۆمار کرابوو، بەپێی ئەو نامانەی لەسندوقەکەی حەیدەردا بوون، شۆڕشی برازاشم باسی منی بۆ کردبوو، دوای تێڕوانینێکی زۆر وتی: «سبحان الله» لەگەورەیی خوا، بڕوا بکە تۆ ئەو کەسەی کە زۆربەی شەو لەخەوەکانما لەگەڵما بوویت.

دوای باسکردنی هەموو ئەوشتانەی مێشکی جەنجاڵ کردبوو، وتی: مامۆستا کاوە، من هاتوومەتەوە بۆئەوەی بگەڕێم بەدوای کچەکەمدا، چونکە توشی دوودڵی بووم لەمانو نەمانی، ئەمەوێ بگەم بەئامانجێك مێشکم یەکلای بکاتەوە. مامۆستا گیان من کابرایەکی بێکەسو تەنیام، ئەگەر کەسێك نەبێ دەستم بگرێو یارمەتیم بدات، ئەو کارە

گرانە بەمن ناکرێت، بۆیە پەنام هێناوەتە بەرتۆ، چونکە ئەزانم تۆ پیاوێکی خەمخۆریت سەرەداوێك لەو بەسەرهاتەت لەلایە بتوانم بەهۆیەوە دوای بکەوم.

منیش پێم وت: پەلە مەکە، جارێ باپشوویەك بدەیت ئەوکاتە خوا گەورەیە، چیش بەئێمە بکرێت لەخزمەتتداین.

بۆ عەسر هەردوکمان لەماڵ چوینە دەرەوە، هاوار داوای لێکردم بەپێ برۆین بۆ گەرەکەکەی منالی خۆی.

بەدەم رێوە پێمووت: ماڵی ئێمەش لەچلەکاندا هەتا سەرەتای ١٩٥١ لەوناوە بوین.

کە گەیشتینە کۆلانێکی باریکی یەك مەترو نیوی، لەبەردەمی ماڵێکدا راوەستاین، هاوار یەك دوو چەپۆکی کێشا بەدەرگای ماڵەکەدا، دوای دوسێ چرکە ژنێکی ورگنی خریلە هاتە دەرەوە وتی: فەرموون.

هاوار لێی پرسی: ئێرە ماڵی باجی فاتمە؟

ژنەکە وتی: نەخێر.

- ئەی زەحمەت نەبێ ئەو ماڵەی ئەوبەر کە دەرگاکەی زەردە، ماڵی کاك جەمالە؟

ژنەکە دیسان وتی: نەخێر، کاکە ئێوە ماڵی کێتان ئەوێ؟

- خوشکی باش جاران ماڵمان لەم خانوەی ئێوەدا بوو، منیش دەمێك بوو ئەم ناوەم نەدیبوو، ویستم بزانم وەك خۆی ماوە.

ژنەکە دەمێکی بۆ پان کردەوە فەرموی لێکردین و هاواری لەمنداڵەکەی کرد، پڕ جامێکی حەمام ئاوی شلەتێنیان بۆ راگرتین، ئێمەش بۆ تەبەروك سەرو قوممان لێداو خواحافیزیمان لەژنەکە

کرد.

دوای گەرانێکی زۆر بەناو شارا، دەستی راگرت بۆ تەوقەی خواحافیزیو سوپاسکردنم لەپێشوازیکردنیو پێکەوەبوونمان هەتا ئێوارە، چەند لەگەڵی خەریك بووم بێتەوە ماڵی خۆمان، بەڵام دیاربوو زیاتر حەزی لەئوتێل بوو، بۆئەوەی بەئازادی هەڵسوکەتی تیا بکات.

بۆ بەیانی کەوتە گەران بەو شوێنانەی پربوون لەیادەوەری جارانی هەر لەمنداڵیەوە هەتا ئەو چایخانەیەی کورە گەنجەکەی لێدانیشتبوو چاوەروانی ئەوەی ئەکرد رێگای سلێمانی- دوکان بکرێتەوە، ئەوە بوو کە رێکرایەوە ئەو کورە گەنجە نەگەیشتە ماڵی باوکی، کوژرا.

هاوار بەسەر هەر یادەوەریەکدا ئەچووەوە هیچی لەوەی تریان کەمتر نەبوو لەرووداوی دڵتەزێنو ناخۆش، دواجار لەماڵی دکتۆرە فریشتە خۆی بینیەوە، کاتێك چاویان بەیەکتر کەوت، ئەو رۆژەیان لەلا نوێ بوەوە کە نامەکەی بۆ نوسیبوو، ئەو رۆژەی مامۆستای کورەکەی فریشتە بوو، هەموو ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی یەخەی هاواری گرتبوو.

رۆژی دوایی بەئاگاداری ئێمەو خواحافیزیکردن لەفریشتە، هاوار ناونیشانی مستەفا (شۆفێرە هاورێکەی حەیدەری) هەڵگرتو رۆی بەرەو بەغدا، دوای دوو رۆژ پرسیار لەمو لەو مستەفای دۆزیەوە، بەهەمان کاری شۆفێریەوە خەریکبوو لەناو شاری بەغدا، بەڵام تەکسیەکەی ئەمجارەی تازەترو پاکتربوو. کاتێك هاوار هەواڵی مردنی حەیدەریدا بەگوێی مستەفادا، ئەو پیاوە وەك کەسێکی باوك مردە تارمایی خەمێکی گەورە رووی داپۆشی.

بەیانیەك زوو بەدوفۆڵی کەوتنە ڕێ بەرەو ئەو شوێنەی دەوارەکەی لێهەڵدرابوو، کچە بچکۆلەکە درابووە دەست ماڵی ئەبو مەهدی، دوای چەند کاتژمێرێك گەیشتنە شوێن دەوارەکە، کاتێك دابەزین هاوار خۆیدا بەئەرزاو چوار مشقی لەسەر ئەرزەکە دانیشت، بەتەما نەبوو ئەو ناوە بەجێبهێڵا، وەك چۆن نابینایەك تەسبیحەکەی دەستی ئەپچرێتو هەردەنکەی بەلایەکدا بڵاو ئەبێتەوە دەست ئەگێڕێت بۆ دۆزینەوەی دەنکەکان، هاواریش بەو شێوەیە هەردوو لەپی دەستی ئەگێڕا بەچوار دەوری خۆیدا، مشتێك لی هەڵئەگرتو ئەینا بەلوتیەوە، تێر تێر بۆنی ئەکردو لەبەرخۆیەوە ئەیوت: تەواوە بۆنی کچەکەمی لێدێت.

بەزەردەخەنەیەکی پڕ لەسۆزو خۆشەویستیەوە سەیرێکی مستەفای ئەکردو ئەیوت کچەکەم لەم ناوەدا یاریی کردوە بۆیە ئەم خاکە بۆنی ئەوی گرتووە.

مستەفای شۆفێریش بەمەزەندەی ئەقڵی خۆی بەنوکی پێڵاوەکەی دەستنیشانی ئەو چاڵە بچوکانەی ئەکرد کە کاتی خۆی کچە بچوکەکە بەچنگ هەڵیکەندبوون، هاواریش یەك یەك ئەگەڕا بەسەر ئەو شوێنانەداو دەمو لوتی تێهەڵئەسوو.

ماوەیەکی زۆر لەو ناوە مانەوە دواجار شۆفێرەکە پێیوت: هەرکە منداڵەکەمان لێ ون بوو لەگەڵ حەیدەری ڕەحمەتیدا ئەم بیابانەمان بست بەبست پێوا، هەرچی شارو شارۆچکەی ئەم ناوە هەیە هەمووی گەڕاین، وەك موختار کوناو کون بەدوای کچەکەو ماڵی ئەبو مەهدیدا وێڵ بووین، بۆمان نەدۆزرایەوە، چونکە دەوار نشین

ناونیشانیان نییه، وەك جنۆكە وان هەر دەمەی لەشوێنێكی ئەم بیابانە گەورەیەدان، تەنانەت حكومەتیش ناتوانێت بیاندۆزێتەوە، لەبەرئەوەشە هیچكام لەو دەوار نشینانە عەسكەری شمولیان ناكات، چونكە بەكەس ناگیرێن، لەبەرئەوە كاكە هاوار چۆن هاتویت هەروا بگەڕێرەوە، تەنیا دڵی خۆت بەوە خۆش بكە كە كچەكەت ماوە، بەڵام ناوی لەناو لیستی (ونبوكاندایە) ئەگەر لەم دنیایەش نەیدۆزیتەوە، بەئیزنی خوا لەودنیا یەك ئەگرنەوە.

هەتا دوای نیوەڕۆیەكی درەنگ لەو ناوە سوڕانەوە، دواجار دەستیكردە ملی مستەفاو گەلێك سوپاسی كرد كە ئەو پیاوەتیەی لەگەڵ كردوە، ناونیشانی خۆیدایەو پێیوت: ئەگەر هەواڵێكت بەرگوێ كەوت لەبارەی كچەكەمەوە بەڵكو بەنامەیەك ئاگادارم بكەیتەوە. ئەویش بەڵێنی پێدا كەمتەرخەمی نەكات. پێش ئەوەی سوار بن‌و بگەڕێنەوە بۆ بەغدا لەو جێگایەی دەوارەكەی لێهەڵدرابوو هەردوو گیرفانی چاكەتەكەی پڕ كرد لەخۆڵ‌و لمی ئەو شوێنە.

بەدرێژایی ئەو ڕێگایە هاوار فرمێسكی نائومێدی ئەرشت، تاوتاوێك دەستی ئەكرد بەگیرفانی چاكەتەكەیداو مشتێك خۆڵی دەرئەهێناو بۆنی ئەكرد، ئینجا ئەیكردەوە ناو گیرفانی، سەیرێكی مستەفای ئەكردو ئەیوت: بۆنی كچەكەمی لێدێت.

هاوار گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی لادێكەی ماڵە خەزورانی كرد كە تەنیا شەش ماڵ گەڕابونەوە، ئەوانیش پاشماوەی ئەو ڕۆژە سەختە بوون، ئەمان زووتر فریای خۆیان كەوتبوون پێش هێرشەكە ئەو ناوەیان بەجێهێشتبوو، وانەبوایە چارەنوسی

ئەمانەیش لەوانی تر باشتر نەئەبوو.
لەگەڵ گەشتنی بۆ ناو دێکە لەئوتومبیلەکە دابەزی، سەری هەڵبڕی روویکردە ئاسمان روانی بەهەمان رۆژگاری جاران کۆمەڵێك کۆتری سپیو باینجانی بەسەر ئەو گوندەدا ئەفڕن، هەرچەند ئەگەیشتنە هێلانەکەیان ئەکەوتنە تەقلە لێدانو خۆ نواندن بۆ خاوەنەکەیان، خاوەن کۆترەکانیش کوڕێکی تازە هەڵکەوتوی باڵابەرز بوو، بەپەڕۆیەکی سورەوە وەڵامی کۆترەکانی ئەدایەوە، هاواری ئەکرد (بفڕن...بفڕن مەنیشنەوە...ئەگەر منیش باڵدار بومایە هەر ئەفڕیم...هەر ئەفڕیم...هەرگیز نەئەنیشتمەوە).
هاواریش خۆی بۆ نەئەگیراو بەدەم گریانەوە ئەیوت: بەڵا بفڕن مەنیشنەوە، بانەتانبەن، نەتانخەنە ژێر خاكو لی ئەو بیابانە.
ئا ....ی ئەو کۆترانە نەوەی کۆترەکانی جارانن کە ئەوان بوون بەچاوی خۆیان کارەساتەکەیان دیبوو، خۆزگە لەزمانی باڵندە تێئەگەیشتم بۆئەوەی ئەو نەهامەتیەم بۆ بگێڕێنەوە، تا بزانم منداڵەکانم چیان بەسەرهاتووە، دیارە کۆترەکانی ئەوکاتە بەسەرهاتەکەیان بۆ نەوەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە، ئەمانیش هەموو شتێك ئەزاننو دەماو دەم بۆ هەزاران ساڵی داهاتوو ئەیگێڕنەوە.
ئاوڕێکی دایەوە بۆ درەختەکانی دەورو پشتی، یەك چۆلەکەی نەبینی دیاربوو چۆلەکەکان بەڕاستیان بوو کە ئەیانووت: هەرگیز ناگەڕێینەوە بۆ ئەم ناوە.
لەو هاتووهوتەی مێشکە جەنجاڵەکەی خۆیدا بوو، کۆمەڵێك منداڵی زەردوو سور بەدوای بەرخۆلەیەکدا رایان ئەکردو باوەشیان بە

بەرخەکەدا ئەکرد، کاتێك گەیشتنە بەردەمی هاوار هەموو راوەستان لەبەردەمیداو ئەیانووت مامۆستا بەخێربێیت، نەقڵ بوویت بۆ ئەم دێیە؟

مامۆستا هاواریش زەردە خەنەیەك نیشتە سەرلێویو پێی وتن: هاتووم بەمیوانیتان میوان رائەگرن؟

هەمو بەیەك دەنگ هاواریان کرد: بەڵا بەخێربێیت.

خەڵکی دێکە کۆبونەوە، بریتی بوون لەچوار پیاوی خاوەن ژنو منداڵو چەند کورێکی هەرزەکارو دووسێ کچی جوانکەلەو چوار ژنی کەڵەگەت.

میواندارییەکی گەرمی هاواریان کرد، هەندێکیان ناسیانەوە کە کاتی خۆی مامۆستای ئەو دێیە بووە. دوای پشوویەکی کەم ویستی سەردانی گۆڕی دایکی بکات کە لەودێیە نێژرابوو. خەڵکی دێکەش لەگەڵیا رۆشتن بۆ سەرقەبران. بەگەشتنیان هاوار باوەشی کرد بەگۆڕەکەی دایکیاو کەوتە لاوانەوە بۆ ئەو رۆژە سەختانەی دایکی ئەیبردە سەر لەبەر تەنوری گەرمو تێکۆشانی لەپێناوی دابینکردنی پێداویستی بۆ خۆیو کورە تاقانەکەی.

بەدەم گریانەوە ئەیووت دایەگیان خەمت نەبێ ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە لەچارەنوسمان نووسراوە، ئەم ژیانە هەڵبژاردەی دەستی خۆمان نییە، ئەم بەشەرەش نابێ هەمووی وەك یەك بژی، چیبکەین؟ ناخۆشیەکەی بەرئێمە کەوت، ناچارین وەکو باوکم پێی شوکر بین.

دوان لەو پیاوانەی لەگەڵی بوون ویستیان دەس بدەنە باڵیو

هەڵیبستێنن، یەکێك لەریش سپیەکان وتی: وازی لێبێنن با ئەو خەمەی لەدەرونیا کۆبۆتەوە لەسەر گۆڕی دایکی هەڵیڕێژێت، نەیباتەوە بۆ هەندەران، ئێمە فرمێسکمان پێ نەما ئەوەندە گریاین بۆ کەسەکانمان، سکاڵای دڵی خۆمان هێناوەتە سەر ئەم گۆڕستانە، هەر مردوەکان گوێمان لێئەگرن ئەگینا کەس شك نابەین گوێ لەناڵەو گریانمان بگرێت، کەسیش نازانێ کەسەکانمان چیان بەسەرهاتووە.
نەیانهێشت مامۆستا هاوار بگەڕێتەوە، بۆیە ئەو شەوەی لەو دێیە بەسەربرد، بۆ بەیانیەکەی گەڕایەوە بۆ سلێمانی سەردانی گۆڕی باوکیشی کرد لەوێش گەلێك فرمێسکی هەڵڕشت.
لەماوەی هەفتەیەك مانەوەی لەسلێمانی سەردانی قوتابخانەکەی کردو هاورێ مامۆستاکانی بەسەرکردەوە. گەشتەکەی مامۆستا هاوارو سەردانەکەی بۆ نیشتمان گەشتێکی جیاواز بوو، ئاواتەکەی نەهاتە دی، دیارە ئەمیش وەك حەیدەر بەو ئاواتەوە سەرئەنێتەوە، یادگارییەکانی حەیدەر لەلای هاوار کۆبونەوە، بەڵام لەدوای هاوار کەسێك نابێ ئەو یادگاریانە بپارێزێت، هەرهەمووی لەچاو ون ئەبن.
دوای ئەوەی هاوار خۆی کۆکردەوە بۆ سبەی بەرەو هەندەران بڕوات، ئەو شەوە من خەو نەچووە چاوانم، خەمێکی گەورە تێمئالا، هەتا بەیانی تلی پێدام، بەیانی زوو نوێژەکەم کرد خۆم گۆڕی بەرەو نەقلیاتی ڕێی ئیبراهیم خەلیل ڕۆشتم، چاوەڕوانی مامۆستا هاوارم ئەکرد، کاتێك هاتوو منی بینی سەری سوڕما، لێم هاتە پێشەوەو وتی: مامۆستا کاوە خێرە بەم بەیانی زووە لێرەیت؟
- هاتووم بەرێت بکەم، بۆ دواهەمین جار بتبینم نەوەك تەمەن

ڕێمان پێنەدا یەکتر ببینینەوە، لەگەڵ دەستیشم دیاریەکم پێیە، ئەمەوێ پێشکەشی بکەم بەتۆ، چونکە خۆت خاوەنی ئەو دیاریەیت.
تورەکەکەی حەیدەر بەئامانەت دابوی بەمن، دامە دەستی کاتێك کردیەوە بوکەڵەیەکی شەلی تیابوو.
زەردە خەنەیەك کەوتە سەرلێوی، هێمای کۆمەڵێك پرسیار لەچاویا کۆبوو بۆوە، سەیری لێهات لەناخەوە خۆی بەخۆی ئەوت، تۆ بڵێیت مامۆستا کاوە بیەوێت شتێکم پێبڵێت بۆیە بەم بەیانی زووە ئەو بوکەڵە شەلەم پیشان ئەدا؟
بووکەڵەکەی بەدەستەوە بوو، چاوەکانی لەناوچاوما مەلەیان ئەکرد نەیئەزانی چۆن پرسیارم لێبکاتو بڵا ئەمە چییە، لەڕووشی نەئەهات کارەکە بەگاڵتە بزانێت، منیش بۆئەوەی زووتر خۆم بدەم بەدەستەوەو ئەویش لەو دوودڵییە رزگارکەم پێموت: کاکە هاوار داوای لێبوردنت لێئەکەم، بڕوا بکە چەند ڕۆژە لێرەیت بیرو هۆشم نەبوو ئەم شتەت پێشکەش بکەم ئەمشەو درەنگوەخت بیرم کەوتەوە، کە من ئامانەتێکم لەلایە ئەبێ بیدەمەوە دەست خاوەنەکەی، ئەمانەتەکەش ئەم بوکەڵە شەلەیە، کاتی خۆی بەدەست کچەکەتەوە بووە، حەیدەر بۆی کریبوو بەڵام کەماڵی ئەبوو مەهدی لەو ناوە نامێنن ئەم بوکەڵەیە فڕێ ئەدرێت، حەیدەریش وەك یادگارییەك هەڵی ئەگرێتەوە، دواجار بەئامانەت ئەیداتە دەست من بۆی بپارێزم، منیش ئەمەوێت ئەو ئامانەتە بگاتە دەست باوکی کچەکە، کە ڕەنگە جەنابت بیت.
هاوار خەریك بوو پەشیمان بێتەوە لەسەفەرەکەی، وای ئەزانی

کچەکەیم دۆزیوەتەوە، لەخۆشیدا ئەوەندە توند باوەشی پیاکردم خەریك بوو بڕبڕەی پشتم بشکێنێ، پڕ بەو ناوە هاواری ئەکرد خوایە گیان شوکرم بە بەشت.

ئەمجارەیان گریانەکەی پڕبوو لەخۆشیو پێکەنینی ناچاری، دڵی نەئەهات بەجێمبێڵا، بەدیارمەوە وشك بووبوو منیش هێنامەوە هۆش خۆیو پێموت: کاکە هاوار خۆت دوامەخە، لەو شتەی پێی گەیشتویت زیاترت دەست ناکەوێ، لەبەرئەوە ناوی خوای لێبێنەو سەفەرەکەت بکە.

هەتا خستمە ناو سەیارەکەوە بەدیاریەوە بووم، کاتێك کەوتە ڕێ منیش وەك ئەو دڵم پڕبوو، خۆم بۆ نەگیرا برێك بۆی گریام.

هاوار ڕۆشتو دوای گەشتێکی بێ ئەنجام گەڕایەوە بۆ مەملەکەتی ونبوەکان.

وەك جەستەیەك ڕۆحیانەتی تیا نەمابێ، وەك منداڵێکی ساوا لەناو بێشکەدا جێمابێ، یان ڕۆمانێکی دەستنوس کەس نەزانێ چی تێدایە، هەر بەتەنیا نووسەرەکەی  شەوانە بەدەم خەوەوە هەرئەیڵێتو ئەیڵێتەوە تا خپ ئەبێ.

هێشتا مابووی خۆر دەرکەوێ، هاوار ڕۆشتو لەچاوو ونبوو، فریانەکەوت بۆ دواهەمینجار خۆر ببینێ لەوساتەدا کە لەسەر شاخی گۆیژە چاو هەڵدێنێو بەیانی باش لەشار دەکات.

هاوار ڕۆشتو بەدوای خۆیدا چیرۆکێکی پڕ لەخەمی بۆ جێهێشتین. منیش وەك شتێکم ونکردبێت لەناو دەریای بیرکردنەوەکانما ونبووم، سەری کاسم دانەواندو هەردوو دەستم لەپشتمەوە لەیەك ئاڵان، ملی

ڕێمگرت بۆ ماڵەوە.

لەبەردەمی ماڵەکەمدا هەستم بەماندوێتی کرد، ڕاوەستامو بەلەپی دەست کێشام بەدەرگای حەوشەدا، گڤەی فڕینی چۆلەکەکانی سەر دارتوەکە لەو گێژاوە دەریانهێنام.

ئەوان فڕین، ئەوەندە بەرزبونەوە لەچاو ونبوون، باوەڕناکەم جارێکی تر ئەم دارتوە بدۆزنەوە، چۆلەکەکانیش ڕۆشتنو لەمن ونبوون.

# لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی

# یەکێتی ژنانی کوردستان

-خەرمانی یەکەمین فیستیڤاڵ

٢-ژن لەدنیای کاریکاتێردا

٣-ئەنفالی سیّو کاریگەرییە....    ن/ هێمن باقر –

بەرهەم عومەر

٤-روخساری ژن لەجیهاندا – ئوستورالیا    و/ شەیدا سەڵاح

٥-ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا    و/ سۆزان جەمال

٦- روخساری ژن لەجیهاندا – تایلەند    و/ شەیدا سەڵاح

٧-حەرەم سەرا    و/ لەیلا عەلی

٨- عەشقو خۆشەویستی لەنێوان وەهمو خەیاڵدا    ن/ سەروەر کەریم

٩- جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمەدەکرێت    و/ شۆڕش محەمەد حسێن

١٠- پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا    ئا/ کنێر عەبدوڵڵا

١١- گوناهەکانی ژن بوونو ستەمەکانی جەستە    ئا/ لەیلا عەلی

١٢- ژن لەبازنەیەکی داخراودا    ن/ کنێر عەبدوڵڵا

١٣- روخساری ژن لەجیهاندا – ژاپۆن    و/ شەیدا سەڵاح

١٤- بێ یاری هیچ گەشەکردنێک نابێت    و/ سەمەد مەلا ئەحمەد

١٥- فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوونو شیعردا    ن/ شیرین تاهیر

١٦- تابەیانی    ن/ لەیلا سیمایی

١٧- ژنانی شاخ    ئا/ روخۆش عەلی

١٨- کارابوونی ژنان لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا    و/ کامیل محەمەد قەرەداغی

١٩- ئازارەکانی من    ئا/ ئاواز عەبدوڵڵا- سۆران مەهاباد حەمەڕەزا

٢٠- کاریگەریی ژینگەکانی کارکردن    ئا/ کاروان نورەیی – باخچە جەبار

٢١- گوناهە سپییەکانی باران    ن/ ئاورین فەرەیدون

٢٢- ژنو سۆسیالیزم    و/ ماردین جەلال

٢٣- قاقڕ    و/ عەلی بیروەندی

٢٤- سوعاد    و/ نوری کەریم

٢٥- گوڵێک لەبیابانی ئەفریقا    و/ نوری کەریم

٢٦- بەبێ کچەکەم هەرگیزنا    و/ نوری کەریم

٢٧- ئایدز    ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم

| | |
|---|---|
| ٢٨- كوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٢٩- پاڵنەرەکانی خۆسووتاندنی ژنان | ئا/ ئاواز عەبدوڵڵا |
| ٣٠- شیرپێدانی سروشتی | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣١- ڕەوتەکانی فیمینیزم | و/ کارزان محەمەد |
| ٣٢- توندوتیژیی دژی ژنان لەیۆنانی کۆنەوە | سەروەر کەریم — شادیە حەسەن |
| ٣٣- بەشداریکردنی سیاسی ژنان | و/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٣٤- پایزێک بەپاڵتۆی کانوونێکەوە | ن/ ڕۆژ هەڵەبجەیی |
| ٣٥- سنووردانان بۆ منداڵبوون | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣٦- یەڵدا | و/ ئارام سۆفی |
| ٣٧- ژنو پیاوو ئاکاری سێکسی | و/ دڵشاد خۆشناو |
| ٣٨- بەخەونی گوڵێک ئەم هەورە... | ن/ شیرین تاهیر |
| ٣٩-کاریگەریی توندوتیژیی... | چۆمان ئەحمەد، بژار شەهابەدین، گوڵشەن ئیبراهیم |
| ٤٠- کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٤١- پێمدەڵێن | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٤٢- غرووڕەکانی کچێک | ن/ سەبا ئەحمەد |
| ٤٣- ژنو کێشەکانی | ن/ ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤٤- توندوتیژیی بنەماڵەیی | ن/ چنوور فەتحی |
| ٤٥- ساقی | و/شەهلا حەمەڕەشید |
| ٤٦- فەرهەنگی زاراوە وەرزشییەکان | د. عاسی فاتح وەیس |
| ٤٧- بەردی سەبووری | و/ ئارام سۆفی |
| ٤٨- مامەڵەی خێزانو هەرزەکاری | ئا/لەیلا عەبدوڵڵا- چۆمان ئەحمەد |
| ٤٩-ژنان لەبزاوتندا | و/ یادگار حەمەغەریب |
| ٥٠- لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی | ڕێبوار سیوەیلی |
| ٥١- کۆلارەباز | و/ ئارام سۆفی |
| ٥٢-هاوسەرایەتیو ئەخلاق | و/ دڵشاد خۆشناو —ئاسۆ ئیسلامپەنا |
| ٥٣-خۆشەویستی لەسەردەمی نەوتدا | و/ جیڤارا کەمال |
| ٥٤-ژنانی شێوەکار لەباشووری کوردستان | ئا/ بەختیار سەعید |
| ٥٥-توندویژی خێزانی | ئا/ حەسیبە عبدالله کریم- نوخشە فتاح نوری |
| ٥٦- سورمێ | مەدیحە سۆفی |
| ٥٧- ونبوون | عەبدولواحید ساڵح |



# unbûn

